
# ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیران لەنێوان گوتاری ڕەخنەیی ئەقڵانی و گوتاری ڕەخنەیی ئایدۆلۆژیدا


لـــــه هەمـــوو کۆمەڵگەیەکـــدا ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیران یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی ئـــەو کۆمەڵگەیە، کەواتە ڕۆشـــنبیران لە هـــەر کۆمەڵگەیەکدابـــن ئەرکیان ئەوەیـــە ڕەخنە لە کەموکورتیەکان بگرن، ئەمە ئەرکی هەر ڕۆشنبیرێکە نەک تەنیا ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیـــە بە بۆچوونی من ئەو میتۆدەی ڕۆشـــنبیرانی پێهەڵدەســـەنگێنرێت، کاری ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە لـــەو کۆمەڵگەیە ئەنجامیانـــداوە، هەر بۆ نموونە دەپرســـین: ئایا لەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز بووە؟ ئایـــا نائومێدی باڵی بەســـەر کۆمەڵگەدا کێشـــاوە؟ ئایا لێبوردەیی و فرەیی لەو کۆمەڵگەیە بوونی نەبووە یان هەشـــبووبێت لاوازبووە؟ ئەگەر ئەمانە هەبووبن ئایا ڕۆشـــنبیران هەستاون بەسەر ئاســـتەنگەکاندا و زاڵ بن و ژینگەیەکی سیاســـیی و ئەخلاقی کراوەتر دروست بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیر دیاری دەکات.

من لێرەدا تەنیا مەبەســـتم چەند ڕۆشنبیرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە کە خۆیان کردۆتە کۆیلەی مارکسیزم یان ئیسلامی سیاسی، بەڵکو مەبەســـتم ئەوەیە هۆکاری ســـەرەکی دواکەوتنـــی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە و شکســـتهێنیان لە پرۆسەی چاکســـازی و وەرچەرخانـــدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەو ڕۆڵی ڕۆشـــنبیر بەپێـــی کارەکانیـــان لـــە کۆمەڵگـــە هەڵناســـەنگێنرێن، بۆیە گرنگە لێرەدا مەسەلەکان لێکجیابکرێنەوە)).



شلۆمۆ ئەڤێنری






دەیڤید کاتلەر بۆ گوڵان:

# زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرن و زۆرێک لە ڕۆشنبیرانیش لە ڕێی ڕۆژنامەنووسانەوە بە جەماوەری خۆیان دەگەن، بەڵام ڕۆڵیان هاوشێوە نییە

ئیدوارد سەعید لە پێناسەی ڕۆشنبیردا دەڵێت: (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە توانای وتنی ڕاستییەکانی هەیە)، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وتنی ڕاستییەکان چۆن و بە ڕووی کێدا؟ بێگومان وەڵامی ئەمە ئاسانە و ڕۆشنبیر دەبێت توانای وتنی ڕاستییەکانی بەو ئاستە هەبێت کە دەسەڵات گوێی لێبێت و ڕاستییەکانی ئەویش ببنە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵات بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا وەك ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێت ڕۆشنبیران چینێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆن، یان هەر چینێکی کۆمەڵایەتی توێژێکی ڕۆشنبیری خۆی هەیە؟ یان بەواتایەکی دیکە ئایا دەکرێت هەموو کەسێك لە کۆمەڵگە بە ڕۆشنبیر ناوزەد بکەین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەداو سەبارەت بە پرسیاری یەکەمیان، هیشام شەرابی بیرمەندی عەرەبی پێیوایە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی توێژێکی ڕۆشنبیری خۆی هەیە، سەبارەت بە پرسیاری دووهەمیشیان، ئیدوارد سەعید پشتگیری لە بۆچوونەکەی گرامشی دەکات و پێیوایە بەڵێ هەموو کەس لە کۆمەڵگە ڕۆشنبیرە، بەڵام هەموو بە ئەرکی ڕۆشنبیر هەڵناستن.

کەواتە ئەم چەند دێرە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیر ئەو ئەرکە دیاری دەکات کە لەناو کۆمەڵگە دەگیرێت، نەك ئەوەی لەناو کۆمەڵگە دەیڵێت، لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە زۆر کەس هەن دەتوانن لەناو کۆمەڵگە قسە بکەن و دەتوانن بیروبۆچوونی خۆیان بخەنە دەربڕن یان کاریگەریشیان لەسەر ڕای گشتی هەبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە قسەکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕای گشتی بەکام ئاراستە؟ سەبارەت بەم پرسە پرۆ فیسۆر شلۆمۆن ئەڤێنری بیرمەندی جوو لە بابەتێکیدا بەناونیشانی (سکۆلاریزم، ناسنامەی نیشتمانی، ڕۆڵی ڕۆشنبیران - Secularism، national identity، and the role of the intellectual (دەپرسێت، ئایا گۆبلز وەزیری ڕاگەیاندنەکەی هیتلەر کاریگەری لەسەر ڕای گشتی نەبوو؟ ئایا ستالین و لینین خاوەنی فیکر و هزر نەبوون و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە نەبووە؟ ئەم پرسیارەی ئەڤێنری بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ڕۆشنبیران دەبێت بزانن چی دەڵێن و کاریگەریان لەسەرچی دەبێت، هەربۆیە ئەڤێنری ئەرکی ڕۆشنبیر گرێدەداتەوە بە کاریگەریان لەسەر چاکسازی و وەرچەرخانی کۆمەڵگە بەرەو دیموکراتی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان هەبێت، ئەمەیە پێمان دەڵێت ئەرکی ڕۆشنبیر ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانییەتی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە و چاکسازی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی نەك وەك ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بوونە کۆیلەی ئایدلۆژیەتی مارکسیزم یان ئیسلامیزم. سەبارەت بەو بارودۆخەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ڕاشکاوانەتر ئەو ڕۆشنبیرانەی باکگراوندێکی عەرەبی و ئیسلامیان هەیە، ڕامین جیهانبەگلو بیرمەندی ئێرانی لە موحازەرەیەکیدا دەڵێت: (یەکێك لە گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، ڕۆشنبیرەکانیان ئەو توانایەیان نییە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن و بپرسن ئێمە کێین؟ ئایا پسپۆڕ و تایبەتمەند و پیشەگەرن و لەگەڵ بازاڕ مامەڵەدەکەن و بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بازاڕ و سیاسەت خۆیان دەگونجێنن؟ یان سەربەخۆن و تەنیا پابەندن بە وتنی هەقیقەت و دیانەوێت دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی ڕای گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ بەگلو سەبارەت بەم پرسیارە نائومێدی خۆی پیشاندەدات بەوەی تائێستا ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیران نەیانتوانیوە دەستبەرداری ئەو نەریتە فیکرییە ببن کە پێشتر لە ئایدلۆژییەکانی مارکسیزم و ئیسلامی سیاسیدا پیادەکراون، لەمەش خراپتر بەرهەمە مەعریفییەکانی خۆیان ئاوێتەی ئایدلۆژیەتی سیاسیی کردووە و ئاراددەیەکی زۆر خیانەتیان لە ئەرکی خۆیان وەك ڕۆشنبیر کردووە و ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەو شێوەیە پیشانداوە کە لەگەڵ مەبەستەکانی خۆیان یەکبگرێتەوەو چاویان لە ڕاستییەکان و واقیع پۆشیووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبووە لەبری ئەوەی ڕۆشنبیران ببنە هاندەرێك بۆ بونیادی گوتاری ڕەخنەیی ئەقلانی و کاریگەریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هەبێت، بوونەتە یارمەتیدەر بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدلۆژیەتی سیاسیی، پارتە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی نێو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان هەوڵیانداوە ڕۆشنبیران بۆ فراوانکردنی نفوزی سیاسیی خۆیان و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەکاربهێنن، ئەم بارودۆخەش کە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی هەڵە

خۆی تێدا بینیووەتەوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانن چاودێری ئەوە بکەن بەزۆر بیروباوەڕی ئایدلـۆژی سیاسـیی بەسـەر هاووڵاتیاندا بسـەپێنرێت، لـەم چوارچێوەیـەدا ئەگـەر رۆشـنبیران بیانەوێت جارێکی دیکە پێگەی خۆیان لەکۆمەڵگە دیاری بکەنەوە، ئەوا دەبێت ببنەوە بەچاودێر بەسەر کۆمەڵگە و سەرلەنوێ گوتـاری رەخنەیی خۆیان بونیاد بنێنەوە و بە ریتمێکی دیکە بیروبۆچوونەکانیان لەنێو رای گشـتی بڵاو بکەنەوە و خۆیان لەژێر پەردەی ئایدولۆژیتەکان بهێننە دەرەوە.

## رۆشنبیرانی کوردستان و گوتاری رەخنەییان

ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سـەرەتایەی کە رۆشـنبیرانی هەر کۆمەڵگەیەك توخمی سەرەکی پەرەپێدان و چاکسازی و وەرچەرخانن بەرەو دیموکراتـی، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەرکی رۆشنبیران دروستکردنی دابڕانێکی مێژوویيە لەنێوان سەردەمێکی کۆن و سەردەمێکی نوێدا، بەواتایەکی دیکە رۆشنبیران دەتوانن ببنە پردی پێکگەیاندنی بۆچوونەکانی جیهان و کوردستان بەیەکتـری و ئاوێتەکردنیان پێکەوە بۆ ئەوەی میللەتی ئێمەش وەك میللەتانی دیکەی دنیا بتوانێت بـەرەو دیموکراتی هەنگاوی جددی هەڵبگرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن هەنگاوەکانی رۆشنبیران و بەشداریکردنیان لەم پرۆسـەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خێراتر ئەم قۆناغە هەنگاو بۆ پێشـەوە هەڵبگرێت؟ وەڵامی ئەمە ئەگەر بـۆ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسـلامی تاراددەیـەك قـورس و ئاڵۆز بێت، بەڵام بۆ بارودۆخی کوردسـتان بواری هەڵبژاردنـی رێگـەو چـارەی دیکە هەیە، دەکرێت چۆن ماکس ڤێبەر بە جیهانی راگەیاند کریسـتیانەکانی رۆژئاوا، ئەرزۆسۆکسەکانی رۆژهەڵات نین و دەتوانن بەرەو رۆشـنگەری هەنگاو هەڵبگرن، بەهەمان شێوە رۆشنبیرانی ئێمەش دەتوانن بە راشـکاوانە بەجیهان بڵێن، میللەتی ئێمە راسـتە رۆژهەڵاتی-یە، بەڵام جیاوازییەکـی بنەڕەتـی لەگـەڵ گەلانی ناوچەکـە هەیە نەك هەسـتیار و دردۆنگ نییە بەرامبەر دیموکراتـی وەك دیاردەیەکی رۆژئاوایـی، بەڵکو خۆی بڕیاریداوە بونیادی دیموکراتی هەڵبژێرێت، خۆی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە دیموکراتی، هەموو شـێوازەکانی دیکە وەك جۆرێك لە بێئومێدی سـەیریان دەکات، راشـکاوانەتر واتە ئێسـتا میللەتی کورد گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەرێگەی ئیسلامی سیاسیی و ئایدلۆژیەتی مارکسـیزم ناتوانێت ئایینـدە بونیاد بنێتەوە، بۆیە رێگەی سێهەم کە تەنیا دیموکراتیە وای



**میهرزاد بورجردی بۆ گوڵان:**

# دەبێت رۆشنبیر پرسیاری قورس بکات و ئاوێنەیەک لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا رابگرێت و پێی بڵێت لەخۆت بڕوانە، ئەو رۆڵە لە رۆشنبیران چاوەڕێ دەکرێت

لێـدەکات هەنگاو بەرەو پێشـەوە هەڵبگرێت، لێرەوە ئەو جیاوازییە راشـکاوانەتر دەردەکەوێت کە ماکس ڤێبەر ناوی لێناوە (بێئومێد بوون لە جیهان - disenchantment of the world)، مانای ئەوەیە کورد لەو پرۆسەیە تێپەڕیووە کە جارێکی دیکە هیوای بەوە بێت بەرێگەی سیاسەتی ئایینی یان ئایدلۆژیایی سیاسیی ئاییندەی خۆی بونیاد بنێتەوە، ئەمە گرنگترین گرفتی کۆمەڵگەکانی دەوروپشتی ئێمەیە و هەتا ئێسـتا نەگەیشـتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بێجگـە لە دیموکراتی رێگە چارەیەکـی دیکـە نییە، ئەمـە گەورەترین گرفتە کە هەمـوو گەلانی ناوچەکە بێجگە لـە دیموکراتـی، بڕوایـان بـەوە هەیە کە ئیسـلامی سیاسـیی ئاییندەیەکی باشتریان بۆ دروسـت دەکات، ئـەم خاڵە کـە دەبێتە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی ئەقڵانییەت و لەدایکبوونی رۆشنبیری رۆشنگەر لە مێژووی هەستانەوەی کوردسـتاندا، پێویستە و دەبێت ناسنامەی رۆشـنبیرانی ئێمە لە ناسنامەی رۆشنبیرانی دەوروپشتمان جیابکاتەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە لە روانگەی ئاستی زیرەکی و بەرهەمە مەعریفیەکانی رۆشنبیرانی خۆمان بە بەراورد بە رۆشـنبیرانی دەووبەر( فارس و عـەرەب و تورك) بەراوردیـان بکەین، بەڵکو بەو ئەرکەی رۆشـنبیرانی کوردستان دەتوانن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بیگێڕن بەراروديان دەکەین کە رۆشـنبیرانی (فـارس و تورك و عەرەب) ناتوانن بیگێڕن، کەواتە لێرەدا ئەرکی رۆشنبیر تەنیا بەرهەمهێنانی دەقی مەعریفی و بڵاوکردنەوەیـان نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی گوتارێکـی رەخنەیـی ئەقڵانی-یـە کـە بتوانێت راسـتییەکان وەك خۆی بڵێت، بەڵام پرسـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا راسـتییەکان چۆن بڵێت؟ بێگومان دوای ئەوەی ئەو پرۆسـەی نائومێدبوونەی کورد لە ئیسـلامی سیاسیی و ئایدلۆژیـەت رادەگەیەنێت و لەچوارچێوەی پرۆسـەیەکی رۆشـنگەریدا و لە سـیاقی بانگێشـە کردن بۆ سـکۆلاریزم و پۆلۆرالیزم نەخشـەی رێگە بۆ ئاییندەی چاکسـازی و وەرچەرخان بـەرەو دیموکراتـی دادەڕێژێت، هەوڵـدەدات بەدوای وەڵامی ئەو پرسـیارانە بگەڕێت کە دەرهاویشـتەی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگـەی ئێمەن، هەر بۆ

نموونە کاتێك پرسیار لەسەر ئەو پرسە گرنگە دەوروژێنیـــت: بۆچـــی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان لاوازە؟ پێویستە لەوەڵامی ئەم پرسیارە ئەو واقیعەی لەبەر چاو گرتبێت، کە هۆکاری لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان جیاوازە لەو هۆکارەی کۆمەڵگەی مەدەنی لـــە وڵاتانی عەرەبی و ئیســـلامی و ئـــەو ئاســـتەنگانەی لەبـــەردەم بونیادی کۆمەڵگـــەی مەدەنی ئـــەو دەوڵەتانە هەیە جیاوازن لەو ئاســـتەنگانەی لەبەردەم بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردســـتاندا بوونی هەیە، لەوانەیە لێرەشـــدا ئەو پرسیارە بێتە پێش و پرســـیار ئەوەبێت: ئایا جیاوازییەکان چین؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین لە وڵاتانی عەرەبی و ئیســـلامی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنی وەك ئامێرێك بۆ بونیادی دەوڵەتێکی تیۆکراتـــی دەخرێنە گەڕ، ئەمەش واتە چەند ئـــەو ڕێکخراوانـــە بەهێز بن، بەهێـــز دەبن بۆ رووخانـــی دیموکراتـــی، بەڵام لەکوردســـتان ئەگەر هەژموونێکی حزبیشـــیان بەســـەرەوە دیار بێت، حزبە سیاســـییەکە خۆی بەشـــێکە لە پرۆسەی دیموکراتی و لاوازی ڕێکخراوەکە تەنیا کاریگەری ســـلبی ئـــەوە دەبێت ڕەوتی پرۆسەی دیموکراتی خاو دەکاتەوە، نەك پرۆسە دیموکراتیەکە لەناو بەرێـــت، هەر بۆیە لێرەوە گرنگە رۆڵ و پێگەی رۆشنبیرانی کوردستان لەنـــاو ژینگەی کوردســـتاندا بەشـــێوەیەکی جیـــاواز پێناســـە بکەینـــەوە، جیـــاواز بەو مانایەی ئەو کاریگەرییەی کە رۆشـــنبیرانی ئێمە لە ژینگەی سیاســـیی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا هەیانە، جیاوازە لەو کاریگەرییەی رۆشنبیرانی دراوســـێکانمان (عەرەب و تورك و فارس) لەســـەر کۆمەڵگەی خۆیان هەیانە، لەبەرچاوگرتنی ژینگەی سیاسیی کوردستان وەك ئـــەوەی هەیە، هـــەم دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی رۆشـــنبیرانی ئێمە کاریگەریان زیاتر بێت، هەمیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی چاکســـازی و وەرچەرخان بـــەرەو دیموکراتی خێراتر بێت.

### کایە جیاوازەکانی
### کاری رەخنەیی رۆشنبیر

ئەگەر لـــە قۆناغـــی ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و رژێمە شـــمولیەکاندا، ئەرکی رۆشـــنبیران تەنیا بونیادی گوتاری رەخنەیی بوویێـــت بۆ هۆشـــیارکردنەوەی تـــاك و بێ ئومێدبوونیان لەرژێمە دیکتاتۆر و شمولیەکان، ئـــەوا لە قۆناغـــی بونیـــادی دیموکراتی و قۆناغی بونیادی نەتەوە، ئەرکی رۆشـــنبیران بێجگە لە بەرهەمهێنانی گوتاری رەخنەیی، بەشداریکردنە لە پرۆسەی بونیادنان و پیشاندانی هەڵـــەو کەموکورتی ئـــەو هەنگاوانەی حزبە سیاسییەکان(بەدەســـەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە) هەڵیدەگرن، ئـــەوەی بە میتۆدی ئەم راپۆرتە ئاستەنگی لێکتێنەگەیشتن لەنێوان رۆشنبیران

## ئەرکی رۆشنبیر رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانییەتی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە و چاکسازی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی نەك وەك رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بوونە کۆیلەی ئایدلۆژیەتی مارکسیزم یان ئیسلامیزم

و حزبە سیاسییەکان، گرفتیکی دوولایەنەیە و هەست دەکرێت لێکحاڵینەبوونێك لەنێوان حزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران هەیە، کە پێویستی بەوە هەیە بەدیالۆگی راستەوخۆ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، حاڵەتی یەکەم ئەگەر گرفتەکە لەلایەنی حزبە سیاســـییەکانەوە سەیر بکەین، هەســـت دەکەین پشـــووی حزبەکان لەهەمبەر رەخنـــەی ئـــەو رۆشـــنبیرانەی ڕووبەڕووی حزبێکـــی دیاریکراو دەبێتـــەوە تەنگەو کاتێك رەخنەی رۆشنبیر ڕووبەڕووی لایەنی بەرامبەر دەبێتەوە بە دڵفراوانی پێشـــوازی لێدەکرێت، بە دیدی ئەم راپۆرتە هەم پشوو تەنگیی حزبەکە بۆ ئـــەو رەخنەیەی رووی خـــۆی دەگرێتەوە هەڵەیـــە و هەم پێشـــوازی لێکردنیشـــی کە رووی بەرامبـــەر دەگرێتەوە هەڵەیە، هۆکاری سادە بۆ ئەمەش ئەوەیە رۆشنبیر نە لەپێناوی دژایەتی دەســـەڵات رەخنـــە دەگرێت و نە بۆ پشتیوانی ئۆپۆزســـیۆنیش، بەڵکو ئامانجی رەخنـــەی رۆشـــنبیران وتنی راســـتییەکان و بەدەرخســـتنی کەموکورتیەکانی نێو پرۆســـە دیموکراتیەکەیە، لایەنێکی دیکەی گرفتەکە گرفتی خودی رۆشنبیرانە کە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ لایەنـــە جیاوازەکانی نێو پرۆســـە دیموکراتیەکە جۆرە دابەشکردنێك دروســـت دەکەن بەسەر فریشـــتە و شەیتاندا، ئەمـــەش رۆشـــنبیران دەخاتـــە قاڵبێکەوە کە خۆی بەلایەنگیری فریشتەو دوژمنی شەیتان بزانێت، ئەم حاڵەتە کە زۆرجار لە کۆپیکردنی ئەقڵیەتی رۆشنبیرانی (عەرەب و تورك و فارس) دەچێت بەدەسەڵات، ناســـنامەی رۆشنبیری ئێمەی نەك تێکەڵاو کردووە، بەڵکو بەجۆرێك ناشـــرینی کردووە کە سیاقی مێژووی ئەرکی رۆشنبیرانی کوردستانی هێناوەتە دەرەوە، هەر بۆ نموونە لەوانەیە بۆ سەعددەین ئیبراهیم وەك رۆشنبیرێکی میسری ئاسایی بێت موبارەك بە شەیتان و دیموکراتی بە فریشتە لەقەڵەم بدات، یان بۆ بورهان غەلیون ئاسایی بێت بەعس بە شەیتان و دیموکراتی بە فریشتە پێناسە بکات، لەبـــەر ئەوەی لەو دوو وڵاتـــە هیچ خاڵێکی هاوبـــەش لەنێـــوان دیموکراتی و دەســـەڵاتدا نییە، بـــەڵام کاتێك لە هەرێمی کوردســـتان سیستمێکی دیموکراتی وەك خواستی گەلێك بوونی هەبێت و لەســـەر چەند کەموکورتیەك کە هەمـــوو دانی پێدادەنێـــن لەگەڵ رژێمی بەعس و موبارەك بـــەراورد بکرێت، ئەوا نەك هەر رۆشـــنبیرەکە پێگەی خۆی ون دەکات، بەڵکو هیچ کاریگەریەکیشـــی لەســـەر رای گشتی و پرۆسەکانی دیموکراتی وەك بونیادی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و فرەیی نابێت، ئەمەش لەبری ئەوەی رۆشـــنبیران بکاتە توخمێك بۆ چاکســـازی و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی، روشـــنبیران دەبنـــە توخمێك بـــۆ لەباربردنی دیموکراتی. ســـەبارەت بە ئەرکی رۆشـــنبیر لە کۆمەڵگـــەی دیموکراتـــی و چۆنییەتی بەرهەمهێنانی گوتاری رەخنەیی رۆشـــنبیر، پرســـیارمان لە پرۆ فیسۆر دەیڤید کەتلەر کرد، ئوستادی سیسیۆلۆژی و زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئۆهایۆ لەوەڵامی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی لە ئەرکەکانی رۆشنبیر کردو وتی: (لەو لێدوانانەی پێشتر لە بارەی مەودای چەمکی «ڕۆشـــنبیر»ەوە داومـــە، کـــە لێدوانگەلێك بوون کراوەبوون بۆ مشتومڕکردن لەبارەیانەوە، تێیاندا لەبارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانەوە دواوم لە مۆدێرنیزەکردنی ئەو کۆمەڵگەیانەی «بواری گشتی» دروســـت دەبێت تێیاندا، بۆچوونی من لەو لێدوانانـــەدا دەربارەی «ئەرکەکانی» ڕۆشـــنبیر بۆچوونگەلێکی ســـلبی بوون پتر لەوەی ئیجابی بن، لەبەر ئەوەی ڕۆشـــنبیران مافی ئەوەیان نییە بانگەشەی خاوەنداربوونی دەسەڵاتێك بکەن کە لەڕێی بەشداری کردنیان لە بـــواری گشـــتیدا بەدەســـتیان نەهێناوە، هەروەها مافی ئەوەشـــیان نییە خۆیان تێکەڵ بـــە دەســـەڵاتداران بکەن بۆ ئـــەوەی ئەوانی دیکە دووربخەنەوە. ئەوەی پێوەندی بە ئەرکە ئیجابیەکانەوە هەیە، هێشـــتا ئەو دروشمە بە دروســـتی ماوەتەوە کە پێی ئاشناین، ئەویش بریتییە لە وتنی ڕاستی بە ڕووی دەسەڵاتداردا. کاتێك باس دێتەســـەر باســـی بێدەسەڵاتەکان ئەوانەی بەرەنگاری دەسەڵات دەبنەوە، پێموایە ڕۆڵەکە لـــەوەدا کورت دەبێتەوە ڕۆشـــنبیران



ڕاستییەکان بڵێن. مەبەستم ئەوەیە بە زۆری ڕۆشنبیران خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە ڕاوێژ پێشکەش بە کەسایەتییە سیاسییەکان بکەن کە خۆیان ڕۆشنبیر نین، لەو هەل و مەرجانەدا پێویستە هەموو ئەوەی دەیزانن بیڵێن: لەبەر ئەوەی خشتەی کارکردن ڕێگەیان پێنادات... لە ڕاستیدا بەشێکی دیاریکراوی کارەکان بۆ ئەرکی «ڕەخنەگرانە»ی ڕۆشنبیران تەرخانکراون: تەنانەت وتنی ڕاستی بە ڕووی دەسەڵاتدا ڕەنگە فۆرمی ڕەزامەندیەکی «مەرجدار» وەربگرێت. بە بۆچوونی من، خاڵی سەرەکی بریتییە لەوەی ڕۆشنبیر بەهۆی ئەوەی ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە، بە تایبەتی وەڵامدانەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیرەکانی دیکە، ئەوا لۆجیکێکی تایبەت دەگرێتەبەر و ئەو تێڕوانینانە دەخاتەڕوو کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ تێڕوانینی پارتی سیاسی دەسەڵاتدار، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ڕۆشنبیران و ئەو کەسانەی گوێیان لێدەگرن بە چەشنی هاووڵاتیانی ئاسایی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکاندا گفتوگۆ ناکەن—هاوشێوەی ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ زاناکاندا دەکەن. پرسیارەکان پەیوەستن بە


**پارتە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی نێو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان هەوڵیانداوە ڕۆشنبیران بۆ فراوانکردنی نفوزی سیاسیی خۆیان و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەکاربهێنن**

جۆری ئەو گفتوگۆیانەوە و لە ئارادانەبوونی هیچ وەهمێک لەبارەی ئەو ڕێککەوتنانەی پێشگەیشتوون)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە بەشداری ڕۆشنبیران لەگەڵ پارتە سسیاسییەکان یان تەنانەت بوونی ڕۆشنبیران بە ئەندامی پارتە سیاسییەکان ئایا تاچەند ئەمە کاری ڕۆشنبیر ئاڵۆز دەکات، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆ فیسۆر کەتلەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: ((لە ساڵی ١٩٣٤، کۆمەڵناسی ئەڵمانی کارل مانهایم لە کۆڕێکدا بە کۆمەڵێک قوتابی هۆڵەندی وت ڕەنگە بە دڵنیاییەوە ڕۆشنبیران بتوانن هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو پارتە سیاسییانەدا ببەستن کە خۆیان ئیختیاری دەکەن، بەڵام بە مەرجێک بە ڕاستگۆیی بمێننەوە و لەگەڵ کارەکەی خۆیاندا وەک ڕۆشنبیر، دەبێت پێشبینی ئەوە بکەن ببنە کەسانێکی ناجەماوەری لەناو ئەو پارتانەدا، لەبەر ئەوەی بەردەوام و ئەوەندەی مومکینە بە شەفافی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەدا دەکەن کە هاوڕانین لەگەڵیاندا. من لەگەڵ ئەمەدا هاوڕام. جارێکیان وتارێکم نووسی و تێیدا هەوڵی ئەوەمدا ئەتەکێتێک بدۆزمەوە بۆ پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و سەرکردە سیاسییەکان: کە بریتییە لە بیرۆکەی پێشکەشکردنی «ڕاوێژکاری» بێ ئەوەی بانگەشەی دەسەڵاتداربوون بکەیت. ئەوەش ڕوونە ئەمە مانای ئەوەنییە من و مانهایم نەمانتوانیبێت سەرنجی ئەو ڕاستیە بدەین، زۆرجار ئەو لێهاتووییانەی کەسێک دەکات بە ڕۆشنبیر دەگۆڕێت بۆ ئەرکی پروپاگەندەکردن—یاخود بەڕاستی مرۆڤ خۆی لە دۆخێکدا دەبینێتەوە هاوسەنگی خۆی لەسەر ڕایەڵێکی باریک ڕابگرێت لەنێوان ئەم دوو ڕۆڵەدا. هەموو ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە جیاوازیەکە هەیە و زۆریش گرنگە. هەروەها ئەوە شتێکی دەگمەن نییە کە تاکەکەسەکان فێری بەهرە و لێهاتوویی ڕۆشنبیران ببن لە کاتێکدا کە وەک پۆپۆلیست و هەڵسوڕاوی پارتێک کاردەکەن، بەڵام ئەوکاتە ئەرکەکەیان پێچەوانە دەبێتەوە کاتێک دەکەونە مشتومڕ لەگەڵ ڕکابەرەکانیاندا. بە زۆری ڕۆشنبیران «لادەر»ن لە هێڵی پارتەکەیان، ئەمەش تەواو لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە)).

**ڕۆشنبیران وەک ڕاوێژکار**
**لە سیستمی دیموکراتیدا**

لەسیستمی دیموکراتیدا ناوەندەکانی توێژینەوە و سینتاکسەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕاوێژ و پێشنیار پێشکەشی حکومەتەکانی خۆیان دەکەن، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو تۆژانەشی لەو سەنتەرانە کار دەکەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ



ئیسرائیل گەرشۆنی بۆ گوڵان:

# لە میسر ڕۆشنبیران بەو شێوەیە لەخۆیان دەڕوانی کە لە یەک کاتدا هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی چەمک و ئایدیا بۆ کۆمەڵگە و لەهەمان کاتدا پێویستە ببنە بەشێک لە دامەزراوە سیاسییەکانیش

دامەزراوە جیاوازەکان کاردەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو توێژەر و ڕاوێژکارانە لە خانەی ڕۆشـــنبیران پۆلێن دەکرێن، یان ئەگەر هاتوو ڕۆشـــنبیرێك ئەم ئەرکەی خســـتە سەرشانی خۆی ناسنامەی ڕۆشـــنبیری نامێنێت؟ بۆ وەڵامــی ئەم پرســیارانە و زیاتر ڕۆچوون بە کایە جیاوازەکانی ئەرکی ڕۆشنبیر، پرسیارمان لــە بیرمەندی ئێرانی میهـــرزاد بروجردی لە زانکۆی نیویۆرك کرد و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامــی داینەوەو وتی: (چەمکی ڕۆشنبیر بۆ ماوەی چەندین ساڵە مایەی مشـــتومڕ و ناکۆکیە، بە چەشـــنێك لە هەندێ شـــوێندا هەر کەســـێك ئاستێکی دیاریکـــراو لە خوێنـــدەواری و پـــەروەردەی هەبوایە و پۆستێکی گشتی هەبوایە، خەڵکی بە ڕۆشـــنبیر لـــە قەڵەمیـــان دەدا، کە ئەمە لێکدانەوەیەکی ورد نییە، هەروەها هەندێ جار کاری تەکنۆکراتی، بۆ نموونە ئەندازیار، یان پزیشـــك ناکرێت بە ڕۆشنبیر لێکبدرێتەوە، لە ڕاســـتیدا دەستەواژەی ئەنتیلجنسیا هەیە، کە دەکرێت بە دەســـتەواژەیەکی وردتری دابنێین بۆ وەســـفکردنی ئەو کەسانە. ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن ئەرکی سەرەکیان کاری بیرکردنەوەیە لـــە پرســـە کەلتـــووری و کۆمەڵایەتیەکان، دەکرێت ئەمە بەسەر نووسەران، ئەکادیمیەکان و ڕۆژنامەنووســـاندا جێبەجێ ببێت. ئەوەی پەیوەســـت بێت بە ڕۆڵیانەوە، ئەوا ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە هەمیشە چەند هەنگاوێك لە پێش کۆمەڵگەکەیانەوە بن، پرســـیار بکەن و بابەت بوروژێنن بۆ ئەوەی قســـە و باسیان لەبـــارەوە بکرێـــت، هەروەهـــا کەموکوڕی و هەڵەکان دەستنیشان بکەن، من پێموایە ئەوانە بەشێکن لەو بەرپرسیارێتیە سەرەکیانەی دەبێت ڕۆشنبیران پێی هەستن. ســـەبارەت بەوەشی کە هەندێك جار ڕۆشـــنبیران ڕۆڵی ڕاوێژکار دەگێڕن، مـــن پێموایە ئەمە دەوەستێتەســـەر ئەوەی ئایا ئەو ڕاوێژکارە چ ڕۆڵێك دەبینێت و پسپۆرییەکەی چییە، ئایا ئابووریناسە، یاخود کۆمەڵناسە، چونکە کاری ئەم کەسانە جیاوازە لە کەسێکی ئەندازیار کە بۆ نموونە پسپۆری کارەبایـــە، چونکە من بەم کەســـانەی دوایی نالێم ڕۆشـــنبیر. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا زۆرجار حکومەت داوا لە ڕۆشنبیران دەکات یارمەتی بدەن لەڕووی پێشکەشکردنی پرس و ڕاوێژەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرجار ئەمە بۆ شەرعیەتدان بە پڕۆژەکانی حکومەت بەکار دەهێنرێت، واتە بەڕاستی گوێ بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە ناگیرێت. هەروەهـــا لەبەر ئـــەوەی ئابـــووری وڵاتەکە لەژێر دەســـتیاندایە، ئەوا ڕۆشنبیرەکان هیچ ڕێگەچارەیەکیان نییە جگـــە لە کارکردن لە ناو حکومەتدا و ببونە کارمەند بۆ حکومەت، ئەمەش دەبێتە مایەی دروســـتبوونی چەندین گیروگرفت لەو ڕووەوە. دەبێت ڕۆشـــنبیر لە کۆمەڵگەدا ئـــەو ڕۆڵە ببینێت، ڕۆڵی ئەوەیە پرســـیاری قـــورس بـــکات و ئاوێنەیەك لە بەرامبەر کۆمەڵگـــەدا ڕابگرێت و پێی بڵێت لە خـــۆت بڕوانە، ئەو ڕۆڵە لە ڕۆشـــنبیران چاوەڕێ دەکرێت)).

بەڵام چۆن پێناســـەی ڕۆشـــنبیر جێگەی مشـــتومڕە بەهەمان شێوە ئەرکی ڕۆشنبیریش بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بۆیە لەبواری ئەوەی ئایا ڕۆشـــنبیرانی ڕۆژهەڵاتی دەتوانن هەمان ئەرك بگێڕن کە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا دەیگێڕن، پرســـیارمان لە پرۆفیسۆر ئیسرائیل گەرشۆنی ئوســـتادی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی داینـــەوە: (مـــن دواییـــن کتێبم بـــە ناوی «ڕووبەڕووبوونەوەی فاشـــیزم لە میســـر» بڵاوکردۆتەوە، تێیدا هەستاوم بە شیکردنەوەی ئەوەی چۆن ڕۆشـــنبیرانی میسر ڕووبەڕووی فاشیزم و نازیم بوونەوە و دواتر ڕەتیان کردووە، ئەویش لە میانەی ســـاڵانی ١٩٣٣ و ١٩٤٥، من چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەم کارەم لەلایەن ڕۆشـــنبیرانەوە خســـتۆتەڕوو، ڕۆڵی ئەوانم ڕوونکردۆتـــەوە لـــەوەی چۆن وایـــان کردووە کۆمەڵگە دژی فاشـــیزم و نازیم بوەستێتەوە، واتە ڕۆشنبیران لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە. کەواتە من بەو شێوەیە باسی ڕۆشنبیرم کردووە کە چۆن لە خۆیان دەڕوانن، تێڕوانینیان چییـــە بۆ خۆیـــان، لـــە حاڵەتی میســـردا ڕۆشـــنبیران بەو شـــێوە لە خۆیان ڕوانی کە لە یەك کاتدا هەڵدەســـتن بـــە بەرهەمهێنانی چەمـــك و ئایدیا بۆ کۆمەڵگـــە و لەهەمان کاتدا پێویســـتە ببنە بەشـــێك لـــە دامەزراوە سیاســـییەکان، بە چەشنێك لەناو ڕۆشنبیراندا هەبوو پۆستی ســـەرۆك وەزیرانیان وەرگرت، یاخود بوونە ئەندام پەرلەمان و هەندێکیشـــیان بوونە وەزیر. کەواتە ڕۆڵێکی سیاسی گەورەیان بینی لـــە جێبەجێکردنـــی ئایدیاکانیان. ئەم



ئیرنک تۆمار بۆ گوڵان:

# ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی پرس و بابەتەکان لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە، بە واتایەکی دیکە ئەو کەسەیە تەفسیر و ڕاڤەی جیاواز بۆ ڕووداو و مەسەلەکان دەکات

ڕۆشنبیرانە بەو شێوەیە لەخۆیان دەڕوانی ئەوان «پێشەنگی ڕۆشـــنبیران-طلیعە المثقفین»، کە ئەرکیان ئەوەیە هەڵبســـتن بە داڕشـــتنی چەمـــك و ئایدیاکان لە بـــارەی ئەوەی چۆن کۆمەڵگە بـــەرەو مۆدێرنە هەنگاوهەڵبگرێت، من لێرەدا باسـی لەو ئەو ڕۆشنبیرانە دەکەم کــە ئاراســتەیەکی مۆدێرنانەیــان هەبوو و چالاکبوون لەم ڕووەوە، بە تایبەتی لە بەشـــی سێیەمی سەدەی بیســـتدا. خۆشبەختانە ئەم ڕۆشـــنبیرانە خاوەنی پێگەیەکی باشـــبوون لـــەلای چینـــی ناوەنـــد و چینـــی باڵا و ئەمەش یارمەتیدەربـــوو بۆ ئەوەی ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە خوازیـــاری بوون، هەرچەندە نەگەیشتنە ئەو ئاستەی بڵێین ئامانجەکانیان بەدەســـتهێناوە، بەڵام دەتوانین بڵێین بە چەند شێوەیەك ئامانجەکانیان بەدیهێنا، بە تایبەتی لە پێکهێنانـــی پەرلەمانێکی پتر لیبراڵی لەو سەردەمەدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئێستا کارەکانـــی ئەوان لەلایەن بزووتنـــەوە لیبراڵیە نوێیەکانی میسرەوە بەکار دەهێنرێن. هەربۆیە من جیـــاوازی ناکەم لە نێوان ڕۆشـــنبیرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بە تایبەتی هەندێ جار ڕۆشـــنبیرانی ڕۆژهەڵاتی بە چەشـــنی ڕۆشـــنبیرانی ڕۆژئـــاوا ڕەفتـــار دەکەن، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە ڕۆشـــنبیرانی میسر بە کەلتووری و فەرهەنگی ڕۆژئاوا پەروەردە بوونە، لەلایەکی دیکەوە هەندێ حاڵەتی کەم هەبوونە کە ڕۆشنبیران تێکەڵی سیاسەت بوونە و دەستیان لە مەبدەئەکانی خۆیان هەڵگرتووە، ئەویش لە پێناو ئەوەی ببنە بەشێك لە گەمەکە. بۆ نموونە لە میسر لە پێش بەرپابوونی شۆڕش محەمەد حوســـێن هەیکەل ئەم کارەی کرد کە چەند جارێك وەزیری ڕۆشـــنبیری بوو، بەڵام ڕۆشنبیری دیکە هەبوون، وەك تەها حوسێن کە گەورەترین ڕۆشنبیری جیهانی عەرەبی بوو لە سەردەمی خۆیدا، ئەو دەستی لە پرەنسیپەکانی خۆی هەڵنەگرت، ئەگەرچی ماوەیەك وەزیری ڕۆشـــنبیریش بوو، کەواتە ناتوانین لەم ڕووەوە گشـــتاندن بکەین و بڵێین هەر کاتێك تێکەڵ بە سیاســـەت بوون، ئەوا بـــاوەڕ و ئایدیاکانی خۆیان دەدۆڕێنـــن، چونکە هەندێ جار ئەمە ڕووەدەدات و ڕۆشنبیران ملکەچی سیاسییەکان دەبن و هەندێ جاریش لەڕوویان دەوەستنەوە و پارێزگاری لە بیروباوەڕە و ئایدیاکانی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە هەندێ جار ڕۆشـــنبیرانی میسر، فەرەنســـا و ڕوسیا سەردەمی زێڕینی خۆیان هەبـــووە، بە تایبەتی لە ســـەروەختی گۆڕانە گەورەکاندا پێویستیان بە ڕۆشنبیران هەبـــووە بۆ ئەوەی چەمك و ئایدیاکان بەرهەم بهێننەوە لەپێناو داڕشتنەوەی کۆمەڵگەدا. لە سەردەمی گواستنەوە لە عوسمانییەکانەوە بۆ ناسیۆنالیزم ڕۆشنبیری گەورەی دروست کرد، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە پێویستی بە ڕۆشنبیران بوو، بەڵام وردە وردە دەســـەڵاتیان لە دەستدا، لە میسر دەســـەڵاتیان لەدەستدا، لە فەرەنسا و ئەمریکاش، بەڵام کاتێك دەسەڵاتیان هەبوو تێڕوانینە ڕەخنەگرەکانیان زۆر گرنگ بوون و زۆر کاریگەر بوون، کاریگەری لەدەســـتدانی دەسەڵاتیشـــیان بووەهۆی ئـــەوەی کۆمەڵگە لەلایەن ئەو ڕۆشنبیرانەوە ڕێنمایی بکرێت کە کەمتر گرنگ بوون، واتە ئەو کاتە کۆمەڵگە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەی لە دەســـتدا کە تەنیا ڕۆشنبیران دەتوانن پێی بدەن)).

بەڵام پرۆ فیســـۆر کاتلەر کە ئەویش لەسەر ئەم پرسە قسەی بۆ گوڵان کرد، بەشێوەیەکی دیکە تیشـــکی خستە سەر ئەم لایەنە و وتی: (ئێوە پرســـیارێکی زۆر قورس و جێی سەرنج دەکـــەن. ئـــەو جیاوازییەی مـــن دەیکەم لە نێوان توێژەر و ڕۆشـــنبیران، هەروەها لە نێوان ڕۆشـــنبیر و ئەوانەی لە ڕووی سیاســـییەوە بەرپرســـن ـــ کە دەکرێـــت لێـــرەدا جیاوازی لەنێوان ڕۆشنبیران و ڕاوێژکارە پسپۆڕەکانیشدا بکەین ـــ لەگەڵ جیاوازی لەنێوان ڕۆشنبیران و ئەو کەســـایەتییانەی دەسەڵاتێکی ئاینیان هەیە ـــ ئـــەوە لەخۆدەگرێت کـــە کۆمەڵگە لەئاستێکی بەرزدا کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند و جیـــاوازە. وەك بابەتێکـــی عەمەلـــی، من پێموایە ئەم جیاوازیانە دەبنە ڕێ ڕۆشنکەرەوە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ڕۆڵێکی فرەلایەن ببینن. لە ڕاستیدا ئەوەی لەو چیرۆك و ڕووداوەی باســـم کرد کە باسی ئەزموونی گفتوگۆکردن بوو، ئێمە ئەو جیاوازیانەمان لە ژیانی عەمەلیدا پیادەکرد، ئەگەر تەنیا لەبەر ئـــەوەش بوویێت کە ئێمە ئەرکـــی جیاوازمان هەبـــووە و خەڵکانێکی جیاواز گوێیان لە ئێمە گرتووە کە پێویســـتی بە «زمان»ی جیاواز هەبووە بۆ ئەداکردنـــی ڕۆڵە جۆراوجۆرەکان. ئەو ڕۆشـــنبیرانەی داوای ئەوەیان لێدەکرێت ڕاوێژی «پسپۆڕی» پێشکەش بکەن، دەبێت ئەوەندی قسە دەکەن گوێ بگرن. ڕاستە ئەمە

وەڵامێکی ئاسان نییە، بەڵام من وانازانم ئێوە داوای وەڵامێکی ئاسان بکەن کاتێك ئەم پرسیارانە لە کەسێکی بە تەمەن دەکەن و لە کەسێك کە زانیارییەکی زۆر کەمی هەیە لە بارەی جیهانی ئێوەوە)).

**ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە شیکردنەوە بۆ بابەتەکە دەکات و ڕاستییەکانی دەخاتەڕوو لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسیەی کردویەتی، ڕۆشنبیریش ئەو ئازادیەی هەیە ئەو بابەت و ڕاستیانە تەفسیر بکات**

## ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووس

بوارێکی دیکە کە هەموو کات تارادەیەکی زۆر لێکەوە نزیکە، بواری کاری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕۆشنبیرانە، ئەمەش بەو حسابەی کە کاری هەردوولایەنی ڕۆشنیران و ڕۆژنامەنووسان وتنی ڕاستییەکانە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان پێکەوە لە بازنەیەکدا کۆدەبنەوە؟ یان هەر یەکەیان بەجیاواز دوو ئەرکی هاوشێوەی یەکتری ئەدا دەکەن؟ سەبارەت بەم پرسەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئیرنیك پۆمار ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی ئەمریکان کاسۆلیك یونیڤێرستی کرد و بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە هاتە ئاخاوتن و وتی: (ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی پرس و بابەتەکان لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە، بە واتایەکی دیکە ئەو کەسەیە تەفسیر و ڕاڤەی جیاواز بۆ ڕووداو و مەسەلەکان دەکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیرانەوە، ئەوا من باوەڕم وایە بەرپرسیارێتی ئەوان وتنی ڕاستییەکانە، خستنەڕووی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ مەسەلەکان، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ئەو ڕەخنانە باون یان ناباو. ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە شیکردنەوە بۆ بابەتەکە دەکات و ڕاستییەکانی دەخاتەڕوو لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسیەی کردویەتی، ڕۆشنبیریش ئەو ئازادیەی هەیە ئەو بابەت و ڕاستیانە تەفسیر بکات. کەواتە ئەمە دوو پیشەی جیاوازە، لەبەر ئەوەی دەکرێت ڕۆژنامەنووس شارەزا بێت، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان شارەزا و ڕۆشنبیردا، شارەزا ئەو کەسەیە زانیارییەکی زۆری هەیە لەبارەی بوارێکی دیاریکراوەوە، لەبارەی ڕاستیەکانییەوە، لە کاتێکدا ڕۆشنبیر ئازادیەکی گەورەی هەیە بۆ تەفسیرکردنیان، بۆ تەفسیکردنیان بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە. من پێموایە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بواری ئەوە هەیە ئەم دوو جۆرە کاری خۆیان بکەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە ڕاستیدا هەردوو ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە سوودبەخشن بۆ کۆمەڵگەکەیان و هەندێ جار هەردوولایان پێکەوە ڕۆڵ دەبینن، واتە ناکرێت بڵێین ڕۆڵبینینی لایەکیان لەسەر حسابی ئەوی دیکەیانە. من ئومێدی ئەوە دەخوازم کە لە داهاتوودا ڕۆشنبیرانی عێراق بەشداری بکەن لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەدا و بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی وڵاتەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی نیشتمانی لەبارەی داهاتووی وڵاتەکەوە دروست بێت)).


ئەوەی پرۆفیسۆر پۆمار سەبارەت بە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر لەیەك جیاکردنەوەی کاری هەریەکەیان بوو، بەڵام پرۆفیسۆر دەڤید کاتلە پێیوایە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆشنبیرن یان ڕۆشنبیران لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە پەیامی خۆیان دەگەیەنن، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرن و زۆرێك لە ڕۆشنبیران لەڕێی ڕۆژنامەنووسانەوە بە جەماوەری خۆیان دەگەن، بەڵام ڕۆڵیان هاوشێوە نییە. هەروەها دەبێت ڕۆژنامەنووسان نووسینەکانی خۆیان بەو کەسانە بگەیەنن کە کاتیان نییە، بایەخ نادەن، یاخود بەو شێوەیە ڕاهێنانیان پێنەکراوە کە وەك ڕۆشنبیر کاربکەن. لە هەمان کاتدا دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ خاوەنکار و ئەو لایەنانەی بایەخەکانیان زۆر دوورە لەو بەهایانەی کە ژیانی ڕۆشنبیران ملکەچن بۆی. کەواتە ئەمە هەروەك چۆن دەرفەتە، لە هەمان کاتدا ناکۆکیشە)).

بەڵام پرۆفیسۆر میهرزاد بورجردی زیاتر هەڵوەستە دەکات لەسەر ئەم پرسە و پێیوایە دەکرێت هەندێك ڕۆژنامەنووس بە ڕۆشنبیر لەقەڵەمبدرێت، بەڵام ناکرێت هەموو ڕۆژنامەنووسان بە ڕۆشنبیر لەقەڵەمبدەین، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر بورجردی بەمجۆرە سەرنجی خۆی لەسەر ئەم لایەنە خستەڕوو و وتی: (لە ڕاستیدا ناکرێت ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوە وەرزشییەکان دەکات، وەك ڕۆشنبیر پۆلێن بکەیت، لە کاتێکدا دەکرێت ئەو ڕۆژنامەنووسەی سەروتارەکان دەنووسێت لە بارەی کۆمەڵگە و کێشەکانییەوە بە ڕۆشنبیر وەسفبکرێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ڕۆشنبیران ناچاردەبن لە حکومەتدا کاربکەن بۆ ئەوەی داهات بەدەست بهێنن، بۆ نموونە دەبنە ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی داهاتێك بەدەست بهێنن و دواتر بتوانن کتێبێك بنووسن، یان بەرهەمەکانیان بنووسن و بڵاوبکەنەوە. هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووسان، بە تایبەتی ئەوانەی کاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی دەکەن بە ڕۆشنبیر لەقەڵەم بدرێن. ڕەنگە من هاوڕانەبم لەگەڵتاندا لەبارەی جیاکردنەوەی

**من جیاوازی ناکەم لە نێوان ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. بە تایبەتی هەندێ جار ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی بە چەشنی ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا ڕەفتار دەکەن**

ڕۆشنبیران بۆ ئەو کەسانەی کاری فەلسەفی و موجەڕەد دەکەن، لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی دەچنە نێو کۆمەڵگەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێك لەمانە بە شێواز و ڕێگەی خۆی خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کاری فەلسەفی و موجەڕەد دەکەن، ڕەنگە لە مەودای دووردا خزمەت بە کۆمەڵگەکەیان بکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی دەچنە ناو کۆمەڵگە و لەبارەی کێشەکانیانەوە دەنووسن و ئەو کێشانە شیدەکەنەوە، دەبێت سوود لە تێگەیشتنە بەرفراوانەکانی ڕۆشنبیرەکانی دیکە وەربگرن لە بارەی فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری و مێژووییەوە، ئەگەرنا تێگەیشتنیان بۆ کێشەکان و ئەو چارەسەرانەی دەیخەنەڕوو بۆ ئەو کێشانە لە سنوورێکی بەرتەسکدا دەمێننەوە. هەربۆیە ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانەوە لە بنیادنانی کۆمەڵگەی کراوەدا، ئەوەیە کە ڕۆشنبیران لەبارەی ئازادیە مەدەنییەکان و ئازادیە تاکە کەسییەکانەوە دەینووسن، هەروەها لە بارەی دیموکراسی، کۆمەڵگەی کراوە، شەفافیەت و لێبوردەییەوە. کەواتە ئێمە لەم ڕووەوە پێویستمان بە ڕۆشبیر هەیە)).

# دەستپێکردنی سەردەمی لیبرالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



فەرید ئەسەسەرد

هەندێ لە عەرەبەکان ناوی دەنێن دووەم شۆڕشی عـــەرەب، بەو پێودانگەی کە یەکەم شـــۆڕش ئەو شۆڕشەیە کە لەجەنگی یەکەمی جیهاندا شەریفی مەککە حوسەینی کوڕی عەلی لە حیجاز لەدژی تورك بەیارمەتیی بەریتانیا هەڵگیرساندو لەرووی مێژووییەوە بناغەیەکی گونجاوی بۆ رزگاربوونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی جیهانی عەرەب دانا. لەم دیدەوە ئەوەی ئێستا زۆربەی جیهانی عەرەبی گرتۆتەوە، بە شۆڕشـــی دووەمی عەرەب دادەنرێ. جۆن پییر فیلیو لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری یوو ئیکسپرێس بڵاوکرایەوە، ســـەرنج بەلای ئەوەدا رادەکێشـــێ کە شۆڕشـــەکانی ئەمڕۆی جیهانـــی عەرەب هەوڵی بەدیهێنانی هەمان ئەو بەهایانە دەدەن کە شۆڕشی ئەمریکا لە ســـاڵانی ١٧٧٣- ١٧٨٣ و شۆڕشـــی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا هەوڵیان بۆ داوە.

لە راســـتیدا ئەمـــە یەکەم شـــەپۆلی لیبرالی نییە لە ناوچەکەدا، چونکە ناوچەکە لە ســـەدەی رابردوودا شـــەپۆلێکی لەو جـــۆرەی بەخۆوە دیوە، بەتایبەتی دوابـــەدوای جەنگی دووەمی جیهان و یەکێ لە لێکەوتەکانی ئەم شـــەپۆلە لەکوردستاندا دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردســـتانە. لەساڵی ١٩٤٦دا. بەڵام یەکەم شـــەپۆلی لیبراڵ زۆر ســـەرکەوتوو نەبوو، چونکە مۆدێلەکانی ئەو شەپۆلە وردە وردە یـــەك لەدوای یەك پوکانەوە. بـــەم پێیە، لیبرالیزم لەئێران لەساڵی ١٩٥٣دا پاش کودەتای شا لەدژی حکومەتی ســـەرەك وەزیران محەمەد موسەددەق، لە میســـر لەساڵی ١٩٥٤ بەدواوە پاش هاتنە سەر کاری جەمال عەبدولناســـر، لە ســـوریا لەساڵی ١٩٥٨دا پاش یەکگرتن لەگەڵ میســـر، لە عیراق لە ساڵی ١٩٥٨دا پاش رووخانی رژێمی پاشایەتی شکستی هێنا. لە لوبنانیش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی گیروگرفتـــی فەلەســـتین و دەســـتێوەردانی دەرەکییەوە، لیبرالیزم لە ناوەڕاســـتی حەفتاکاندا، لەگەڵ هەڵایسانی شـــەڕی ناوخۆدا گورزێکی گورچکبڕی تێسرەوێنراو لەساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە، پاش دەرچوونی هێزەکانی سوریا لەلوبنان، دەستی بەبوژانەوە کردەوە. تاکە دوو نموونەی سەرکەوتووی لیبراڵیزم لە ناوچەکەدا تەنیا لە تورکیا لەســـاڵی ١٩٤٥ بەدواوە پاش دەســـتپێکردنی قۆناغی فرە حزبی و هەروەها لە ئیســـرائیل لە ســـاڵی ١٩٤٨ بەدواوە، دەبینرێن.

ســـەرەڕای ئەوەی کەزیاتر لە٣٠٠ ساڵ بەسەر دەرکەوتنـــی چەمکـــی لیبرالیزمـــدا تێپەڕیوە، ناوەڕۆکـــی دەســـتەواژەکە هیـــچ گۆڕانێکـــی بنچینەیی بەسەردا نەهاتووەو وەك چۆن لە سەدەی حەڤدەهەمدا لیبرالیزم مانای ئازادیی دەبەخشی، ئێستاش هەمان مانا دەبەخشێ، تەنانەت پێوەندیی پتەوی ئەم دەســـتەواژەیە لـــە رووی مێژووییەوە بەشۆڕشـــی پیشەســـازی و پەیدابوونی چینی بورژوازیی ناوەڕاســـتەوە، رەنگدانەوەی لەســـەر ناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە ئەمڕۆ لەناوچەکەدا سەر دەردێنن و بەم مانایە ناوەڕۆکی بزووتنەوەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە هەوڵی چینی ناوەڕاستە بۆ دابینکردنی پێشکەوتنێکی ئابووری و سیاســـی و کۆمەڵایەتیی زۆرتر. لیبرالیزم بە مانا ئابوورییەکەی بە مانای ئازادکردنی بازاڕو نەهێشتنی قۆرخکاری دێ و بە مانا سیاسییەکەی بەمانای پەرەپێدانی رۆڵی تاك لەژیانی گشتیداو فراوانکردنی ئازادییـــە دیموکراتییەکان دێ. لەم چوارچێوەیەدا دەشێ لیبرالیزم پەراوێزێکی بەرینتر بۆ ئازادیی ئایینی و عەلمانیەت و ســـەروەریی یاسا و پەیدابوونی دەوڵەتی یاساو خزمەتگوزاری فەراهەم بکات.

ئەگەرچی ئەم شـــەپۆلە لە ناوچەکەدا زۆرتر جیهانـــی عەرەبی گرتۆتەوە، بـــەڵام لە دەرەوەی جیهانی عەرەب دەشێ شەپۆلەکە کاریگەیی قووڵ لەسەر کورد، هەم لە عێراق و سوریا کە هەردووکیان ئەندامی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەکانن، هەم لە تورکیا بەجێ بهێڵێ، هەروەها دەشـــێ شەپۆلەکە لە قۆناغی دواتر کاریگەری لەسەر وڵاتانی تری هاوسێی جیهانی عەرەبیش بەجێ بێڵێ.

لە ئێستاوە دەتوانرێ پێشبینیی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاســـتی لیبراڵ بکرێ کـــە لیبرالیزمەکەی بەپێچەوانەی لیبرالیزمی شـــەپۆلی هەوڵ جارە، هاوردە نییە بەڵکو زادەو هەڵقوڵاوی پێداویستییە مادییەکانی خودی ناوچەکەیە. هەر ئەمەشە کە چانسێکی زۆرتری سەرکەوتن و سەقامگیربوونی، پـــاش تێپەڕاندنـــی قۆناغێکی گواســـتنەوەی پڕکێشمەکێش، پێ دەبەخشێ.

# لە فەرهەنگی نەتەوەیی کورددا
# ئایین و سیاسەت تێکەڵاو نەکراوە



((نابێت هیچ ئایینێک بە نەتەوەیی بکرێت، واتە دەبێت دەوڵەت بێلایەن بێت لەئاست هەموو ئایین و باوەڕەکاندا، نابێت کەڵکی خراپ لەئایین وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسییەکان، کەواتە باشترە ئایین و دەسەڵات لێکجیابکرێنەوە، چونکە هەر کاتێک تێکەڵاوکراون، ئەوا بۆتەهۆی ئەوەی کەڵکی خراپ لەئایین وەربگیرێت و زیان بە ئایین بگەیەنرێت)).

پرۆفیسۆر نەزیف شەهرانی

پێش ئەوەی ئایین وەك ئایینی نەتەوەیەكی دیاریكراو پێناسەكرابێت، هەوڵدراوە ئایین بكرێتە سیاسەت و دەوڵەتی ئایینی یان تیۆكراتی پێ دامەزرێنرێت و زمان و ناسنامەی نەتەوەی خاوەن ئایینەكەش بە باڵای دەوڵەتەكەدا ببڕێت. هەر بۆیە لەدێر زەمانەوە زۆر نەتەوەی جیاواز هەوڵیانداوە بەرێگەی ئایینە جیاوازەكان بوونی خۆیان وەك نەتەوەی سەردەست بەسەر نەتەوەوە بچووكەكانی جیهاندا بسەپێنن، هەر بۆیە ئەگەر تێكەڵاوكردنی ئایین و سیاسەت یان ئایین و دەوڵەت یەكێك لەسیما هاوبەشەكانی هەموو جیهان بێت و هەمووشیان كارەساتیان بەدوای خۆیاندا بەجێهێشتبێت، ئەوا مەسەلەی بەنەتەوەیی كردنی ئایین یان تێكەڵاوكردنی ئایین بەنەتەوە، سیمایەكی دیكەی تێكڕای ئایینە هاوبەشەكانی جیهانە و كەم و زۆر لەزۆربەی ئایینەكاندا بوونی هەبووە، ئەمیشیان دیسان كارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، هەست دەكەین زۆربەی ئەو ناوچانەی كە بوونە بەشێك لەنیشتمانی عەرەبی، ئەو ناوچانەن كە لەدوای فتوحاتی ئیسلامیەوە بوونەتە بەشێك لەدەوڵەتی ئیسلامی و دواتریش نەتەوەكانیان لەچوارچێوەی قەومیەی عەرەبییدا توانراونەتەوە، سەبارەت بەم لایەنە محەمەد حەسەنێن هەیكەل لەیەكێك لەكتێبەكانیدا باسی ئەوە دەكات عەرەبەكان رقیان لەفارسە لەبەر ئەوەی ئیسلام بوون، بەڵام نەبوون بە عەرەب، ئەمەش بەو جۆرە لێكدراوەتەوە چۆن ئیسلام وەردەگرن و عروبە رەتدەكەنەوە، لەوانەیە ئەمە بۆ گەلێكی وەك گەلی فارس كە بەدرێژایی مێژوو خاوەنی ئیمپراتۆریەتی گەورە بوون كارێكی زۆر قورس نەبێت، بەڵام بۆ گەلێكی وەك گەلی كورد كە بەدرێژایی مێژووی خۆی چەوساوەو زوڵم لێكراو بووە، كارێكی جێگەی بایەخ بێت كە وێرای هەموو نەهامەتییەكانی كەبەسەریدا هاتووە، بەڵام ناسنامەی نەتەوەیی بوونی خۆی پاراستووە و توانیویەتی پارێزگاری بە مێژووی نەتەوەیی خۆی بكاتەوە، هۆكاری پاراستنی ئەم مێژوو و ناسنامەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

١. كورد ئایینی پیرۆزی ئیسلامی وەك ئایینی ئاشتی و تەبایی و لێبووردەیی ناسیوەو هەوڵیداوە ئایین وەك هەوێنی كۆمەڵگە و رێسایەكی ئەخلاقی سەیر بكات، بۆیە هەموو كاتێك ئایین پیرۆزییەكی تایبەتی هەبووە و تێكەڵاوی كاروبارەكان نەكراوە.

٢. كورد هەوڵی نەداوە ئایین بۆ دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی بەكاربهێنێت و بیكاتە ئامێرێك بۆ ئامانجی فراوانخوازی و سەركوتكردنی نەتەوەكانی دیكە.

٣. كورد هەوڵینەداوە ئایین و سیاسەت تێكەڵ بكات و ئایین بكاتە ئامێرێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەكانی.

كەواتە لەبەر ئەوەی ئایین وەك بەهایەكی پیرۆز لەلایەن كوردەوە تێكەڵاوی سیاسەت نەكراوە، بۆیە هەم ئایینەكەمان پارێزراو بووە هەم ناسنامەی نەتەوەییشمان، بەڵام كاتێك هەوڵدەدرێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەردەمێكی وەك ئەمڕۆدا تێكەڵاوی سیاسەت بكرێت، ئەوا هەست دەكرێت مەترسی نەك دەكەوێتە سەر پرۆسەی دیموكراتی و پەرەپێدان، بەڵكو مەترسی دەكەوێتە سەر ناسنامەی نەتەوەییمان، لەبەر

**لەبەر ئەوەی ئایین وەك بەهایەكی پیرۆز لەلایەن كوردەوە تێكەڵاوی سیاسەت نەكراوە. بۆیە هەم ئایینەكەمان پارێزراو بووە هەم ناسنامەی نەتەوەییشمان**

ئەوەی ئەو سیاسەتەی ئێستا تەیار و حزبە ئیسلامییەكان هەمان سیاسەت و بەرنامەی ئەو حزبە ئیسلامیە عەرەبیانە دووبارە دەكەنەوە كە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە كە ناسنامەی نەتەوە غەیرە عەرەبییەكان لەبۆتەی ئیسلامی عروبیدا بتوێننەوە، هەر لەم روانگەیەشەوەیە كە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ناوی برایەتی نێوان موسڵمان و موسڵمان هەستی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەكەماندا كاڵبكەنەوە، بەتایبەتی لەو بوارەی كە پێوەندی بەمێژوو و زمانەوە هەیە.

### كێشەكان سیاسین ئایینی نین

ئایین وەك دیاری و رەحمەتێك لەپەروەردگارەوە بۆ مرۆڤایەتی، هۆكارێكە بۆ رێكخستنی ژیانی مرۆڤەكان و لێبوردەیی و پێكەوە ژیان، بەڵام زۆر جاریش ئەم ئایینە بێگەردە كراوە بە ئایینی نەتەوەیەكی تایبەت و لەلایەن نەتەوەیەكەوە نەتەوەیەكی دیكەی پێ چەوسێنراوەتەوە، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر عیمادەدین ئەحمەد



ئامۆژگای میناریت بۆ ئازادی ئایینی و سەرۆکی دامەزراوەی زەکاتی موسڵمانانی ئەمریکامان کرد و لەوەڵامدا پرۆفیسۆر عیمادەدین بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (وشەی «ئایین» لەزمانی ئینگلیزی بەواتای «دووبارەبەستنەوە». ئەم بیرۆکەیە لەوە سەریهەڵداوە کە بەشێکی زۆری پیرۆزییەکان لەکەلتووری نەتەوەکان هەموو تاکەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە. ئەو بەشە پیرۆزە لەکەلتووری نەتەوەکان باوەڕێك بووە و ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین «ئایین»، کە ئەویش بریتییە لەبەها و پرەنسیپ و ڕێسا و ڕێنمایی...و تاد. هەربۆیە، هەموو نەتەوەیەك لەچواردەورەی ئایینێك کۆبوونەوە و بەدرێژایی مێژوو بڵاوەیان کردەوە و ئیمپراتۆرییەتیان دروستکرد و ئایینەکەیان بڵاوکردەوە، لەچەند خاڵێکی مێژوودا هۆزەکان بەناوی ئایینەکان بانگ دەکران، ئەم دیاردەیە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە، بۆنموونە ئەگەر بێت و باسی «جوو» بکەین، روون نییە کە مەبەستەکەمان «جوو»ە وەکو گرووپێکی ئیتنی یاخود وەکو ئایینەکە، وشەی «جوو» هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە «جوون» و تەنانەت گەر هیچ باوەڕێکیشی نەبێت نە بە «موسا» و نە بە خودا. تەنانەت لەناو «هندۆسەکان»یش وشەی «خودا» جیاوازە لەبەرئەوەی هەر گرووپێکی «هندۆسی» خودایەکی جیاوازی هەیە. ئەو ئایینانەی کە لەڕووی مێژوویی و جیهانییەوە سەرەکین و گەورەن و کە خۆیان نەبەستۆتەوە لەگەڵ هیچ هۆزێك بریتین لەکرستیانییەت و ئیسلام و بودی، بەڵام کاتێك حزبە ئیسلامییەکان داوای دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن بە هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا، جیاوازییەکی گەورە هەیە. کاتێك کە هاووڵاتیان باس لەئایینێکی دیاریکراو بکەن لەنێو نەتەوە، ئەوکات دوو شێواز هەیە بۆ سەیرکردنی: پارتە سیاسییە بەناو ئیسلامییەکان جەختدەکەنەوە لەسەر ئایین کە ببێتە یاسا لەسەر زەوی. بەهەرحاڵ، ئەگەر بێت و باس لەیەکێتی ئەوروپا بکەین وەکو «کرستیان کڵەب»، یان ئەگەر باس لەتورکیا و پاکستان بکەین وەکو نەتەوەی ئیسلامی، ئەوکات مەبەستەکە وەکو ناسنامەیەکی ئایینی دەبێت، زیاتر لەوەی مەبەستەکە یاسای ئایینی بێت، لێرەشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدەم کە جیاکردنەوە ئەنجامدراوە لەنێوان ئایین و دەوڵەت و ئەم شتەش لەدەستوور هاتووە، بەڵام هاوکات

**عیمادەدین ئەحمەد بۆ گوڵان:**



**ئایین سەرچاوەی کێشەکان نییە، بەڵکو کێشەکە پەیوەستە بە سیاسیکردنی ئایین و هەوڵدانە بۆ ئەوەی بەهاو پرەنسیپەکان لەسەر خەڵکی دیکە فەرز بکەن بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسییەکانی خۆیان**

زۆربەی هەرە زۆرینەی ئەمریکا کرستیانن و وڵاتەکە دەکات بە وڵاتێکی کرستیان بە رەچاونەکردنی ئەو شتەی وڵاتەکە وڵاتێکی فرەییە)).

سەبارەت بەو کێشانەشی کە لەجیهاندا وەك کێشەی ئایینی دەردەکەون، بەڵام لەبنەڕەتدا کێشەی سیاسین، پرۆفیسۆر عیمادەدین لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ڕاستە کێشە هەیە، بەڵام ئایین سەرچاوەی کێشەکان نییە، بەڵکو کێشەکە پەیوەستە بە دەسەڵاتی سیاسی. لەبەرئەوەی کە باسی دەسەڵاتی سیاسی دەکەین ئەوکات مەبەستەکەمان لەگرووپێکی دیاریکراوە کە هەوڵدەدەن بەها و پرەنسیپەکانیان لەسەر خەڵکی تر بسەپێنن و لەسەر حسابی خەڵکی تر بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان. ئەگەر سەیرێکی بنەما سەرەکییەکانی فێرکردنی هەموو ئایین بکەین، بۆ نموونە ئایینی ئیسلام، ئایینی ئیسلام دەڵێت: «لا إله إلا الله»، بەواتای «جگە لەخودا پەرستنی هیچ شتێکی تر ناکرێت»، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو تاکێك بەرپرسیارە بەرامبەر خودا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام دەبینین حاکم و دەسەڵاتدارەکان لەپۆستێکن کە حوکم لەسەر هاووڵاتیان دەکەن و ئەوان بڕیاردەدەن کە چی باشە و چی خراپە، کێشەکەش لەوەدایە

تەنانەت گەر ئەم دەسەڵاتدارانە خواناس بن یان نا. ئەگەر سەیری ستەمدارترین ڕژێمەکانی سەدەی بیستەهەم بکەین دەبینین ئەو ڕژێمانە ڕژێمی ئایینی نەبوونە، بەڵکو ڕژێمی خوانەناسن بوونە، بۆنموونە یەکێتی سۆڤێت و چین، لەگەڵ ڕژێمی عەلمانی، بۆنموونە پارتی نازی لەئەڵمانیا و فاشستی لەئیتاڵیا. هەر بۆیە پێموایە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات لەدوو رووەوە کێشە دەخوڵقێنێت، یەکەمیان: من لەگەڵ ئەو بۆچوونەتان هاوڕام کە دەبێتە هۆی پێکدادانی شارستانییەتەکان، لەبەرئەوەی پارتە سیاسییە بەناو ئیسلامییەکان هەوڵدەدەن ئایین بەکاربێنن بۆ گەیشتن بۆ دەسەڵات، تەنانەت گەر بەهەر ڕێگەچارەیەکیش بێت، لەوڵاتی خۆیان بێت یاخود تەنانەت گەر بەکارهێنانی موسڵمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهاندان و بەکارهێنانی رقوکینەی موسڵمانەکانی ئەمریکا لەپێناو فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان، ئەم گرووپانە ناسنامەی ئایینی بەکاردێنن، لەوە زیاتر کە بەها جیهانییەکانی ئایین بەکاربێنن. ئەگەر بێت و سەیرێکی بەها و ستەندەرە جیهانییەکانی هەردوو لەئایینەکانی کرستیانییەت و ئیسلام بکەین، ئەوکات دەبینین کە هاوشێوەن، هەربۆیە بەها ئایینییەکان سەرچاوەی کێشەکان نین، بەڵکو ناسنامەی ئایینییە. هەروەك کە پێشتریش ئاماژەم پێدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیاکردنەوەی فراوانی ئەنجامداوە لەنێوان کڵێسە و دەوڵەت، لەهەمان کاتیشدا خەڵکی ئەمریکا لەزۆربەی خەڵکی وڵاتانی ئەوروپا خواناس و ئایین پەرستن، تەنانەت ئایین پەرستی هاووڵاتیانی ئەمریکا لە دەوڵەتە ئایینییەکانیش بەهێزترە. بۆنموونە ئەمڕۆ لەوڵاتی ئێران لەنێو گەنجەکان ئاڕاستەیەکی بەهێز هەیە لەپاشەکشەکردن لەئایینی ئیسلامی، لەبەرئەوەی گەنجەکانی ئێران پێیانوایە کە ئایینی ئیسلام تەنیا بریتییە لەدەسەڵاتێکی سیاسی و دەسەڵات بە دەستەبژێرێکی سیاسی دەبەخشێت، بەڵام لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوونی نییە و هاوکات زۆرترین ئایین ناسی تێدایە لەهەموو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو زیاترە.

**بەنەتەوەییکردنی ئایین**
**وەك بەسیاسیکردنی ئایین وایە**

ئامانجی بەنەتەوەییکردنی ئایین یان پڕوپاگەندەکردن بۆ ئەوەی هەموان

شـــوێنکەوتوویی یـــەك ئایینیـــن و براین و جیاوازی نەتەوەیی هیـــچ بەهایەکی نییە، ئەمەش هەوڵێکـــی دیکە بـــۆ تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەی ژێردەست کە لەم راپۆرتە مەبەستمان لەناسنامەی نەتەوەیی خۆمانە، بۆیـــە هەمـــوو کات تایبەتمەنـــدی نەتەوە تایبەتمەندییەکـــی جیاواز بووە و ئەرکی هەر تاکێك بووە کە ئـــەو تایبەتمەندیە بپارێزێت، ســـەبارەت بە تایبەتمەندی نەتەوە پرسیارمان لەپرۆ فیســـۆر یاســـەمین زەین ئوســـتادی سیســـۆلۆژی لەزانکـــۆی Laurier ی کەنەدی کرد و بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەوەی پێوەندی بە ئایدیای نەتەوەوە هەبێت، ئەوا نەتەوە هەر وەك بەنێدکت ئەندرسۆن باسی دەکات، بریتییە لەجڤاتێکی وێناکراو، ئەویش پەیوەستە بەوەی خەڵکانێك بەو شـــێوەیە لەخۆیان دەڕوانن کە چەند شـــتێکی هاوبەشـــیان هەیە، خۆیان وەك جڤاتێکـــی وێناکراو پێناســـەدەکەن. بە دڵنیاییـــەوە هەنـــدێ جار ئایین پەیوەســـت دەکرێتەوە بە نەتەوەوە، لەلایەن ئەو کەسانەی خۆیان بە بەشـــێك لەو جڤاتـــە دەزانن، بەڵام کاتێـــك ئاییـــن لەگەڵ دەوڵەتدا پەیوەســـت دەکرێتـــەوە، واتە ئەو کاتـــەی ئایین دەبێتە بەشـــێك لەدامودەزگاکانی دەوڵەت، ئەوکاتە ئەمە دەبێتە مایەی کێشـــە و ســـەرچاوەی گیروگرفتـــی گـــەورە. ئایینیـــش کاتێك دەکرێتە بەشـــێك لەدامودەزگاکانی دەوڵەت، بۆی هەیە لەکاتی یاسادانانـدا بەکاربهێنرێت بۆ ســـەپاندنی تێگەیشـــتن و تەفسیرێکی دیاریکراوی ئایین، ئەمە لەکاتێکدا لە قورئان و لەئایینی ئیســـلامدا باس لەوە کراوە نابێت زۆرلێکردن هەبێت لەئاییندا، بۆ نموونە کاتێك دەوڵەت تەفســـیرێکی دیاریکراو دەسەپێنێت، بۆ نموونە سەرپۆش فەرزدەکات، ئەوا لایەنی ڕوحانی ئاییـــن کاڵدەکاتەوە. هەروەها کاتێك بـــاس لەبنیادنانی نەتەوەش دەکرێت لەســـەر ئەساسی ئایینی ئیسلام، ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایە مەبەســـتمان لەئیسلام چییە؟ و ئایا ئاماژە بەچی دەکەین و ئایا تێگەیشتن و لێکدانەوەی کێ بۆ ئیسلام بەکار دەهێنن و دەیکەنە بناغەی کارەکەی؟ لێرەدا مەسەلەکە هەر تەنیا ئەوەنییە لەتیوکراتیدا یاســـاکان بۆ ســـەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێنەوە، بەڵکو ئەو یاســـایانە وەك یاســـاگەلێکی ئیلاهی ناودەبرێن، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ســـەیری شـــەریعەت بکەین، ئەوا یاسایەکی ئیلاهی نییە، بەڵکو بریتییە لەتەفسیر و لێکدانەوەی مرۆڤەکان بۆ دەقە ئایینییەکان، لەڕاســـتیدا

## یاسەمین زەین بۆ گوڵان:




# ئەو کاتەی ئایین دەبێتە بەشێک لەدامودەزگاکانی دەوڵەت، دەبێتە مایەی کێشە و سەرچاوەی گیروگرفتی گەورە

ئەم لایەنە کەمتـــر لەبەرچاودەگیرێت، لەبەر ئەوە بە زۆری خەڵك دڵسۆزییەکیان هەیە بۆ ئەو یاسایانە، ئەویش چونکە بەو شێوەیە لەو یاســـایانە دەڕوانن تەمەنیان چەندین سەدەیە کە بـــە دڵنیاییـــەوە ئەوە ئیرادە و یاســـای خوایـــە و نابێت ئەوان لێـــی لابدەن و قابیلی دەســـتکاریکردن و گۆڕین نین. لەڕاســـتیدا هەوڵـــدان بـــۆ ســـەپاندن و جێبەجێکردنی ئەو یاســـایانەش لـــەم ســـەردەمەدا دەبێتە ســـەرچاوەی کێشـــە و گرفت، لەبەر ئەوەی سیاقە کەلتوورییەکە و سیاقە کۆمەڵایەتیەکە لەبەرچاوناگرێـــت. لەکاتێکدا ئەوەندەی من ئاگادارم بم ئیسلام لەڕووی مێژوییەوە کات و شـــوێنی لەبەرچاوگرتووە و توانای ئەوەی هەبووە لەگـــەڵ گۆڕانی دۆخەکەدا هەنگاو هەڵبگرێـــت، لەبەر ئەوە ڕەنگە باشـــتربێت سوود لەو ڕوحیەتە وەربگرین کە لەئیسلامدا هەیە، بۆ هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و بەها بەرز و باڵاکان و هەوڵبدەین لەم ڕۆژگارەدا سوودیان لێوەربگرین، لەبری ئـــەوەی هەوڵبدەیـــن حەرفیەن تەفســـیر و لێکدانەوەی ئەو ســـەردەمانە لەم ڕۆژگارەی ئێستادا جێبەجێ بکەین)).

بەڵام پرۆ فیســـۆر جەیمس جۆنز ئوستادی مێژوو لەزانکۆی یەڵ Yale و تایبەتمەند لەپێوەندییەکانی نێوان کریســـتیان و ئیسلام، مەســـەلەی بەنەتەوەییکردنـــی ئاییـــن وەك کێشەیەکی ســـەدەی بیستویەك سەیر دەکات و پێیوایە ئەگەر پێشتریش پاکانەیەك بۆ ئەوە هەبووبێت، ئەوا بۆ ســـەدەی بیستویەك ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، لەمەش زیاتر پرۆ فیسۆر جۆنز مەسەلەی بە نەتەوەییکردنی ئایین وەك بە ئایدلۆژیکردنی سساسیی سەیر دەکات و بۆ ئەمەش ئاماژە بە نموونە ئایدلۆژییەکانی ئەوروپـــا دەکات بەوەی چ کارەســـاتێکیان خولقاندووە، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گـــوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (ئەگەر سەیرێکی زۆربەی نەتەوەکانی جیهانی بکەین، تەنانەت کۆمەڵگە مۆدێرنەکان-یش، تەنانەت وڵاتانێك وەکـــو ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە داوای جیاکردنەوە دەکەن لەنێوان کڵێســـە و دەوڵەت، دەبینین ئایین زاڵە لەسەر رەفتـــار و جولانەوەیـــان. لەلایەنێکی ترەوە، شـــتێك هەیە بەناوی «ئایینی مەدەنی»، بۆنموونە کاتێك ســـەرۆك «ئۆباما» دەڵێت «خودا ئەمریکا بپارێزێت»، ئەم وتەیە هیچ مەبەســـتێکی ئایینیی لەپشـــتەوە نییە بۆ هاندان یان هەر شتێکی تر، بەڵکو دوعایەکی ئاســـاییە و چەندین ساڵە ســـەرۆکەکان ئەم وتەیـــە دەڵێنەوە. لایەنی ســـێیەم، کاتێك کە لەکۆمەڵگەیەکـــدا ئایینێکـــی باڵادەســـت هەبێت ئـــەوکات دەبێتە مایەی کێشـــە، بۆ نموونە ئەم دیاردەیە لەعێـــراق دەبینرێت کە ئایینێك یاخود گرووپێکی زۆرینەی ئایینێك دەسەڵاتی سەپاندووە لەســـەر بارودۆخەکان. هەربۆیە، بەڕای من تێکەڵکردنی ناسنامەی نەتەوەیـــی لەگەڵ ناســـنامەی ئایینی لەم سەردەمەدا کە لەسەدەی ٢١مینین، ئەوکات پێموایـــە «پرۆبلەماتیک»ـە.هەربۆیە ئەگەر یاســـا گشـــتییەکانی حکومەت بخوێنیتەوە لەوڵاتانـــی لیبراڵ دیموکراســـیی رۆژئاوا، دەبینین یاسا گشـــتییەکان بریتین لەئەرك و پاپەندەکانـــی ئادەمیزاد کـــە لەلایەن خوداوە ســـەپێندراوە. ئەگەر ســـەردانی دادگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا بکەیت، دەبینی یاساکانی موسا و محەمەد و عیسا پیادە دەکرێت کە ئەم یاســـایانە پەیوەستن بە مەسەلەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق و منداڵ لەباربردن...و تـــاد. بۆیە، وێڕای ئەوەی کە وڵاتەکـــە دیموکراســـییەتێکی عەلمانییە، بـــەڵام باکگراوندێکی ئایینی بوونی هەیە و ژمارەیـــەك لەهاووڵاتیان هەین، نازانم ژمارە و ڕێژەیـــان چەندە، بەڵام ژمارەیەك هەین کە بەپێی یاسا ئیلاهییەکان رەفتاردەکەن. دەستوور جیاکردنەوەی ئەنجامداوە لەنێوان کڵێســـە و دەوڵەت، بەڵام مەبەستەکەی دوورخستنەوەی ئایین نییە لەسیاسییەت، بەڵکو مەبەستەکەی بریتییە لەپاراستنی ئایین لەسیاسەت. لێرەوە دەتوانم بڵێم کێشەکە ئایین نییە، بەڵکو خراپ تێگەیشـــتنە لەئایین، هەموومان لەبیرمانە «ستالین» چییکرد

**جەیمس جۆنز بۆ گوڵان:**



**دەستوور جیاکردنەوەی ئەنجامداوە لەنێوان ئایین و دەوڵەت، بەڵام مەبەستەکەی دوورخستنەوەی ئایین نییە لەسیاسییەت، بەڵکو مەبەستەکەی بریتییە لەپاراستنی ئایین لەسیاسەت**

لەروسیا. بەڵێ دروستە لیستێکی درێژمان هەیە لەبزووتنەوە و رێکخراوی ئیسلامی لەتالیبان و رێکخراوەکانی تر کە بەناوی ئایین کاری خراپیان ئەنجامداوە، بەڵام رەفتارەکانیان هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ رەفتار و کارەکانی گرووپە کۆمیۆنیست و عەلمانییەکان. رێکخراوەکان لەهەموو جیهاندا کاری تەقینەوە و خۆکوژییان ئەنجامداوە و زیاتر لەکارەکانی تالیبان و یان حەماس، بۆیە بەرای من ئەم مەسەلەیە هیچ ئەجێندایەکی ئایینیی لەپشتەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە پرسی نەتەوەکان. لەبەرئەوەی تەنانەت گەر ئایینی بێت یان عەلمانی یان کۆمیۆنیزم یان ناشنالیزم، یان ئەگەر بتانەوێ ناوی لێبنێن ئەمریکانیزم، ئەگەر بێت و نەتەوەیەك بچەوسێنیتەوە بێگومان کاردانەوەی لێ دەکەوێتەوە. لێرەشدا من لۆمەی ئایین ناکەم لەسەر کار و رەفتارەکانی «تالیبان»، بەڵکو لۆمەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەم، دڵنیام کە ئێوەیش لەیادتان ماوە لەبارەی سەرەتاکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی تالیبان، ئەگەر بە مێژوو بگەرێینەوە دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی لە»تالیبان» دەکرد بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤێت، لەبیرمە سەرۆك «رۆناڵد ریگن» موحافزکارترین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند کەسێکی لە»تالیبان»ی بانگێشتکرد بۆ کۆشکی سپی. لەبیرمە ئەندامە بریندارەکانی «تالیبان» لە»ئەفغانستان» کە ئەوکات بە بۆچوونی ئەمریکا «جیهاد»یان دەکرد لەدژی یەکێتی سۆڤێت هێنران بۆ ئەمریکا بۆ چارەسەر، بەڵام ئەمرۆ پاش ئەوەی جیهاد-ەکە لەدژی ئەمریکا وەرگەراوە بۆتە شتێکی خراپ و لۆمەی ئایینی لەسەر دەکەن. ئێمە بووین پارە و پشتگیریمان بە پاکستان و ئەفغانستان بەخشی و ئێمە بووین «ئوسامە بن لادن»مان دروستکرد. من پیاوێکی بەتەمەنم و ئەم رووداوانەم لەبیرماوە)).

هەر سەبارەت بەم لایەنەو بۆ پێوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگە پرۆفیسۆر عیمادەدین ئەحمەد لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەگەر بێت و لەروانگەی کرستیانەکانی رۆژئاوا سەیری ئایین بکەین لەبارەی شێوازی شیکردنەوەی ئایین، دەبینین لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەسانێك هەین کە هەوڵ دەدەن ئەو یاسایە بسەپێنن کە بەلای خۆیانەوە ئیلاهییە، لەهەمان کاتیشدا کەسانێکی تر ئەو یاسایانە پەسەند دەکەن کە مرۆڤ دروستیانی کردووە. ئەو کەسانەی کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێن دەیانەوێ یاسای ئیلاهی بسەپێنن، دەبینین ئەو یاسایانە زۆر جیاوازن لەیاساکانی کڵێسە. هەربۆیە، لێرەدا مەسەلەکە ناگاتە یاسای ئیلاهی، بەڵکو بریتییە لەچۆنییەتی تێگەیشتن لەیاساکان. پێموایە هەمان شت لەلای موسڵمانەکان دەبینرێت، بۆنموونە موسڵمانە موحافزکارەکان کە لەوڵاتەکانی خۆیاندا لەدژی بیرۆکەی دیموکراسین، ئەگەر بێت و لێیان بپرسی لەبارەی تێگەیشتنیان لەئایینی ئیسلام، ئەوکات دەبینین شێوازی تێگەیشتنیان زۆر جیاوازە لەتێگەیشتنی زۆربەی زۆرینەی موسڵمانەکان لەئایینی ئیسلام و هاوکات جیاوازە لەتێگەیشتنی پسپۆر و زاناکان کە توێژینەوە لەسەر هەمان یاساکان دەکەن. ئەگەر سەیری رەفتار و چۆنییەتی شیکردنەوە و تێگەیشتنی وڵاتەکان بکەین لەبارەی ئایینی ئیسلام، دەبینین جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو رێسا و رێنماییانەی کە پێغەمبەر «محمد» (د.خ) باسیکردووە، بۆنموونە، ئەگەر برۆی بۆ عەرەبستانی سعودیە دەبینی لەوێ ئافرەتان لێیان قەدەغەکراوە ئۆتۆمبێل لێخورن، لەئایینی ئیسلام-دا هیچ یاسایەك نییە کە بیانو بۆ ئەم یاسا دروستکراوە بێنێتەوە، تەنانەت سعودیە-ش دان بەوە دەنێت کە یاساکانی ئیسلام هیچ یاسایەکی نییە لەم بارەیەوە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر جۆنز لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەحمەد لەم راپۆرتە جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە کە ئایین کێشەکە نییە، بەڵکو ئەوەی دەیکاتە کێشە ئەوەیە کە ئایینەکە دەکرێتە سیاسەت و سیاسەتەکەیە کە ئایین رووبەرووی رەخنە دەکاتەوە.

### ئایین و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی


گومانی تێدانییە چۆن مرۆڤەکان پێش نەتەوە بوونیان هەبووە، بەهەمان شێوە نەتەوەکانیش پیش ئایینەکان بوونیان هەبووە، ئایین لەپێناوی ئیسلاحی نەتەوەکاندا هاتۆتە خوارەوە، هەر بۆیە ئایین هۆکارێك بووە بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی نەتەوەو نەك نەتەوە هۆکارێك بووبێت بۆ پێشخستنی ئایین، بەڵام ئەم هاوکێشەیە لەئەوروپای سەدەکانی ناوەراست و دەسەڵاتی کەنیسە پێچەوانە ببووەوە و ئایین ببووە هۆکاری نەمانی هەستی نەتەوەیی و سرینەوەی ناسنامە و بوونی نەتەوەیی و هەر ئەمەش وایکرد دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی تاریکی سەدەکانی ناوەراست و سەرهەڵدانی سەردەمی رۆشنگەری، هاوکات بیری نەتەوەیی سەر هەڵبدات و بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی ببێتە شیوەیەك بۆ رێکخستنی گەلانی ئەوروپا، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر نەزیف شەهرانی ئوستادی



دیراساتی ئۆراسیا لەزانکۆی ئینديانا بەمجۆرە لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (لەڕاستیدا بیرۆکە-ئایدیای- نەتەوە لەئەورووپادا سەریهەڵدا، ئەویش لەسەردەمی ڕێنسانس و ریفۆرم لەڕۆژگاری مۆدێرنەدا، نەتەوە بەو شێوەیە پێناسەکراوە کە کۆمەڵە خەڵکێکن زمانی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کارکردنی هاوبەشیان هەیە. ئایین شتێکی تەواو جیاوازە، بەشێکە لەڕێگەیەکی مرۆیی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو نادڵنیایی و گومانانەی لەژیاندا دێتەڕێمان. ئەوەش ئاشکرایە ئایینە یەکتاییەکان(تەوحیدییەکان) باوەڕیان وایە خودا پێغەمبەری ناردووە، لەو ڕێیەوە بەرنامە و پەیامی خۆی ڕەوانەکردووە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان کێشە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە خۆیانەوە چارەسەربکەن، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوەیان دەستبکەوێت بۆچی ڕووداوگەلێکی دیاری کراو لەکەسانێکی دیاریکراو و لەشوێنگەلێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن. هەروەها پرسیاری ئەوەی بۆچی ناعەدالەتی هەیە، بۆچی خەڵکی ئێش و ئازار دەچێژن، زۆرێك لەپرسیاری دیکە کە ئایین یارمەتیدەرە لەوەڵامدانەوەیان. ئەوجا لێرەوە ئەگەر پرسیارەکەی ئێوە بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژمەوە بڵێم: بۆچی نەتەوەکرا بە ئایین؟ ئەم پرۆسەیە لەئەورووپاوە دەستی پێکرد، بۆ نموونە دەبوو نەتەوەی فەرەنسی کاسۆلیك بێت، بەریتانیا، شانشینی بەریتانیا، کاتێك دامەزرا دەبوو پرۆتستانت بێت، ئەمریکی و ئەڵمانییەکان دەبوو پرۆتستانت بن. دوای ١٥٠ ساڵ شەڕ توانرا نەتەوە مۆدێرنەکان دروست بکرێن، کە کڵێسای هاوبەش و زمانی هاوبەش و کەلتووری هاوبەشیان هەبێت، ئەوە سەرەتای بە نەتەوەییکردنی ئایین بوو. لەهەندێ لەکۆمەڵگەکاندا ئەم چەمکە لەڕۆژئاواوە هێنرا. پێشتر خەڵکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی لەدەوڵەتێکدا دەژیان کە ئیمپراتۆریەت بوون، وەك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئیمپراتۆریەتی قاجاری لەئێران و ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی، کە خەڵکی باوەڕیان بە ئایینێکی هاوبەش هەبوو، بەڵام لێبوردەبوون لەگەڵ، ئەوانەی باوەڕیان بەو ئایینە نەبوو، بە ئاشتیانە لەگەڵیاندا ژیان. ئەمە لەکاتێکدا لەدەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکاندا ئایین بە نەتەوەیی کرا، ئەمەش لەباوەڕبوون بە ئایینەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو ئایین وەك ئامرازێك بەکارهێنرا بۆ پێشێلکردنی ئەو گرووپانەی باوەڕی جیاوازیان هەبوو. بۆ نموونە لەتورکیا ئەتاتورك ئایینی هەڵوەشاندەوە و لەبری ئەوەی دەوڵەتێکی عەلمانی دروست بکات، دەوڵەتێکی دژەئایینی دروست کرد. بیرۆکە سەرەکییەکە ئەوەیە بە نەتەوەییکردنی ئایین لەدەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکاندا مایەی کارەسات بووە)).

سەبارەت بەوەشی کە ئێستا هەندێك تەیار و حزبی سیاسیی ئیسلامی جارێکی دیکە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی هەمان بانگێشە دووبارە دەکەنەوە، پرۆفیسۆر شەهرانی دەربارەی ئەم پرسەش وتی: (من پێموایە ئەوە هەڵەیە و هیچ دەرئەنجامێکی لێناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بە نەتەوەییکردنی ئایین لەوڵاتە عەرەبی و غەیرە عەرەبییەکاندا گیروگرفتی زۆری دروست کردووە و ئاستەنگ بووە لەبەردەم یەکێتی بازرگانی و سیاسیی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، لەبەر ئەوەی هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتییەك لەسەر ئەساسی ئایینی هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە. لەکاتێکدا ئەوەی ئێستا ئەورووپا هەوڵی بۆ بدات تەجاوزکردنی ئایینی و زمانی هاوبەشە بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی سیاسی گەورەتر لەدنیایەکی بە جیهانی بوودا، یەکێتییەك گەورەتر بێت لەئەمریکا، کەنەدا، چین و...تاد. کەواتە بوونی بیرۆکەی دروستکردنی یەکێتی کارێکی باشە، لەکاتێکدا کۆششکردن بۆ هێنانەدی ئەم یەکێتییە لەسەر ئەساسی ئایین ئەگەرێکی دوورە. لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئایین وەك پەردەیەك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆ سەرکوتکردنی، ئەوانی دیکە، بۆ هێنانەدی باڵادەستی گرووپێکی ئیتنی، کارێکی هەڵەیە، ئەوە بێڕێزیکردنە بە ئایین، لەڕاستیدا ئەو کەسانە زیان بە خۆیان بە ئایینیش دەگەیەنن بەم کارە. ئەوەی پێویستە ئەوەیە دەبێت بە سیاسییەکان بڵێین کە دەست لەبەکارهێنانی ئایین هەڵبگرین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لەکاتێکدا باوەڕیان بە بنەماکانی عەدالەت نییە کە ئایین بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە ئەگەر باوەڕ بەم بنامایە بهێنین و پیادەیان بکەین، ئەوا لەجیهانێکی باشتردا دەژین، لەبەر ئەوەی ئێستا ئایین بەکار دەهێنرێت بۆ بەرەودان بە بەرژەوەندی و تموحە شەخسییەکان. هەربۆیە من پێموایە نابێت هیچ ئایینێك بە نەتەوەیی بکرێت، واتە دەبێت دەوڵەت بێلایەن بێت لەئاست هەموو ئایین و باوەڕەکاندا، واتە نابێت کەڵکی خراپ لەئایین وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسییەکان، کەواتە باشترە ئایین و دەسەڵات لێکجیابکرێنەوە، چونکە هەر کاتێك تێکەڵاوکراون، ئەوا بۆتەهۆی ئەوەی کەڵکی خراپ لەئایین وەربگیرێت و زیان بە ئایین بگەیەنرێت.)).

**نەزیف شەهرانی بۆ گوڵان:**



**نەتەوە بەو شێوەیە پێناسەکراوە کە کۆمەڵە خەڵکێکن زمانی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کارکردنی هاوبەشیان هەیە. ئایین شتێکی تەواو جیاوازە، بەشێکە لەڕێگەیەکی مرۆیی بۆ خۆگونجاندن**



# فاوڵی سیاسیی قەیناکا، بەڵام یاریگا و ڕێساکانی گەمەکە تێک مەدەن!



عەبدولڕەحمان سدیق

گەمەی سیاسیی لەزۆر شتدا لەگەمەی وەرزشیی دەچێــت و گەمە وەرزشــییەکانیش هــەر جۆرێکیان تەماشا بکەیت، دەبینیت کۆمەڵێك ڕێسا و ژمارەیەك ڕێنمایی تێدایە کە لەســەر وەرزشــوان پێویستە پێش دەستکردن بە یاری بیانزانێت.

یاری یان گەمە یان وازیی بەزمانی هەر ناوچەیەك، خۆشــییەکەی لەوە دایە کە لەبەر ڕۆشــنایی یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە خۆی بەڕێوە بچێت، چونکە لەم حاڵەتەدا گشت یاریزانان دەزانن چ کارێك ڕێپێدراوە و چ کارێك قەدەغەیە.

بەڵام دیاریشە لە حاڵەتی پەیڕەونەکردنی ڕێساکانی هەر یارییەکدا، هیچ مانایەك بۆ ئەو یارییە نامێنێ، چونکە لە نەبوونی یاســا و ڕێسای گەمەدا، هێزی بەرژەوەندیــی و بەرژەوەندیی هێــز بڕیار دەدات کامە گۆڵە و کامەش ئۆفســایدە؟ کامە راســتە و کامەش فاوڵ؟!

گەمەی سیاسییش بەهەمان شێوەیە، کاتێك مانای راســتەقینەی خۆی دەبەخشــێت کە لەبەر ڕۆشنایی دەستوورێکی پەسەندکراو، یاسای حزبەکان و ڕێسای کار و یاسای هەڵبژاردن و ململانێکانی بەڕێوە بچن.

بەڵام وەختێك گشــت یاســا و ڕێساکانی گەمەی سیاســیی ون دەبن، ئیدی مانایــەك بۆ ئەم گەمەیە نامێنێ، چونکە لە نەمانی یاســای گەمە و ڕێسای یارییەکەدا ئیدی ناوبژیوان یان یاریزان پەنا دەبەنە بەر هۆکاری دیکە بۆ ئەوەی هەڵە و ڕاســت دەستنیشان بکەن!

لە ساتەوەختی نەمانی یاســای گەمە، گەمەی یاســا دێتە ئاراوە و هێــز و بەرژەوەندیی و میزاجی کەس و ڕۆژ و ســات بڕیار دەدەن لە بارەی دروست و نا دروستیی هەڵسوکەوتەکانەوە.

ئیدی ئەوســاش شــتێك ئەمڕۆ هەڵەیە، سبەی لەوانەیە ڕاســت بێت و کاتێك ئەو بیکات هەڵوێستە و هەمان شت تۆ بیکەیت هەڵەیە.

کارێك ئــەو بیکات بەرژەوەندیی نیشــتمانە و تۆ بیکەیت هیچ نییە.

بۆیە گەمەی سیاســیی لە ڕۆژئاوادا سیاســەت بەرهەم دەهێنێت، چونکە گەمەی سیاســیی بەپێی ستاندارێك و بەپێی یاسا و ڕێسایەك بەڕێوە دەچێت کە هەمووان وەك یەك ملکەچی دەبن، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی خۆماندا گەمەی سیاسیی دەبێتە سیاسەتی گەمە و دواجاریش یاسا و ڕێساکانی گەمەکە پێشێل دەکرێت.

بۆیە گرنگە گەمەی سیاســەت بکەینە پێشبڕکێ نەك ململانێ، ئاشــتیی بکەینە هەمیشــەیی نەك کاتیــی، کێشــەکانمان بابەتیی بن نەك کەســیی، ئاخاوتنمان بەزمانی ڕێز بێــت نەك زبر، جیاواز بین، بەڵام دژ نەبین.

گرنگە سیاسەتمەدار لەهەموو کەس زیاتر ئاگاداری بیرکردنەوەی بێت، چونکە بیرکردنەوەکانی دەبنە وشەو وشەکانیشی لای شەقام دەبنە ڕەفتار.

هــەر حزبێکــی ئۆپۆزیســیۆنیش ئاســاییە حەز لەگەیشــتن بە دەســەڵات بکات، بەڵام حەزکردن لە دەســەڵات بەهەر ڕێگەیەك بێت کارەساتە، حەزکردن لەجوڵاندنی شــەقام ڕەوایە، بەڵام جوڵاندنی شەقام بە ئاراستەی هەڵە بێت، کارەساتێکی دیکەیە، حەزکردن لە دەسەڵات بەهەر ڕێگەیەك بێت، بە جوڵاندنی شەقام بەئاراستەی هەڵە، ئەوە کارەساتی کارەساتە!!


سیاســەتمەدارانی دوێنــێ دەبێــت ئەمڕۆ ئەو ڕاستییەش بزانن کە لەسیاسەتدا سەرکەوتنی ڕەها نییەو دۆڕاندنی ڕەهاش نییە، بەڵکو سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە بەرقەراربوونی ئاشــتیدایەو دەستپێشــخەرییش بۆ دانوستاندن لاوازیی نییە و ڕەتکردنەوەی دانوستانیش ئازایەتیی نییە، سیاســەتی یان هەموو شــتێك یان هیچ، سیاســەتێکی واقیعیی نییە، بەڵکو نەفەسی درێژ دروشمی یان ئاشتی یان ئاشتیی دەمانگەیەنێتە کەناری ئارامیی.

ئازایەتی نواندنی هەڵوێستی ڕەق و توند نییە، بەڵکو داننان بەهەڵەو نواندنــی حیکمەت لەبیر و ڕەفتارداو سیاســەتی دەرگای هەمیشــە کراوە بۆدانوستان و دۆزینەوەی ڕێگەی ســێیەم لەنێوان هەردوو ڕێگەدا، ئازایەتییە.

لەوانەیــە نەیارانــی کوردســتان و ئەزموونەکەی بیانەوێت شــەڕی خۆیان لەسەر خاکی ئێمەدا بکەن، بەڵام دەبێت ئەم ڕاستییە بزانین و ڕێگە نەدەین فیلەکان لەســەر باخچەی ئێمەدا شەڕی خۆیان بکەن، چونکە دواجار ئەوە چیمەنەکەی ئێمەیە کە دەپلیشێتەوە.

سیاسەتی ڕاست، ڕێپێدانی بەرامبەرە بە تەواوکردنی بەرنامەکەی لــەو کاتەی بــۆی تەرخانکراوە، نەك ڕێگەلێگرتنی پێشــوەختە، چونکــە — وەك دەڵێن- هیــچ کاتێــك لەبەرژەوەندیی موســا فیرەوکاندا نییە، لەنیوەی ڕێگەو لەناوەڕاستی دەریاکەدا، شەڕ لەگەڵ کەشتییەوانەکەدا بەرپا بکەیت!!

# (١٠) نامەکە....!



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

دووریی سەرکردایەتی سیاسی و فەرمانڕەوایی و بەرپرسەکانی وەزارەت و دامودەزگاکان لە هاوولاتیان و جەماوەر و بوونی بۆشاییەکی (گاپیکی Gap)، گەورە لە نێوانیانــدا، بابەتێکی گرنگی گلەیی و گازاندەی هاوولاتیانە. دەکرێت لەم ڕوانگەوە بڵێین لــە هەلومەرجێکــی وادا، کاتێك بەرپرســانی پلە یەکی حزب و حکومەت دەبنە کادر و فەرمانبەری ئۆفیســی و پشــت مێز، نەك کادر و فەرمانبەری جەمــاوەری و کێومالّی (مەیدانی)، لەلایەك ناتوانن هەست بە ئازار و گرفت و داخوازییەکانی هاوولاتیان بکەن و لەلایەکی ترەوە دوو ڕووەکان و هەڵپەرســتان بە ئاســانی دەتوانن ڕاســتییەکانیان لێبشارنەوە و بیانخەڵەتێنن. لە هەر دوو بارەکەیشدا هەموو لایەك، هاوولاتیان، دەسەلات و کۆمەڵگە زەرەرمەند دەبن. بۆیە دەکرێت دیاردەکە، دیاردەی بوونی بۆشاییەکی (گاپیکی Gap)، گەورە لەنێوان ســەرکردایەتی سیاسی و فەرمانڕەوایی و بەرپرسەکانی وەزارەت و دامودەزگاکان لەلایەك و هاوولاتیان لەلایەکی تر بە «کێشە وگرفت» ناوزەند بکرێت.

دەکرێت ئەم «کێشــە وگرفتە» بە چەندین ڕێگە چارەسەر بکرێت لەوانە:

١- پەیڕەوکردنی پرەنســیپی بــە کێومالّیکردنی بەرپرســانی حزبی و حکومی. کاتێك بەرپرســی یەکەمی فەرمانگەیەك پشتی مێزەکەی جێدەهێڵێت و وەك هاوولاتییەکی ئاسایی سەردانی فەرمانگەکەی خــۆی دەکات بــۆ ئەنجامدانی کارێــك، ئەوکاتە هەســت بە ئێش و ئازاری هاوولاتیان و فەرمانبەرە بچووکەکان دەکات.

٢- دروســتکردنی چەندیــن ئۆرگانی تایبەت بــە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێــوان هاوولاتیان و جەماوەری کوردستان لەلایەك و بەرپرسانی حزب و حکومەت لە وەزارەت و فەرمانگاکاندا، لەلایەکی تر. پێویستە ئەم ئۆرگانانە بەشێوەیەك بن کە لەتوانایاندا بێت داخوازی و نارەزایی جەماوەر، دوای لێکۆڵینەوە و پۆلێنکردن بەشــێوەیەکی ڕاســت و دروست و بێ شــاردنەوە بگەیەنێتە ســەرکردایەتی و بەرپرسانی یەکەم. ئەم ئۆرگانانە، کــە داخوازییەکی خەڵکی کوردستانە و دەمێکە گوێمان لێدەبێت، دەبێتە ئامرازێك و پردێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو گاپەی (Gap)، کە هەیە لەنێو جەماوەر و سەرکردایەتی.

٣- ئامرازێکی تری چارەســەری ئەم «کێشــە وگرفتــە» خۆی لــە گۆڕینــەوەی بیروبۆچوون دەبینێتەوە لەنێوان هاوولاتیان و بەرپرسان بەرێگەی پۆستی ئاسایی و ئەلیکترۆنی. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا یەکێکــە لەوانەی کە پەیڕەوی ئەم نەریتە دەکات. «ئۆباما»، وەك نەریتێك بۆ ئەوەی ئاگاداری بۆچوون و گرفت و پێشــنیاز و داخــوازی هاوولاتیانی ئەمریــکا و جیهان بێت، هەموو شەوێك پێش خەوتن (١٠) نامەی هاوولاتیان دەخوێنێتەوە کە لەلایەن بەرپرســانی «ئۆفیســی پەیامــەکان» بۆی هەڵدەبژێرێــت لەنێوان ئەو نامە زۆرانەی کە ئاراستەی ئۆفیسەکە دەکرێت.

وەك هەنگاوێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشــاییەی کە لەنێوان هاوولاتی و بەرپرســاندا هەیە، دەکرێت بەرپرســانی یەکەمی حزبی و حکومی، لە ئاستە جیاوازەکاندا، لە هەرێمی کوردستاندا، بە ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵگە و دامودەزگا حزبی و حکومیەکان، شــێوازیك لەم نەریتەی ســەرۆکی ئەمریکا پەیڕەو بکەن و شــەوانە پێش خەوتنیــان چاویان بە چەند نامەیەکــی هاوولاتیانی ئــەم هەرێمە بکەوێت. بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە ئامانجەکانی بەدەست بێنێت کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لە بۆچوون و خەمەکانی هاوولاتیان، بەباشی دەزانین کە:

١ — ناونیشــانی ئاســایی و ئەلیکترۆنــی ئۆفیســەکانی بەرپرســان بە ڕوونی بۆ هاوولاتیان بلاوبکرێتەوە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٢ — داوا لە هاوولاتیان بکرێت کە ئازادانە بۆچوون و پێشنیاز و سکالاکانیان ئاراستەی بەرپرسان بکەن لە ڕێگەی ئەو ئۆفیسانەوە.

٣ — کارمەندانــی «ئۆفیســی پەیامەکان»ی بەرپرســان دەبێت کەســانێك بن کە جێگەی متمانە بــن و لە توانایاندا هەبێت کە بۆچوون و پێشــنیاز و سکالاکان، بێ شــاردنەوە و پشتگوێخستنی ئەو نامانەی کە لەوانەیە بەدڵیان نەبێت، بەپێی گرنگیان پۆلین بکەن و بیگەیننە شوێنی مەبەست.

٤ — پێویستە لەسەر هاوولاتیان لەکاتی نووسینی بۆچوون و پێشنیاز و سکالاکانیان ڕەچاوی مۆرالی نووســین و کۆمەڵگــە بکەن وەك چۆن پێویســتە بۆچوون و پێشنیاز و سکالاکان بە کورتی و ڕوونی بنووسرێن.

٥ — سکالاکان پێویســتە بە بەڵگەوە ئاراستەی ئۆفیســەکان بکرێت و نامەکان پێویستە ناونیشانی تەواوی خاوەنەکانیانی لەســەر بێت بۆ ئەوەی وەلام بدرێنەوە یان لەکاتی پێویست پێوەندیان پێوە بکرێت.

٦ — بەباش دەزانرێت کە «ئۆفیســەکان» هیچ نامەیەك، تەنانەت ئەوانەیشی کە ڕەچاوی مۆرالی نووسینیان نەکردووە، فەرامۆش نەکەن و بەدواداچوون بۆ ناوەڕۆکی نامەکان بکــەن و وەلامی هەموویان بدەنەوە و دەکرێت لە کاتی پێویستیشدا ئامۆژگاری بۆ نووسەرانی نامەکان بنووسن.

لــە کۆتاییــدا دەڵێین هیوادارین کــە نامەکانی هاوولاتیانی کوردستان خەونی بەرپرسان نەشێوێنی.

# حزبی سیاسیی
# لە بەشێک لە کێشەکەوە
# بۆ بەشێک لەچارەسەر



هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستن بەئەدای حزبەسیاسییەکان و چۆنیەتی تێڕوانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، لەهەمانکاتدا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵگەی دیموکراتیش بەبێ بەشداری کارای حزبە سیاسییەکان چارەسەر ناکرێت، هەر بۆیە چۆن حزبەسیاسییەکان لەهەموو سیستمە دیموکراتییەکانی جیهاندا سەرچاوەی هەموو کێشەکانن، بەهەمان شێوە سەرچاوەی چارەسەر و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاویشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆر ئاژانس و ناوەندی نێودەوڵەتی هەوڵیاندا کە بەشێوەیەك لەشێوەکان هاریکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی کۆمەڵگە لەڕێگەی گوشاری ئەو ڕێکخراوانەوە چارەسەر بکەن، بەڵام سەرەنجام بۆیان دەرکەوت پشتگوێخستنی حزبەکان دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی دامەزراوەکانی دیموکراتی و هەروەها دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم لەکۆمەڵگەدا، سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر پەیگ جۆنستان تان کرد، ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەند لەبواری پارتە سیاسییەکانی ئەندەنوسیا و تەیموری ڕۆژهەڵات، سەبارەت بەوەی بۆچی دیاردەی دژایەتی پارتە سیاسییەکان لەکۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا دەبێتە دیاردەیەکی باو؟ لەوەڵامدا خاتوو پەیگ بەمجۆرە وەڵامی داینەوە وتی: (ئەمە ئەو بوارەیە کە ئێستا من لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم لەتوێژینەوەکەمدا، بەتایبەتی لەبارەی هۆکارەکانی پشت سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هەڵوێست دژ بەپارتە سیاسییەکان: هەر لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-وە بۆ ئەوروپا و تاکو دەگاتە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئاسیای باکووری ڕۆژهەڵات. لەم پرسیارەتان، پێموایە عێراق-یش دەگرێتەوە. لەسەرتاسەری جیهاندا، دەتوانین ڕەخنەی هاوشێوە بدۆزینەوە لەدژی پارتە سیاسییەکان: کە ئەوان خۆپەرستن، گەندەڵن، بەرژەوەندییەکانی نەتەوە بەگشتی پشتگوێ دەخەن، دابڕاون لەهاووڵاتیان، پرەنسیپ دەفرۆشن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان. پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگەن زیاتر لەوەی کە هۆکارەکانی چارەسەری کێشەکان بن، لەڕەچەڵەکدا پارتی سیاسی لەلایەن خەڵکەوە دروستکراوە، بۆیە پێدەچێت خەڵك هۆکارەکانی کێشەکان بن زیاتر لەوەی کە پارتە سیاسییەکان هۆکاربن. یەکێك لەپسپۆڕەکان دەڵێت هەڵوێستەکانمان لەدژی پارتە سیاسییەکان خزمەت دەگەیەنێت وەکو چاودێرییەك لەسەر پارتە سیاسییەکان و یاریدەدەرمان دەبێت لەئەنجامدانی گۆڕانکاری لەسەر سیستەمەکە و هانی پارتە سیاسییەکان دەدات بۆئەوەی لەکۆتاییدا خۆیان باشتر بکەن. ئێمە دەتوانین گۆڕانکاری ئەنجامبدەین لەڕێگەی هاندانی پارتە سیاسییەکان بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر ڕەفتاربکەن و بەرپرسیاربن لەڕێگەی دەنگدان بۆ ئەو پارتە سیاسییانەی کە پابەندن بە ستەندەری نوێ. هاوکات دەتوانین گۆڕانکاریی دامەزراوەیی ئەنجامبدەین لەڕێگەی هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی خراپترین کاریگەرییەکانی پارتە سیاسییەکان. ئایا سیستەمەکە فرەحزبییە؟ هەوڵبدەن ئەو ژمارەیە کەم بکەنەوە و چەند هەڵبژاردنێکی سەرەکی و گرنگ بۆ دەنگدەران بڕەخسێنن. ئایا کاندیدەکان لەپارتەکانیان دەردەچن؟ یاسایەك دەربکەن بۆ دژی گۆڕینی پارتی سیاسی، ئەم گۆڕانکارییە دامەزراوەییانە ڕێگەچارەن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی سیستەمەکە بەبێ ڕووخاندنی سیستەمەکە و تێکشکاندنی دیموکراسیەت. ئێستاش بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دیاردەیەدا زاڵ بن، ژمارەیەك ڕێکخراو هەیە کە کاردەکەن بۆ پاڵپشتیکردن لەپەرەپێدانی پارتە سیاسییەکان لەبەرئەوەی ئاشکرایە کە هەبوونی پارتی سیاسیی دروست شتێکی گرنگە بۆ دروستبوونی دیموکراسییەتێکی دروست. بۆ نموونە: دامەزراوەی ناشناڵ دیموکراسی، ئامۆژگای کۆماری نێودەوڵەتی، فریدریك ناومان ستفتەنگ. بەپێی بۆچوونی «تۆماس کارۆتەرس» کێشەکە لەوەدایە کە ئاشکرا نییە لەو بارەیەی کە هاوکاریی پارتە سیاسییەکان «کاریگەرییەکی وەرچەرخانەی» هەبوویێت بۆ گۆڕانکاری. بەڕای من کارکردن لەسەر پارتە سیاسییەکان پرۆسەیەکی درێژخایەن و لەسەرخۆیە و پێویستە ئەنجامدانی هاوتەریب بێت لەگەڵ بەدامەزراوەکردنی هەموو بەشەکانی تری دیموکراسییەت. هیچ ئامرازێکی سیحری نییە بە وڵاتان بڵێت لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی پارتی سیاسیی کامڵ و دیموکرات)).

لەبەشێکی دیکەی پرسیارەکانمان بۆ پرۆ فیسۆر پەیگ تان پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا لاوازی حزبە سیاسییەکان چ کاریگەرییەکی سلبی لەسەر دامەزراوەکان و سیاسەتی کۆمەڵگە دروست دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (لاوازیی پارتە سیاسییەکان دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و دیماگۆجی «Demagogues». ئەم سیناریۆیە بەردەوام خۆی دووبارەکردووە و هەمیشە ڕوویداوە لەسەرتاسەری جیهاندا: هەر لەئەمریکای لاتینی-ەوە بۆ ئەوروپا، تاکو دەگاتە ئەفریقیا و بۆ ئاسیا. دیماگۆجی یان کەسێکی بەهێز دەرفەت وەردەگرێت و لەسەر لاوازییەکانی پارتە سیاسییەکان کاردەکات. ئەم جۆرە ڕەفتارانە بەزیانترین هێرشە و بەهەڕەشەترین هەڵوێستە لەدژی پرۆسەی دیموکراسی. هێرشەکانی دژ بە پارتە سیاسییەکان جیاوازن. جەختدەکەنەوە سەر خاڵی دیاریکراو کە پێویستییان بەچارەسەر هەیە. دەکرێت ئەم خاڵانە بخرێنەڕوو و سیستەمەکە بەشێوەیەکی تەدریجی بەرەوپێشەوە دەڕوات. دروستکردنی پارتی سیاسیی بەهێز پەیوەستە بەخودی پارتە سیاسییەکان و ئیرادەیان لەکارکردن بەشێوەیەکی جددی بۆ بونیادنانی دامەزراوەکان. هەندێك جار کارەکە ئاسانتر دەبێت لەڕێگەی تەحشیدکردنی هاووڵاتیان لەسەر بنەماکانی تایفەگەری و ئایین و ڕق بەرامبەر هێزی دەرەکی، بەڵام ئاکامەکانی ئەم شتە لەکۆتاییدا هەمووی لەسەر هاووڵاتیان دەکەوێتەوە. ئەگەر هاووڵاتیان خوازیاری پارتی سیاسیی پێشکەوتوو هەبێت، ئەوکات پێویستە لەسەریان داوابکەن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و

د.مەدحەت محەمەدبۆ گوڵان:



# هۆكاری ئەوەی حزب بووەتە بەشێک لەکێشەکان و بە یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی کەوتنەوەی کێشەکانی ناو سیستەمی دیموکراتیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی رۆشنبیری و کەمی هۆشیاری نەتەوەیی

شتانەش تەنیا لەڕێگەی دەنگدانەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەك كە هانی پارتە سیاسییەكان دەدات بۆئەوەی بەپێی خواست و داواكارییەكانی هاووڵاتیان بجوولێنەوە. بۆ نموونە لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هاووڵاتیان هەمیشە داوا لەپارتە سیاسییەكان دەكەن كە كەمپینی نێگەتیڤ و ناوزڕاندنی شەخسی ئەنجام نەدەن، بەڵام كەمپینی نێگەتیڤ بەسوودە. هەربۆیە، تاكو هاووڵاتیان توانای دەنگدانیان هەبێت و خواستە سەرەكییەكانیان لەژێر هەڕەشە نەبێت، ئەوكات پارتە سیاسییەكان بەردەوام كاردەكەن. لەكۆتاییدا، پێویستە هاووڵاتیان داوابكەن بۆ بونیادنانی دامەزراوە بەشێوەیەكی دروست و رێك و هەڵبژاردنەكان بەشێوەیەكی رەوا و نوێنەرانە ئەنجامبدرێت، سیستەمی هەژماردنی دەنگەكان بەشێوەیەكی رەوا بێت، رۆڵی پارتە سیاسییەكان لەبەشداریكردن و.... تاد)).

## هۆشیاری سیاسیی و رۆڵی پارتە سیاسییەکان

زۆر جار هەندێك لایەنی دیكە بۆ بوونی حزبە سیاسییەكان بەبەشێك لەكێشەكە دەگێڕنەوە بۆ ئاستی هۆشیاری و ئاستی هەستی نەتەوەیی تاكەكان كە زیاتر بایەخ بە بەرژەوەندییە حزبییەكان دەدەن نەك بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی، سەبارەت بەم لایەنە د.مەدحەت محەمەد راوێژكاری پەرلەمانی كوردستان لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان سەبارەت بەم پرسە وتی: (بەبۆچوونی من هۆكاری ئەوەی حزب بووەتە بەشێك لەكێشەكان و بەیەكێك لەهۆكارە سەرەكییەكانی كەوتنەوەی كێشەكانی ناو سیستەمی دیموكراتیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی رۆشنبیری و كەمی هۆشیاری نەتەوەیی و هەست نەكردن بە بەپرسیاریەتی و قبووڵ نەكردنی بەرامبەر، بەداخەوە لە كۆمەڵگەی ئێمە هەندێ شت بەخۆرسك لەدایك نابێت، ئەگەر تەماشای مێژووی ئەو(٥) دەیەی باشووری كوردستان بكەیت زۆر جار كە حزبێك هەبووە لەكاتێك ویستوویەتی حزبێكی تر دروست بكات، نەچووە حزبەكە بەشێوە ئاساییەكەی خۆی دروست بكات، بەڵكو هەر لەناو حزبەكە گرووپێك جیابوونەتەوەو حزبەكەیان كەرت كردووە، هەربۆیە ئەگەر پلەی رۆشنبیری و ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی بەرزبێت،

**بەداخەوە لەکەلتووری عەرەبدا تەنیا لاسایی دەکەینەوە، یەکەمجار بە بڕووخێ و هەڵوەشێتەوە دەست پێ دەکەین و دواتر کەلتووری توندوتیژی بەرهەم دەهێنرێت**

ئەوە حزبی ئۆپۆزسیۆن بەسروشتی لەدایك دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هەمووكات وەكو جیهانی سێیهەم بەتوڕەیی و توندوتیژی لەدایك دەبێت و توندوتیژی لێدەكەوێتەوە، بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەش رێچكەی توندوتیژی وەرگرتووە، ئێمە سیستەمێكی دیموكراتیمان هەڵبژاردووە لەهەر كاتێك لەهەڵبژاردن بڕۆین دەبێت تەقەبولی ئەوە بكەین كە حزبی دەسەڵاتدار دەبێت بەئۆپۆزسیۆن، بەڵام كام ئۆپۆزسیۆن ئایا خەڵك دێنێتە سەر شەقام و دەڵێت بڕووخێ یان دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێك هاوكاری حكومەت دەبێت بۆ ئەوەی ئەو حكومەتە لەڕێگە راستەقینەكەی خۆی لانەدات، لەهەر كاتێك حكومەت لەڕێگە راستەقینەكەی لایدا، ئەوە ئۆپۆزسیۆن بڵێت من بەرنامەیەكی باشترم هەیە دەسەڵات بگرمەوە دەست و خزمەتی هاووڵاتیان و نەتەوەكەم دەكەم. لەوڵاتانی پێشكەوتوو بە بەرنامەی زۆر سەیر و بە بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەی زۆر سەیر حزبە دەسەڵاتدارەكان لەحوكم هاتنە خوارەوە وەكو حزب لەدەرەوەی دەسەڵات دەستیان بەكارەكانیان كردو بەرنامەیەكی تری داڕێشت دوور لەتوندوتیژی و یەكتر سڕینەوە، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا لەخولێكی تری هەڵبژاردن بیباتەوەو دەسەڵات وەربگرێتەوە، بەداخەوە لەكەلتووری عەرەبدا تەنیا لاسایی دەكەینەوە، یەكەمجار بە بڕووخێ و هەڵوەشێتەوە دەست پێ دەكەین

پەیگ جۆنسن تان بۆ گوڵان:

# لەڕێگەی هاندانی پارتە سیاسییەکانەوە دەتوانین گۆڕانکاری ئەنجامبدەین و بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر ڕەفتاربکەن و بەرپرسیاربن لەڕێگەی دەنگدان بۆ ئەو پارتە سیاسییانەی کە پابەندن بەستەندەری نوێ



و دواتــر کەلتــووری توندوتیژی بەرهەم دەهێنرێــت. بــۆ ئێمە پاش ئــەو هەموو شــۆڕش و شــەهید و گیــان فیدایەی داومانە کە بەپێی مێژوو بەدرێژاییەکەی زۆر لەژێر دەســت و لەبن زوڵم و ســتەم بووین و سیســتەمی نا یاســایی بەسەر وڵاتەکەمان سەپێنراوە، پێویستە سیستەمی دیموکراتی وڵاتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو هەڵبژێریــن، سیســتەمی دیموکراتــی لەهەرێمی کوردستان سیستەمێکی نیمچە دیموکراســییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەنگاو نــراوەو پارتەکانیش زۆر لەیەکتر قبوڵ دەکەن و هەریەکە چۆنی مەبەستە بۆ خــۆی پڕوپاگەنــدە دەکات، کەواتە ئێمە لەهەرێمی کوردســتان هەنگاوێکمان ناوە بەرەو دیموکراســی، بەڵام گەر بێتوو ئەو هەنــگاوە بەراورد بکەیــت لەگەڵ دیموکراســیەتی دانیمارك، ئــەوە نەخێر زۆرمان ماوە. ڕەنگە (١٠٠) ساڵی تریش نەگەین بەپرۆسەی دیموکراتی دانیمارك، بەڵام گــەر خۆمان بــەراورد بەعێراق و ســووریا و تونس و میسر و تاد.. بکەین بەڵــێ هەنگاوێکمــان نــاوە زۆر لەوان پێشــکەوتوو ترین و (٢٠) ســاڵ لەپێش ئەوانین)).

سەبارەت بەئاســتی ئەو دیموکراتییەی ئەمڕۆ لەکوردستان بوونی هەیە و شێوازی ئەو دیموکراتیەشــی لەکوردســتان پێڕەو دەکرێت د.مەدحەت وتی : (پێش هەموو شــتێك دەبێت بزانین هەرێمی کوردستان چ سیســتەم و بەرنامەیەکی دیموکراسی بۆ گونجاوە، ئێمە ناتوانین سیستەمێکی ئەمریکی لەکوردســتان پیادە بکەین، کە ئــەو وڵاتــە خاوەنی ٢ پارتی سیاســی (دیموکــرات و کۆمارییەکان)ە، لەکاتێکدا وڵاتی تر هەیــە لەلوتکەی دیموکراتییەو پارتی سیاسی زیاتری هەیە وەکو وڵاتی دانیمــارك کە خاوەنــی ١٢- ١٣ پارتی سیاســی بەناوبانگەو تاکو ئێستا نەبووە تەنیا پارتێکی سیاسی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە بکات، بەڵکو لەڕێگەی حکومەتی ئیئتلافی و بنکە فراوان ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبرێت و هیچ حزب و پارتێکی سیاسیش یەکتری ڕەش ناکەنەوە وەکو چۆن لەهەرێمی کوردستان دەبینرێت کاتێك لەهەڵبژاردنەکان پارتێکی سیاســی زۆرینە نەبوو، خۆی بەئۆپۆزسیۆن دادەنێت کەچی ئامادە نییە دان بەحکومەتێکــدا بنێت کە حکومەتی گەلە. من نازانم بۆ دەبێت ئۆپۆزســیۆن هەموو بەرنامەی پارتــە فەرمانڕەواکان یا بەپێچەوانــەوە ڕەتکرێتەوە. بێت و بڵێت من کەمینــەم و بەزەبری هێــز تۆ ڕەت دەکەمەوە. لەوڵاتی دانیمارك لەبەرئەوەی کەلتووری ڕۆشنبیری و ئاستی هۆشیاری ئەو میللەتە بــەرزە، هەربۆیە پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارەکانیشــیان بەهاوشــێوەی تاکەکانــی ناو کۆمەڵگە فێــری یەکتر قبووڵکــردن و دانوســتاندنن، بەڵام زۆر جــار ئایدیۆلۆژیایەك کۆپــی دەکرێت و بەسەقەتی لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، لەهەموو دنیــا حزبی چەپ و سۆشــیال دیموکــرات و نەتەوەیی هەیە، بەڵام هەمــوو ئایدیۆلۆژیــاو بیروباوەڕ و بەرنامــەی حزبــەکان لەیــەك خاڵدا یەك دەگرنــەوە، ئەویــش خزمەتکردنی میللەتەکەو پاراستنی نیشــتمانەکەیانە، هەر بۆیە خزمەتکردنی خەڵك و نیشتمان لەریزی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانی ئەو حزبانــە دێن، گرنــگ نییە تۆ چەپی و گرنگ نییە تۆ حزبێکی ڕاستی، ئەوەی گرنگــە خزمەتکردنــی هاووڵاتییان و خاکەکەیــە، تەنانەت لــە ئەوروپا حزبی ئایینی مەســیحی هەیە بۆ نموونە حزبی مەســیحی ئەڵمانــی کــە زۆر لەخەڵك نــاکات بچێتە کەنیســەو ئەندامەکانی و کۆمەڵگەکە فێری کەلتووری توندوتیژی ناکات.

لەتورکیا حزبێکی ئیســلامی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبات، بەڵام هەرگیز زۆر لەخەڵك

**لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاووڵاتیان هەمیشە داوا لەپارتە سیاسییەکان دەکەن کە کەمپینی نێگەتیف و ناوزڕاندنی شەخسی ئەنجام نەدەن، بەڵام کەمپینی نێگەتیف بەسوودە**

# هیچ سیستمێکی دیموکراسی بێ بوونی پارتە سیاسییەکان گەشە ناکات، کێشەکە لەدابەشبوون و پەرت و بڵاویدایە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەزەحمەت هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت و بەئاسانی نەتوانرێت یاساکان تێپەڕێنرێن



ناکات بێنە نــاو حزبەکەی یا ڕێگەی لەخەڵك نەگرتووە عیلمانی بن، بەپێچەوانەوە زۆر لەحزبــە سیاســییە ئیســلامییەکان لەکوردســتان کەلتووری دژە توندوتیژی و لێکتر قبووڵکردنیان نەخستۆتەوە، گەرچی لەبنەڕەتــدا ئایینی ئیســلام بۆ خزمەتی مرۆڤایەتــی هاتووە، بــەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئایین تێکەڵ بەسیاسەت کراوە، ئالێــرەدا کەموکوڕی دەکەوێتــەوە. زۆر جــار هەندێك کەس هەیــە دەڵێت: حزبی ئیســلامیش هەقی خۆیەتی سیاســەت بکات، بــەڵام ئەو برگەیە تــەواو ناکەن کەچۆن ئەو مافە بەحزبێکی ئیســلامی دەدرێت لەبەرامبەریشدا ئەرکی سەرشانی ئەوە بەرامبەر قبووڵ بکات، پێویستە کادیرە سیاسییە ئیســلامییەکان لایەنی بەرامبەر قبووڵ بکەن بۆ ئەوەی خەڵکیش تۆ قبووڵ بکات، ناکرێت لەبەرئەوەی دراوســێکەت نوێژ ناکات و منداڵەکانی حیجاب نین تۆ بێیت و بیســڕیتەوەو بگرە لێپێچینەوەشی لەگەڵــدا بکەیت، کەس نییــە لێپێچینەوە لەگەڵ کەســێکی تر بکات بەبێ بڕیاری دادوەر و دادگا. ئەگەر بەراوردێك لەنێوان حزبە ئیسلامییەکان بکەیت هەر هەموویان وشەی ئیسلام بەکار دەهێنن، بەڵام بۆچوون و بیرکردنــەوەی ئەم حزبانــەش جیاوازەو هەیانە بڕوای بەدیالۆگ و دیموکراســی هەیە، هەشیانە زەبری کوشندە لەپرۆسەی خوێندن دەدات تاوەکــو کۆمەڵگەکە زیاتر بــۆ دواوە بگەڕێتەوە. ئەو ئاراســتەیەی حزبە توندڕەوە ئیســلامییەکان دەیانەوێت لەهەرێمی کوردستان پیادەی بکەن شکست دەهێنێت، چونکە کوردستان کۆمەڵگەیەکی فــرە ئایینی و حزبییە و کــەس ناتوانێت بەنــاوی حزبێکی ئیســلامی بێت و بڵێت تۆ دەبێت لەناوبچیــت، چونکە لەئاکامی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و داهاتی تاکەکەســی و کرانــەوەی کۆمەڵگــەی کوردســتان بەرووی دەرەوە، خەڵکی زیاتر دەتوانــن ئاشــنایەتیان لەگــەڵ دنیای پێشکەوتووی دیموکراسی هاوچەرخ هەبێت، خەڵکی ئینتەرنێت و فەیسبووك و تیوتەر و مۆبایلی هەیە ناتوانرێت ڕێگری لەبەردەم ئــازادی و کرانەوەکان بکرێــت، حاڵەتمان هەبووە لەهەندەران پەناهەندەی کورد هەبووە کە گۆشــەگیر بووەو بڕوای بەکەلتووری تونــدی ئیســلامی هەبــووە و لەماڵەوە هەندێك کەناڵی سەتەلایتەکەی سڕیوەتەوە، کاتێك لەماڵ دەرچووە منداڵەکانی دووبارە کەناڵەکەیان داناوەتــەوە، چونکە زیرەکن و لەدنیای پێشکەوتوو ژیاون.

**بوونی ژمارەیەکی زۆری پارتە سیاسییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەزەحمەت بتوانرێت کاروبارەکانی حکومەت بەڕێوەببردرێت**

### دیموکراتی نوێنەرایەتی واتە دیموکراتی حزبی سیاسیی

دیموکراتــی نوێنەرایەتــی واتــە دیموکراتی حزبەسیاسییەکان و دیموکراتی دامەزراوەیــی، ئەزموونەکانــی جیهانی دیموکراتیــش بەدیاریانخســتووە کــە دیموکراتــی نوێنەرایەتــی بەبێ بوونی حزبی سیاســی هیــچ بوونێکــی نییە ســەبارەت بەگرنگی پارتە سیاسییەکان بۆ دیموکراتی نوێنەرایەتی، پرۆفیســۆر ستیفن تایلۆر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ترۆیtroy ی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گــوڵان دەربڕی و وتی (پارتە سیاســییەکان لەهەموو دیموکراسییەکاندا بوونیــان هەیە، واتە هیچ سیســتمێکی دیموکراسی بێ بوونی پارتە سیاسییەکان گەشــە ناکات، کێشــەکە لەدابەشبوون و پەرت و بڵاوی پارتە سیاســییەکاندایە، ئەمــەش دەبێتەهۆی ئــەوەی بەزەحمەت هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت و بەئاســانی نەتوانرێت یاساکان تێپەڕێنرێن. واتە بوونی ژمارەیەکــی زۆری پارتە سیاســییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەزەحمەت بتوانرێت کاروبارەکانی حکومــەت بەڕێوەببردرێت. کەواتە من دڵنیانیم لەڕاســت و دروستی ئەوەی پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی کێشە بن، لەبەر ئەوەی ڕەنگــە دامەزراوەکان، وەك سیســتمی هەڵبژاردنــی وڵاتەکــە ڕێگە بــەوە بدات پارتــە بچووکەکانیش نوێنەرایەتیــان هەبێت، ئــەو کاتە بوونی

جۆن ئەیشام بۆ گوڵان:



# ئەگەر ژمارەی پارتەکان زۆربێت، واتە ئەگەر پارتەکان پەرت و بڵاو و لاوازبن، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە، وەک ناسەقامگیری سیاسی

ژمارەیەکـــی زۆری پارتە سیاســـییەکان دەبێتەهۆی ئەوەی یاســـاکان بەزەحمەت تێپەڕێنرێن، بەڵام کێشـــەکە لەدیموکراسیە نوێیەکاندا، لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەوەیە تێکڕای دامەزراوەکانی حکومەت، بـــە پارتـــە سیاسییەکانیشـــەوە دەبێـــت بەقۆناغی گەشـــەکردن و بەرەپێشچووندا بڕۆن، لەبەر ئەوەی ڕەنگـــە ئەدایان بەو شێوەیە نەبێت کە ئێمە خوازیارین، کەواتە تەرکیزی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پێکهێنانی پارتەکان ئەوەیە کە بەرژەوەندی گشـــتی لەڕێی ئـــەو ئەکتەرانەوە بەدی بهێنرێن کـــە دەتوانن حکومڕانێتی بکەن، چونکە تۆ دەتەوێت نوێنەرایەتی خواستی گشـــتی بکەیت و پارتە سیاسییەکانیش ئامرازێکن بۆ هێنانـــەدی ئەو ئامانجە. هەربۆیە من پێموایە دەبێت تەرکیز لەسەر ڕێکخســـتنی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان بکرێـــت، هەروەهـــا دەبێـــت ئەوەمـــان لەبەرچاوبێت لەســـەرێکەوە دروستبوونی پۆپۆلیزم پەیوەســـتە بـــەوەی خەڵك ئەو قەناعەتەیان لا دروســـت بێت سیاسییەکان بەڵێنـــی بـــێ کـــردار دەدەن. لەلایەکی دیکەوە دەبێت دەنگدەرانیش ئیستیجابەیان هەبێـــت بـــۆ ئـــەو پارتە سیاســـییانەی لەئاستی بەرپرسیارێتیدان، چونکە ئەگەر ئـــەم ئیســـتیجابەیە نەبێت، ئـــەوا پارتە سیاسییەکان پاڵنەری گەشەکردنیان نابێت، کەواتە ئەمە بازنەیەکە و کۆنتڕۆڵکردنی زەحمەتـــە، چونکـــە دەبێـــت دەنگدەران لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پاداشتی ئەو پارتانە بدەنەوە کە ئەدایەکی باشیان هەبووە و سزای ئەو پارتانەش بدات کە ئەدایەکی خراپیان هەبووە. دەرئەنجامەکە ئەوەیە ئەمە پرۆســـەیە و کاتی دەوێت، واتە ناتوانیت لەسەرەتای پرۆســـەی بەدیموکراتیکرندا پارتگەلێکی سیاسیی تەواو گەشەکردوت هەبێت)).

بـــەڵام پرۆفیســـۆر جـــۆن ئەیشـــام ئوستادی زانســـتی سیاسەت لەزانکۆی نۆرس تەکســـاس پێیوایـــە ژمارەی حزبە سیاســـییەکانیش هۆکارێکـــە بـــۆ ئەم دیاردەیەو لەمبارەوە لەلێدوانێکدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (پارتە سیاســـییەکان بەشێکی بنەڕەتیـــن لەدیموکراســـی و ململانێـــی پارتـــە سیاســـییە جیـــاوازەکان یەکێکە لەخەســـڵەتەکانی دیموکراســـی، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەگەر ژمارەی پارتەکان زۆربێت، واتە ئەگـــەر پارتەکان پەرت و بڵاو و لاوازبن، ئەوا ئەمە سەردەکێشـــێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە، وەك ناسەقامگیری سیاسی. کەواتە چارەسەرەکە ئەوەیە فرەحزبی هەبێت، بەڵام ژمارەیەکـــی زۆر لە حزبـــەکان بوونیان نەبێت، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن بتوانیت بونیادی دامەزراوە بەچەشـــنێك بنیاد بنرێنەوە کە دەرفەت بەململانێیەکی ئازاد و هاوچەرخی پارتەکان بدەن. لەبەر ئەوەی بێ بوونی پارتە سیاسییە بەهێزەکان ناتوانیت کۆمەڵگـــەی مەدەنیت هەبێت، ئەویش لەسەر دوو ئاست ئەنجام دەدرێت، یەکەمیان دەبێت سیســـتمەکە بەشێوەیەك بێـــت پارتـــە سیاســـییەکان ناچاربکات بەشـــێوەیەکی مۆدێرنانـــە ڕەفتار بکەن و خەڵك و گرووپی جیـــاواز لەخۆبگرن، ئەمەش پێوەندی بەگۆڕینی سیســـتمی هەڵبژاردنـــەوە هەیـــە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت پارتەکانیش پەرە بەڕایەڵ و پێوەندی نێوان نووسینگە و بارەگەکانیان لەپایتەخت و نووسینگەو بارەگا مەحەلیەکانیان بدەن، بـــۆ ئەوەی لەســـەر ئاســـتی مەحەلیش پاڵێوراو و نوخبەیان هەبێت، تاوەکو بەسەدان پاڵێوراوی سەربەخۆت نەبێت، چونکە ئەمە مایەی لاوازیە لەدیموکراسیە نوێیەکاندا، لەڕاســـتیدا ئەمەش پێویستی بەتەمویلە، بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان ببنە بەشێکی بنەڕەتـــی لەسیســـتمە دیموکراســـیەکە. ئەنجامدانـــی ئـــەم کارەش پێویســـتی بەپلانێکـــی ورد هەیە بۆ داڕشـــتنەوەی سیســـتمی هەڵبژاردن، بۆ داڕشـــتنەوەی یاسای پارتە سیاسییەکان)).

**دەبێت پارتەکانیش پەرە بەڕایەڵ و پێوەندی نێوان نووسینگە و بارەگەکانیان لەپایتەخت و نووسینگەو بارەگە مەحەلیەکانیان بدەن**

# کێشەکانی حکومەتی عێراق پێویستی بە دەستپێشخەریەکی دیکە هەیە



**لەگەڵ ئەوەی دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پایزی رابردوو بووە هۆکاری پێکهێنانی حکومەت و رزگارکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەو قەیرانەی تێکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەناو یەکدا ناکۆکن هەتا ئێستا نەتونراوە دەقی ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بەکێشەکانی ئێستای عێراق و چۆنییەتی دەرچوون لە و تەنگژەیە، چەند پەرلەمانتارێکی عێراقی بەمجۆرە رای خۆیان بۆ گوڵان دەربڕی.**

### د.نەدا ئەلجبوری بۆ گوڵان:

# دەبوایە پێکهاتە سیاسییەکان هەوڵیان بدایە ناوەڕۆکی دەستپێشخەریەکە جێبەجێ بکەن

د.نــەدا ئەلجبــوری پەرلەمانتاری لیســتی ئەلعراقیــە لەلێدوانێکــی تایبەتــدا بــۆ گوڵان بەمجۆرە باســی لە کێشەکانی ئێســتاو ئاکامی دەستپێشخەریەکەی ســەرۆك بارزانی کردو وتی: (لەڕاستیدا دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەتایەکی خێر بوو و مایەی پێکهێنانی حکومــەت بوو، بەڵام بەدواداچــوون نەبوو بۆ ئەم دەسپێشخەرییە، دەبوایە هەموو هاوبەشە سیاسییەکان کاریــان بکردبا بۆ جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی دەستپێشــخەرییەکە، هەر لە پێکهێنانی حکومەت تاکــو هەموو ئەو مەســەلانەی کــە تاوتۆکران، لەزمنیشــیان ئەنجومەنی سیاســی بۆ سیاسەتە ســتراتیژییەکان و گەڕاندنەوەی هاوســەنگی بۆ هەمــوو وەزارەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئاشــتەواییەکی نیشتمانی ڕاســتەقینە، هەروەها مەسەلەی لێپێچینەوە و عەدالەت، وێڕای چەندین لایەنــی تــری گرنگ کە تاکو ئەمــڕۆ تەفعیل نەکراون، لەسەرووی هەمووشیانەوە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی هەموو لایەنێك، بەڵام تاکو ئەمڕۆش هیچ شتێك لەم لایەنانە جێبەجێ نەکراون)).

ســەبارەت بەو هۆکارانەشی کەبوونە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆســەکەدا، د.نــەدا جبوری لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (لەڕاستیدا هۆکارەکان زۆرن، هــەر لە پێکهێنانی حکومــەت‌ەوە و تاکو ئەمڕۆ فشــارێکی زۆر هەیە لەســەر ئەنجومەنی وەزیــران و هەموو وەزارەتەکان بۆ پێشکەشــکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەڵبەتە هەموومان ئاگادارین لە بارودۆخی ئەمڕۆ لە خۆپیشاندانەکان لە عێراق و داواکارییەکانی هاووڵاتیان، ئێمەیش پشتگیری لە داواکارییەکانی هاووڵاتیان دەکەین، جگە لە مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە، پێمبوایە ئەم فاکتەرانە ئاڕاستەکانی ئەنجومەنــی وەزیرانــی گــۆڕی. ســەبارەت بە سیســتەمی ناوخۆیی ئەنجومەنــی وەزیران، تاکو ئەمڕۆش وەزیرەکان دەستنیشان نەکراون بۆ وەزارەتە ئەمنییــەکان. بــەڕای من کەشــوهەواکە پڕە لە دۆسیەی چارەسەرنەکراو، بۆنموونە ئەو ناکۆکییەی کە ســەریهەڵدا لەســەر ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاســەتە باڵاکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەی لەسەر هەبوو. ئەم هەموو هۆکارانە بوون بە ڕێگر، بەڵام ئەمــە کۆتایی نییە، مــن پێموایە کە ئێمە بەردەوامین لــە کارکردن بەرەو ئەو ئاڕاســتەیە.. بەڕای من مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە تەنیا بۆ دانانی بەرنامەیــە نە زیاتر و نە کەمتر، بەشــێوەیەك کە هەموو وەزیرێك هەڵستێت بە دانانی بەرنامەکەی. لەکاتێکــدا میدیــاکان و هەمــوو هاووڵاتیان بەو




شێوەیە تێیگەیشتوونە کە مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکە بۆ مەبەستەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە لەگەڵ چارەســەرکردنی ژێرخانەکان و دابینکردنی تــەزووی کارەبا، بــەڵام هەموومــان دەزانین کە ئەم شــتە لۆژیك نییە، لەبەرئــەوەی بارودۆخەکە زۆر ســەخت و دژوارە و زۆریــش ئاڵۆزە. پاشــان مۆڵەتی ١٠٠ ڕۆژەکــە گەڕانەوەیەك هەیە لەنێوان ســەرۆك وەزیــران و وەزیرەکان و پاشــان لەگەڵ ســەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پێداچوونەوەی کاروبــارەکان، دواتر وەزیــرەکان هەر یەکێکیان و بە بەرنامەکانی بێت بۆ پەرلەمان بۆ تاوتۆکردنی پلان و بەرنامەکانیان و بۆ دەستنیشــانکردنی ســەقفی زەمەنی بــۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و بەرنامەکانیان و کاتەکانی پێشکەشــکردنی خزمەتگوزارییەکان، بۆنموونە بە ٦ مانگ یان زیاتر، بەڵام من پێموایە کە وەزارەتــی کارەبا لەماوەی ٢ ســاڵدا ئەوکات دەتوانێت کێشــەی تەزووی کارەبا چارەسەربکات. لەلایەنێکی ترەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە تەنانەت ئەگەر ئەم حکومەتەش هەڵوەشێتەوە و حکومەتێکی نوێش پێکبهێندرێت، ئەوە بەو ئاسانییە کێشــەکان چارەســەر ناکرێت. لەبەرئەوەی کێشە و کۆســپ و تەگەری زۆر لە کەشوهەواکەدا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی مەرج نییــە هەموو هۆکارەکان بەهــۆی خودی وەزیرەکان بێــت، لەوانەیە هەندێك لە وەزیرەکان شــیاو نەبن یاخود خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی پێویســت نەبن، بەڵام مانای ئەوە نییە کە خودی وەزیــرەکان بەڕێژەیەکی ڕەها هۆکارن لە کەموکورتیەکان لەبەرئــەوەی ژێرخانەکانی وڵات بەتەواوەتــی داڕماو و ڕووخــاون، جەنگ لەدوای جەنگ و ئابڵوقە و مەینەتییەکان کە بەسەر عێراق ڕوویاندا هەموو ژێرخانەکانــی وێرانکرد، تەنانەت ئەمڕۆش کە هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشــە دەکەن بەشێوەیەکی نابەرپرسانە سەربازەکانیان دەکێشننەوە، ئێمە داوامانکرد و تەنانەت ســەرۆك «ئۆباما»ش جەختــی کــردەوە لەســەرئەوەی کە کشــانەوەی هێزەکانی بەشــێوەیەکی بەرپرســانە دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کشانەوەی هێزە ســەربازییەکانی ئەمریکا بە بەرپرســیارێتی نییە. قســەیەك هەبوو لەســەر وڵاتانی بەخشــێنەر «دول مانحە»، کە پارەیان بە عێراق بەخشــیبوو لەســاڵانی ڕابردوو، بــەڵام گەندەڵییەکی فراوان عێراق‌ی گرتەوە هەر لە سەردەمی «برێمەر» تاکو ئەمڕۆمان، دیاردەی گەندەڵــی بەشــێوەیەکی فــراوان بڵاوبووەتەوە لە عێراق. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ملیارات دۆلاری تەرخانکرد بــۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، بەڵام نە پرۆژەکان جێبەجــێ کران و نەش پارەکان دیارن، گەندەڵییەکە لەهــەردوو لایەنەوە ڕوویداوە. هەربۆیــە، بەڕای مــن پێویســتە بەرنامەیەکی عێراقی یەکگرتوو هەبێت بۆ بونیادنانەوەی هەموو دامەزراوەکان و هەمــوو کەرتەکان، لەڕێگەی کار و هاوکاریی هەمــوو عێراقییەکان و لەلایەن لایەنە پێوەندارەکان بە پلانی جێبەجێکردن. من هیوام هەیە لە دانانی ئەو بەرنامەیە، ئێستاش پێتان دەڵێم چۆن، مــن گرنگی بە شــێوە و پێکهاتــەی حکومەتی عێراقــی نادەم، بەڵکو تەنیا بــاوەڕم بەو حکومەتە هەیە کــە بێت و بەرنامەیەك بــۆ گەلی عێراقی جێبەجێ بکات. هەروەها دڵنیام لە دروســتبوونی ئەم بەرنامەیە لەبەرئەوەی سیاسەتوانەکانی عێراق وانەیان وەرگرتووە لە ئەنجامی ڕەفتارەکانیان، بۆیە ئەو ناکۆکی و ململانێیەی نێوانیان هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت. هەربۆیە، من زۆر گەشــبینم، لەم حکومەتە یان پاش دووبــارە پێکهێنانی حکومەت گەر بەهەر شــێوەیەکیش بێت، حکومەت لە قەوارە سیاســییەکانەوە پێکدەهێندرێــت و پێکهاتەکانی حکومەت هاووڵاتــی عێراقین، بۆیە دڵنیام لەوەی کە لەکۆتاییدا تەنیا بەرنامەی نیشــتمانی عێراقی سەرکەوتوو دەبێت)).

ســەبارەت بە دەست لەکارکێشــانەوەی د.ئەیاد عــەلاوی و ڕەتکردنــەوەی پۆســتەکانیش، نەدا جبوری وتی: ((«د.ئەیاد عەلاوی» ئاشــکرایکرد لە ئەنجومەنی سیاســی دەکشــێتەوە و پۆستەکە ڕەتدەکاتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم مەســەلەیە بە ڕێچکەی دروستی خۆی نەڕۆیشتووە و بەو شێوەیە نییە کە لە ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» لەســەری ڕێککەوتبــوون، بۆیە ئەو شــتەی ڕاگەیاند، بەڵام ســەبارەت بە کشــانەوە لە حکومەت، هەروەك کە هەمووتان دەزانن کە لیســتی «عێراقیە» بریتییە لە چەندین لایەنی سیاسی و ژمارەیەك سەرکردەی سیاسیی لەخۆگرتووە، ئەگەر هەر بڕیارێك لەم جۆرە هەبێت، ئەوە هەموو ســەرکردەکان پێکەوە دادەنیشن و هەموویــان دەگەن بە یەك بڕیاری یەکگرتوو لەم بارەیەوە)).

## ئیبراهیم فەزع بۆ گوڵان:

# لە دەستپێشخەرییەکە و ڕێککەوتنی سیاسی هەر قەوارەیەک ئیستحقاقی خۆی وەرگرتووە

ئیبراهیم فەزع پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا سەبارەت بەو کێشانەی هەتا ئێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە و پرۆسەکەی رووبەڕووی ئاستەنگ کردۆتەوەوە، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (ڕێککەوتنە سیاسییەکان بەپێی ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردنەکان و بەپێی ئەو شتانەی کە لە دەستپێشخەرییەکدا هاتووە، پێموایە زۆربەیان جێبەجێکران و هەموو قەوارەیەکی سیاسی بەو پێیە بە ئیستحقاقی خۆی گەیشت، بەڵام وابزانم ئەنجومەنی سیاسی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکانە کە تاکو ئەمڕۆ دواکەوتووە و پێموایە هۆکاری ئەم دواکەوتنە سیاسی نییە، بەڵکو هۆکاری یاسایی و دەستووریی لەپشتەوە هەیە. پێگە و قەبارەی ئەم ئەنجومەنە لە دەستوور نەهاتووە و لەڕووی یاساییەوە دیارینەکراوە و ئاماژەنەدراوە بە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەك بۆ سەرۆکایەتیی ئەم ئەنجومەنە، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی سیاسی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان بریتییە لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن کە ئەندامەکانی بریتین لە سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و نوێنەرەکان، هیچ دەقێکی یاسایی یان دەستووری نییە کە بڵێت تۆ سەرۆك کۆمار بیت یان سەرۆك وەزیران و هاوکات ئەندام بیت لە ئەنجومەنێکی لەم جۆرانە. وێڕای ئەمەش، ئەم ئەنجومەنە پێویستیی بە هەیکەلییەت هەیە لەگەڵ دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی کە ئایا جێبەجێکاری دەبێت یان یاسادانەر، لایەنی یاسادانان پەیوەستە بە پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا خودی سەرۆك وەزیران کە بەرپرسیاری یەکەمە لە راکێشانی سیاسەتەکانی وڵات هێشتا خاوەن دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری رەها نییە. ئەم خاڵانەی کە باسمانکرد هۆکارن لەپشت دواکەوتنی ئەم ئەنجومەنە، بەڵام سەبارەت بە خاڵ و بەندەکانی دەستپێشخەرییەکە و ڕێککەوتنی سیاسی بریتی بوو لە ئیستحقاقاتەکانی قەوارە سیاسییەکان و هەر قەوارەیەکی سیاسی ئیستحقاقی خۆی وەرگرتووە، لەزمنیشیان سەرۆکی پەرلەمان و



جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و تەنانەت وەزیرەکانیش، هەموو قەوارەکان ئیسحقاقاتی خۆیان وەرگرتووە بەپێی ئەو خاڵانەی کە لەڕووی سیاسییەوە ڕێککەوتنیان لەسەر ئەنجامدراوە))

سەبارەت بە مۆڵەتی ١٠٠ رۆژەکەش کە دراوەتەوە بە حکومەتی مالیکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئیبراهیم فەزع لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وتی: (بەپێی تێڕوانینی من و لەڕووی لۆژیکەوە، مۆڵەتی ١٠٠ رۆژ نە سەرەتایەکە و نەش کۆتاییە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان. دڵنیام لەوەی کە ئێوەیش وەکو رۆشنبیر و تێگەیشتوو هەمان بۆچوونتان هەیە. راستە مۆڵەتی ١٠٠ رۆژ دراوە، بەڵام ئەم قەسەیە تەنیا بۆ لێکۆڵینەوەیە لەبارەی هەڵسەنگاندنی پلان و بەرنامەکانی وەزارەتەکان و چۆنییەتی دەستپێکردن و زانینی هەنگاوەکان و دۆزینەوەی پێشکەوتنەکان کە ئایا بەرەوپێشەوە چووە یاخود وەستاوە، ئەگەر کەموکورتی هەبێت بێگومان لەماوەی ئەو ١٠٠ رۆژەدا لێپێچینەوە دەکرێت. لەکاتێکدا وەزیرەکان کە بێن بە بەرنامە و ئەجێندای کارەکانیان و بە پرۆژە و پلانەکانیان بۆ نموونە لەبارەی باشترکردنی رێژەیەك لە پسوولەی خۆراك و دامەزراندنی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران بە

**مۆڵەتی ئەم ١٠٠ رۆژە بریتییە لە زانین و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتوویی و شیاوی و کار و چالاکییەکانی خودی وەزیرەکان**

رێژەیەکی دیاریکراو و واژۆکردنی گرێبەستی ئابووری و وەبەرهێنان و ئەنجامدانی پڕۆژە و کاری گرنگ بۆ نموونە فراوانکردنی تۆڕەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی ...وتاد. بەڕای من ئەم جۆرە کارانە بە هەنگاوی پۆزەتیڤ دەژمێردرێن لەماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا، لەبەرئەوەی مۆڵەتی ئەم ١٠٠ رۆژە بریتییە لە زانین و هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتوویی و شیاوی و کار و چالاکییەکانی خودی وەزیرەکان. هەربۆیە، لە رۆشنایی ئەم مەسەلەیەدا، ئەگەر هات و وەزیرێك بە چەند هەنگاوێك، یەك یان دوو یان سێ هەنگاو، بەرەوپێشەوەچوونی ئەنجامداوە، ئەویش بەپێی بەرنامە و ئەجێنداکانی، ئەوکات دەکرێت ١٠٠ رۆژی تری پێ ببەخشرێت بۆ ئەنجامدانی کاری باشتر و وەدیهێنانی بەرەوپێشەوەچوونی زیاتر، کاری چاودێری-ش بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت لەلایەن حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران. ئێمە بەردەوام هەڵدەستین بە سەردانی وەزارەتەکان و وەزیرەکان و پشکنین و هەڵسەنگاندن بۆ کار و بەرنامەکانیان ئەنجام دەدەین و هاوکات بانگێشتیان دەکەین بۆ پەرلەمان، بۆنموونە هەڵستاین بە بانگکردنی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و وەزیری بازرگانی و جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروبارەکانی بازرگانی، بەڕێز «د.رۆژ نوری شاوەیس»، لەگەڵ وەزیرەکان و بریکارەکان، هەڵستاین بە هەڵسەنگاندنی کار و بەرنامەکانیان و پێداچوونەوەی دەرماڵەکان کە بۆیان تەرخانکراوە. لەلایەنێکی ترەوە هەڵستاین بە بانگێشتکردنی وەزیری پیشەسازی و بیرکارەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەربەستەکان و چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکانیان و پێداچوونەوەی بەرنامە و پلانەکانیان، بۆئەوەی ئێمەیش لەلای خۆمانەوە بتوانین پشتگیرییان لێ بکەین لەڕووی تەشریعیەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە یاسایەك هەبێت کە رێگربێت لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانەکانی وەزارەتەکان. ئێمە بەردەوام پشتگیری لە کار و بەرنامەی وەزارەتەکان دەکەین. ئەمڕۆ وەزیرەکان بەرپرسیارن لەبەردەم فشاری شەقام و گەل و حکومەت و پەرلەمان و تەنانەت لەبەردەم

خۆشیاندا بەرپرسیارن، تەنانەت لەبەردەم مێژووشدا بەرپرسیارن. ئەمڕۆ سیاسەتێکی نوێ هاتۆتەکایەوە بۆ کارکردن لە دەوڵەتی عێراقی، کە جیاوازە لەو سیاسەتانەی کە لەساڵانی رابردوودا هەبووە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ وەزیر و حکومەت لەبەردەم گەل بەرپرسیارن، تەنانەت لەهەموو ئامرازەکانی راگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێندراویش، میدیا چاودێرە لەسەر رەفتارەکانی حکومەت و گەل بڕیاردەرە و سەرچاوەی دەسەڵاتە و حوکم لەدەستی خۆیەتی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خوازیارین هاووڵاتیان بێلایەنی بنوێنن لە چاودێری و بەپێی ئەجێندایەکی دیاریکراو کارنەکەن، گەر ئەجێندای سیاسی بێت یان دەرەکی یان ئایینی، ئێمە کاردەکەین بۆ بونیادنانی عێراق و پەرەپێدانی پڕۆژەی نیشتمانی، هیوادارین عێراق-ێك بونیاد بنێین کە جیاواز بێت لە وڵاتانی تر کە شۆڕشی مللی و سەرهەڵدانی تیا روویداوە. وێڕای میراتە کەڵەکەبووەکە کە لە رژێمی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، هەر لەسەرەتاکانی ١٩٨٠کان لە جەنگ و ئابلۆقەی ئابووری و جینۆساید و کوشتنی بە کۆمەڵ و شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، دواتر پاش ساڵی ٢٠٠٣ و رووداوەکانی و رووخانی ژێرخانەکانی وڵات، بەڵام ئەمڕۆ عێراق خاوەن پڕۆژەیەکی نیشتمانی و پرۆسەیەکی سیاسیی دیموکراسییە. ئەمڕۆ دیموکراسییەت لە عێراق هەیە و پێچەوانەیە لەگەڵ سەردەمەکانی رابردوو، کە هاووڵاتیان بە ئازادانە دەردەچنە سەر شەقامەکان و دژ بە سەرۆك وەزیران هاواردەکەن. من وەکو سیاسەتوان و تۆش وەکو رۆژنامەنووس هەردووکمان یەکسانین لەبەرئەوەی هەردووکمان هاووڵاتین، بۆیە هیچ جیاوازییەك لەنێوانماندا نییە. هەروەها هەڵبژاردنەکان لە عێراق بەشێوەیەکی دیموکراسییانە بەڕێوەدەچێت و هاووڵاتیان کە ئێمەیان گەیاندۆتە پۆستەکانمان، من وەکو ئەندامێك لە ئەنجومەنی نوێنەران خەڵك دەنگیان بە من داوە، ئێمە لەڕێگەی لیستی داخراو نەهاتووینە یان بەشێوەیەکی رەمەکی هەڵبژێردرابین، سەردەمی لیستە داخراوەکان کۆتایی هاتووە، لەمیانی هەڵبژاردنەکان هاووڵاتیان یەکە بە یەکە کاندیدەکان بەناو دەناسن و دەزانن کێن، ئەگەر لە رووی رەوشت و شیاوی و لێهاتوویی و پیشەیی نەتناسن ئەوە هەرگیز دەنگت پێنادەن، بەتایبەتی لەڕووی نیشتمانییەوە. هەربۆیە، ئەمڕۆ مەسەلەکان گۆڕانکارییان بەسەرهاتووە وەکو جاران نییە)).

## خالید ئەسەدی بۆ گوڵان:

# چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بەتەوافوقاتی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە

پەرلەمانتاری عێراقی خالید ئەسەدی سەبارەت بە رەوشی ئێستای پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا، پێیوایە کە باروۆدخی ئێستا چەندین تێبینی لەسەر هەیە، لەمبارەوەو سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (پێش هەموو شتێك، ئاشکرایە پێکهاتەی حکومەتی عێراقیی نوێ تێبینیی زۆری لەسەر هەیە، تەنانەت گەر لەڕووی دەستنیشانکردنی وەزیرەکان بێت بۆ ژمارەیەك لە وەزیرەکان یاخود لەڕووی چڕبوون لە ژمارەی فەرمانبەرەکانی هەندێك لە وەزارەتە ناپێویستەکان. وێڕای خواست و داواکارییەکانی جەماوەر کە مەبەستەکەیان ئەوەیە حکومەت بەرپرسیار بێت و بەشێوەیەکی باشتر کارەکانی ئەنجامبدات، بەڵام ئێمە پێمانوایە کە پێویستە پێداچوونەوە هەبێت لەپێناو رێگەگرتن لە روودانی هەڵەی زیاتر و نەهێشتنی ئەگەرەکانی لادان لە رێچکەی ئەدائی سیاسی و ئیداری، بەڕای من پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتی ١٠٠ رۆژەکە، پێموایە شێوازی ئەدائەکانی حکومەت روو لە باشتر دەکات و پلان و بەرنامەکان جێبەجێ دەکرێن کە ئامادەکراون بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی وەزارەتەکان و دانانی وەزارەتەکان لەسەر رێچکەی دروست لەپێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییەکان لەچوارچێوەی کاتێکی دیاریکراو و بەپێی میکانیزم و هەنگاوی دیاریکراو. ئەوکات ئاست و توانای هەموو وەزیرێك دەردەکەوێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەڵام ئەگەر هات و شتەکان بەپێچەوانەوە بوون، ئەوە پێویستە لەسەر سەرۆکی حکومەت بەڕێز «مالیکی» هەڵستێت بە پێشکەشکردنی زنجیرەیەك لە رێنمایی و چاکسازی بۆ پەرلەمان لەبارەی پێکهاتەی وەزاری و هەروەها لەبارەی هەندێك ئاڕاستەی تەشریعی کە لەوانەیە پێویست بن بۆ سەرخستنی کارەکانی حکومەت، هەروەها هەمان شت بۆ دامەزراوەکانی تری حکومەت. هەربۆیە بەڕای من پێویستە لەسەر هەموو قەوارە سیاسییەکان لەگەڵ بەڕێز «مالیکی» وەکو سەرۆکی حکومەت هەماهەنگ بن و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن لەبارەی ئەو ئیجرائاتانەی کە پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتە دیاریکراوەکە کە ئەنجومەنی وەزیران وەریاندەگرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی وەزارەتەکان و حکومەت بەگشتی. بەڕای من گرژییەکان بەشێکە لە ململانێی سیاسی لەنێوان قەوارە سیاسییەکان. پێموایە کە پێویستە ململانێ سیاسییەکان نەبنە هۆی بەفیڕۆدانی مافەکانی گەلی عێراقی و هەروەها نەبێتە مایەی شێواندنی دەوڵەت و بەفیڕۆدانی بەرژەوەندییەکانی. ئێمە وڵاتمان پێویستیی بەوە هەیە کە بەشێوەیەکی خێرا پەرەبستێنێت و بەپەلە پێشکەوێت و ئامانجەکانی وەدیبێنێت، دوور لە ئیستحقاقاتی سیاسیی قەوارە سیاسییەکان، ئاساییە ململانێ لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام پێویستە ئاسایی بێت نەك لەڕاددەبەدەر. بۆیە بەڕای من پێویستە لەسەر قەوارە سیاسییەکان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە سەیری ئیجرائاتەکان و چاکسازییەکان بکەن تەنانەت پاش مۆڵەتی ١٠٠ رۆژەکە و هاوکات لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت هەماهەنگ بن لەپێناو جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی بەشێوەیەکی بەپەلە بۆئەوەی حکومەت بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی کارەکانی و بەردەوامبوون لە بونیادنانی دەوڵەتی عێراقی و هەموو دامەزراوەکانی و بەردەوامبوونی حکومەتی «شەراکەت» بەهەموو رەهەندەکانییەوە)).



سەبارەت بە چۆنییەتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەسەدی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (چارەسەرەکە پێویستیی بە تەوافوقاتی سیاسی هەیە لەنێوان قەوارە سیاسییەکان بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام وادیارە تاکو ئەمڕۆ ئەو تەوافوقە رووینەداوە. ئەمڕۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران زۆربەی کاتەکان بەفیڕۆدەدات لەڕێگەی کردنەوەی دەروازەکان لەبەردەم «بەیاناتی سیاسی» کە مایەی گرژکردنەوەی کەشوهەواکەیە لەنێوان قەوارە سیاسییەکان و لەئاکامیشدا قەوارە سیاسییەکان زۆر دوور دەکەونەوە لە لێکتێگەیشتن و زۆریش دووردەکەونەوە لە تەوافوقاتی سیاسی، سەبارەت بەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە حکومەت، پێموایە زیاتر لە ٪٩٠ی لێ جێبەجێکراوە، ئەمڕۆ وەزارەتە ئەمنییەکان ماون و لای هەمووومان ئاشکرایە کە ئاییندەی وەزارەتە ئەمنییەکان بەندە بە تەوافوقاتی سیاسی، لەبەرئەوەی ئەم وەزارەتانە هەستیار و گرنگن، بەڵام تاکو ئەمڕۆش ئەم رێککەوتنە رووینەداوە و بەڕێز «مالیکی»ی ناچارکرد بۆ چەندین جار پێشنیار پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆئەوەی پەرلەمان ئەم بەرپرسیارەتییە لەئەستۆ بگرێت، بەڵام ژمارەیەك لە قەوارە سیاسییەکان بوون بە رێگر لەبەردەم ئەو وەزیرانەی کە «مالیکی» پێشکەشیانی کردبوو و لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر وەزیرەکان ژمارەیەك لە قەوارە سیاسییەکان کاندیدەکانیان رەتکردەوە. ئەمڕۆش هەڵوێستی خۆی راگەیاندووە، لە لێدوانێکیدا پێش رۆیشتنی بۆ «کۆریا»، وتی لە هەفتەی داهاتوودا ناوی وەزیرەکان پێشکەش دەکات بۆ پەرلەمان و هیوای خواست قەوارە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنن.



AVUKAT
R.Tayyip ERDOĞAN
GELİYOR
AĞRI
EVET DİYOR

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دۆسێی کورد

## ئایا ئەم هەڵبژاردنە تورکیا دەباتە یەکێتی ئەوروپا



سیاسەتی کرانەوەی تورکیا رووەو کوردەکان بەچەند ئاستەنگ و بەربەستێکدا لەو وڵاتە تێپەڕبووە، کە وایکردووە ئەم کرانەوەیە جێگیر نەبێ و بەردەوام نەبێت، ئەمڕۆ ئەو وڵاتە لەبەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدایە، چاودێرانی سیاسی بەگرنگییەوە دەڕواننە ئەم هەڵبژاردنە کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییەی کە جیهانی عەرەبی و ژمارەیەک لە وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، لەنێوخۆی تورکیاشدا ململانێیەکی توند لەنێوان پارتەکان و کاندیدەکان کەوتۆتەوە بەتایبەتی ئەو ململانێیانەی کەوتوونەتە نێوان پارتەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنەوە. مەسەلەی کوردو دەنگدانی کوردەکان لەناو ئەم هاوکێشە سیاسییەدا جێی وتوویژو مشتومڕێکی زۆرە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرجەم چاودێران لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تورکیا دەبنە هۆی یەکلاکردنەوەی زۆر لەو دۆسێ گرنگانەی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا باس دەکرێت، لەوانە: (چارەنووسی دیموکراسی و ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپاو دەستووری نوێ و دۆسێی کورد) لەتورکیادا.

## لەدوای هەڵبژاردنەکان چ گۆڕانکارییەك ڕوودەدات؟

حکومەتی تورکیا لەژێر ناونیشانی کرانەوەی دیموکراتی کۆمەڵێ سیاسەتی کرانەوەی ڕووەو کورد دەستپێکرد، گەرچی چاودێران پێیانوایە ئەم کرانەوەیە بە هەنگاوی زۆر جێگیر و ڕادیکاڵ و بەردەوام دانانرێت، بۆ زانینی باروودۆخەکەو شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە پێویستە سەرەتا ئەو پرسیارە بکەین، لەدوای هەڵبژاردنەکان چ گۆڕانکارییەك ڕوودەدات؟ لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر عومەر چاها وتی: پێمواییە



پرۆفیسۆر عومەر چاها:

**هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی هەنگاونانی زیاتری تورکیا بەرەو دیموکراسی بە هەنگاوی زیاتر بوێرانە و گەورەتر ئەگەر AKP بتوانێ بە جیاوازییەکی زۆری دەنگەکانەوە لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتن بەدەست بێنێ**

لەڕووی باری پارتی دەسەڵاتدار و پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نابێت لە دوای هەڵبژاردنەکان هەروەکو دیارە کە لەڕێگەی ئەنجامەکانی لێپرسینەوەی کۆمپانیاکانی بەدواداچوون لەسەرتاسەری تورکیا بۆمان دەردەکەوێ، کەوا دووبارە ئاك پارتی لە دەسەڵات دەمێنێتەوە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان و CHPش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕابردوو زیاتر دەنگ بەدەست دێنێ، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەك لە باری CHP، هەر بۆیە ئەم بارەی ئێستای دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، لەوانەیە پارتی BDP ژمارەی ئەندامەکانی لە پەرلەمان زیاتر بکات و دەنگی زیاتر لە ناوچەکە بەدەست بێنێ. لێرەدا پێویستە بزانین لەدوای هەڵبژاردنەکان چی ڕوودەدا؟ پرۆفیسۆر عومەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەشماندا وتی: پێشەکی پێمواییە ئەم

هەڵبژاردنە کۆمەڵێ شت تاقی دەکاتەوە، لەوانە بریتییە لە ڕێوشوێنەکانی AKP کە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتییەوە پەیڕەویان دەکات لە بواری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی و لە بواری ئابووری و لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئایا خەڵکی ئەم ئیجرائاتانە پەسەند دەکەن یان نا؟ ئەمە یەکێکە لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و لێرەدا ئەگەر دیسان AKP بە ڕێژەیەکی زیاتر لە ٤٥٪ی دەنگەکان بەدەست بێنێ، ئەوا ئەوەی بۆ دوویات دەبێتەوە کە گەلی تورکیا ڕێوشوێنەکانی AKP یان لا پەسەندە و پاڵپشتی دەکەن. دووەم بابەتێکی زۆر نزیك و گەرمی ئەجێندای تورکی بریتییە لە بابەتی ئەرگەنەکۆن، بەهۆی ئەم بابەتەوە دەتوانین بڵێین خەڵکی بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان دڵێن بەڵێ ئەرگەنەکۆن هەیە و بەشەکەی تر دڵێن نییە. لەم ڕووەوەش حکومەت تا ئێستا تەعویزێکی ئەوتۆی نەداوە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەگەر AKP بە جیاوازییەکی زۆری دەنگەوە لە دەسەڵات مایەوە، ئەوا مانای وایە کۆمەڵگە بە گەرمی سەیری ئەمە دەکات. خاڵی سێهەمیش بریتییە لە مەسەلەی کورد، هەروەکو ئاگادارن کەوا حکومەت لەژێر ناونیشانی کرانەوەی دیموکراتی تورکیا کۆمەڵێ سیاسەتی کرانەوەی ڕووەو کورد دەستپێکرد و ئەم کرانەوەیە بە داخەوە بە هەنگاوی زۆر جێگیر و ڕادیکاڵ بەردەوام نەبوو، بەڵام چەند هەنگاوێکی هەڵگرت کە بە لایەنی کەمەوە ئەوەی خستە پێشەوە کە کێشەی کورد پێویستە بە ڕێگەچارەیەکی دیموکراتیانە چارەسەر بکرێ و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی هەندێ پێشبینی (تصور) لەنێو هەندێ چینی کۆمەڵگە و هەر بۆیەش پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی وەك CHP و MHP بەزۆری سیاسەتەکانیان لەسەر ئەمەوە دروست کرد و ئەوەیان ڕاگەیاند کەوا AKP لەڕێگەی ئەم کرانەوەیەی ڕووەو کوردەکان وڵات دەکات بە دوو بەشەوە، ئەمەش هەم دیسان لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا خەڵکی چۆن پێشوازی لەم کرانەوەی AKP دەکەن واتە ئەگەر پاڵپشتیەکی زۆر بۆ AKP هەبوو لە هەڵبژاردنەکان، ئەوا دەتوانین بڵێین خەڵکی پاڵپشتی ئەم کرانەوەیەی AKPش دەکات. هەربۆیە لەدوای هەڵبژاردنەکان لەگەڵ حکومەتێك بەردەوام دەبین کەوا پاڵپشتی خەڵکی بەدەست هێناوە لەگشت ئەم بوارانەی کە باسمانکرد، خەڵکی تورکیا سەبارەت بەم سێ خاڵە بەشێوەیەکی زیاتر بوێرانە پاڵپشتی حکومەت دەکات. پرۆژەی چوارەمی AKPش کە لەگەڵ هەمڵەتی هەڵبژاردن پێشکەشی دەکات، بریتییە لە دەستوورێکی نوێ، ئەم دەستوورە نوێیە مانای

ئەوە دەگەیێنێ کەوا چ لە ڕووی دیموکراتی و چ لە ڕووی دەستوور و سیاسەتەکانی ترەوە، ئەوا AKP لەمڕۆ بەدواوە هەنگاوی بوێرتر هەڵدەگرێت. لەڕووی هەڵبژاردنەوە ئەمانە ڕوو دەدات و ئەگەر بێتو لەم ڕووەوە سەیرێکی هەڵبژاردنەکان بکەین، کەوا چی دەگۆڕێت، هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی هەنگاونانی زیاتری تورکیا بەرەو دیموکراسی بە هەنگاوی زیاتر بوێرانە و گەورەتر ئەگەر AKP بتوانێ بە جیاوازییەکی زۆری دەنگەکانەوە لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

### تورکیا پێویستی بەدەستوورێکی نوێیە کە لەلایەن پەرلەمانێکی نوێ دانرێت

لەبەرامبەردا گەرچی کەسانێك هەیە ئەم هەڵبژاردنەیان پێ گرنگە بەتایبەتی بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر بابەتی بەجێماوی دیموکراتیەت



بلند کێنێش:

**ئەم هەڵبژاردنانە بۆ تەواوکردنی ئەو کێبرکێیە و گەیاندنی تورکیا بە ستانداردەکانی دیموکراسی ئەورووپا و جیهان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ**

لەو وڵاتەدا، بەڵام پێیانوایە هەڵبژاردنەکان هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی چاوەڕوانکراوی لێبکەوێتەوە، هەروەکو بلند کێنێش پسپۆڕ و شارەزا لەبواری تورکیا لەمبارەیەوە وتی: ((منیش ئەم هەڵبژاردنانەم زۆر پێ گرنگە لەڕووی دیموکراسی تورکیا و ماوەی بە دیموکرات بوونی تورکیا بە شێوەیەکی پراکتیکی پەیڕەو دەکرێ، هاوکات دەبێتە هۆی دەستپێکردنی ماوەیەك کە لەمەوبەر بە ناتەواوی جێمابوو، پێمواییە ئەم ماوە جێهێڵراوە ناتەواوە دەگۆڕێ بۆ چەندین هەلی نایاب، بەڵام لەڕاستیدا چاوەڕوانی هیچ سوپرایزێك نیم لە هەڵبژاردنەکان و هەروەکو ئاگادارن بەشێوەیەکی تەقریبی لەڕێگەی ئامارەکان و تێڕوانینەکانی ناو کۆمەڵگە پێمواییە لەم هەڵبژاردنانە هیچ ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو دەرناکەوێ و دیسان بە سیستەمی حکومەتی یەك پارتی بەئەنجام دەکات. هەرچەندە هەڵبژاردنێکی زۆر گرنگە،

بەڵام پێمواية هيچ ئەنجامێكی سەرسامكەر و چاوەڕواننەكراوی لێ ناكەوێتەوە)).


لەمبارەيەوە زياتريش وتی: هەروەكو ئاگادارن توركيا لەم ٤ ساڵەی دواييدا لە بواری ديموكراسيەوە لە كێبركێيەكی زۆر سەخت تێپەڕی. ئەم كێبركێيەی ديموكراسی بۆ گۆڕينی سيستەمی دامەزراو و ئۆليگارشی ئەوو سيستەمەی كەوا لەسەر داواكاری دەستەيەكی بەڕێوەبەر و ئۆليگارشی پێكهاتبوو كە بە سيستەمی ميليتاری و چينێكی تايبەت ناساراوە و بۆ گۆڕينيان بۆ سيستەمی زياتر سڤيل و زياتر ديموكرات و زياتر سەربەخۆ، سيستەمێكی وا كە زياتر گرنگی بە ماف و سەربەخۆييەكانی تاك بدات ئەم كێبركێی گۆڕانكارييە هێشتا تەواو نەبووە و بە بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنانە بۆ تەواوكردنی ئەو كێبركێيە و گەياندنی توركيا بە ستانداردەكانی ديموكراسی ئەوروپا و جيهان ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ. بێگومان بۆ گۆڕينی ئەم سيستەمەش بۆ دامەزراندنی سيستەمێكی نوێ لەبری ئەو سيستەمە كۆنە بەشێوەيەكی ئەوتۆ كە زياتر شەفاف بێ و پابەندی لێپرسينەوە بێ پێويستمان بە دەستوورێكی نوێيە و ئەم دەستوورە نوێيەش لەلايەن پەرلەمانێكی نوێ كە دەسەڵاتی لە گەلەوە وەردەگرێ دروست دەكرێ و (انشاالله) لەدوای ١٢ی حوزەيران لە توركيا باس لە دەستوورێكی نوێ دەكەين.

## لە ٢٠١٥ ڕۆژگاری زۆر خۆش چاوەڕوانی گەلانی توركيا دەكات

لەدوای هەڵبژاردنەكان پێويستە پەرلەمانتارەكان هەنگاوی پراكتيكی بۆ دەستووری نوێ بنێن تەنانەت دەركردنی دەستوورێكی نوێ بەهەنگاوێكی چاوەڕوانكراو دادەنرێت هەروەكو چۆن موراد گۆكهان سەرۆكی جەمعيەكانی دياربەكر و ئامەد كە بۆ ڕاپۆرتی ئەمجارەی گوڵان دواو بەڕێزيان پێيوابوو گرنگترين ئامانج لەم هەڵبژاردنە دەستوورێكی نوێيە، لەم ڕووەوە وتی: بێگومان ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگە و گەشەسەندنی ئەوتۆ دروست دەكات بەر لە هەموو شتێك هێز و زەبری سەرباز كەمدەكاتەوە، ئەگەر ئەو ڕێژەی ٪١٠ش نەبوايە، ئەوا زۆر باشتر و ديموكرات تر دەبوو، چونكە ئێستا لەگەڵ ئەم ڕێژەيە بە بەهانەی ئەوەی كەوا دەنگەكان بەفيڕۆ نەڕوات وەك ئەوەی لێهاتووە دەنگی خەڵكی بۆ يەكێكی تر دەبێت، ئەمەش هەروەك دزينی شتێكی تايبەتی كەسێكی ترە و هيچ جياوازييەكی نييە، بێگومان گرنگترين ئامانج لەم هەڵبژاردنە بريتييە لە دەستوورێكی نوێ كە لە دوای ئەم هەڵبژاردنە دادەنرێت، ئەمەش بۆ ديموكراسی توركيا زۆر گرنگ دەبێ و من پێمواية لە هەڵبژاردنەكانی دوای ئەمە واتە لە ٢٠١٥ ڕۆژگاری زۆر خۆش چاوەڕوانمان دەكات.

## لەدوای هەڵبژاردنەكان ئارەزووی توركيا لە ئاستی كۆمەڵگە و لە ئاستی كومەت بەرەو يەكێتی ئەوروپا دەچێت؟

كەواتە هەمووڵايەك كۆكن لەسەر ئەو گۆڕانكاريیانەی كە لەئاكامی هەڵبژاردنەكانی ئەمجارەی توركيا دەكەوێتەوە كە وا دەكات چەند گۆڕانكارييەك لەگەڵ خۆيدا بهێنێت، گەرچی گۆڕانكارييەكان ڕێژەييش بن، كە گرنگترينيان دەسپێكێكە بۆ دەستوورێكی نوێ و ئەندامێتی يەكێتی ئەوروپا، لەگەڵ ئەمەشدا بوون بەئەندامی يەكێتی ئەوروپا هێشتا زووە قسەكردن لەسەری، چونكە پێوەندی بەدۆسێی كوردو ئازادييەكانەوە هەيە، ئەوەی جێی دڵخۆشييە كرانەوەو ئامادەكردنی كۆمەڵگەيە بۆ ئەو گۆڕانكارييە بنەڕەتييەو ڕەنگە لەدوای هەڵبژاردنەكان دووبارە بوون بەئەندامی توركيا بۆ ناو يەكێتی ئەوروپا بگەڕێتەوە، پرۆ فيسۆر عومەر چاها پێيواية:



موراد گۆكهان:

**كوردەكان لە توركيا دەنگيان بەكێ دابێ، ئەوا ئەوان دەسەڵاتيان گرتۆتە دەست**

لەدوای ڕيفراندۆمی ١٦ ئەيلوولی ٢٠١٠ پێويستی دەستوورێكی نوێ لەلايەن گشت چين و توێژەكانی كۆمەڵگەوە دروستبوو و كۆمەڵێك لە دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی سڤيل بەشێوەيەكی سەربەخۆ و جياواز لە حكومەتەوە سەبارەت بەم دەستوورە نوێيە كار دەكەن، بۆيە دەتوانم بڵێم كە پێشبينييەكی جددی لە كۆمەڵگە دروست بوو و كۆمەڵگە لەم ڕووەوە ئامادە كرا، لەلايەكی ترەوە ئەم بابەتە يەكێك بوو لەو چوار پێنج بابەتەی كە AKP بەڵێنی پێدابوو، هەر بۆيەش پاشگەز بوونەوە لەدوای ئەو خاڵەی كە ئێستا توركيا پێی گەيشتووە لە مەسەلەی دەستووری، جێی باس نييە. بەڵێ دەتوانم بڵێم دەسپێكێكە بۆ دەستوورێكی نوێ، بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسيارەكەتان كە ئايا ئەمە دەسپێكێكە بۆ ئەندامێتی يەكێتی ئەوروپا، ئەوا بە بۆچوونی كەسی من نەخێر، ئەمە دەسپێكێك نييە، چونكە AKP هەر لە سەرەتای دەركەوتنييەوە لە ٢٠٠١ يەكێك لە بەهێزترين بابەتەكانی بريتی بوون لە ئەندامێتی يەكێتی ئەوروپا، بەڵكو يەكێك بوو لە دوو بابەتە هەرە گرنگەكەی و لەسايەی ئەمەوە دەسەڵاتی وەرگرت و هەنگاوی جددی هەڵگرت و توانی توركيا تا ئاستی موزەكەرەی ئەندامێتی يەكێتی ئەوروپا بێنێ، بەڵام لەدوای ئەو ماوەيەی موزەكەرە بەهۆی هۆكارێكی ناديارەوە كە ئێمەش تێی نەگەيشتووين و نازانين بۆ ڕاگيرا، بەڵام توركيا چيتر هەنگاوی بە هەمان خێرايی هەڵنەگرت بۆ ئەندام بوون لە يەكێتی ئەوروپا، شتێكی تريش هەيە و لەوانەيە بەهۆی ئەمەوە بێت ئەويش بريتييە لە بوونی ئەحمەد داود ئۆغلو بە وەزيری دەرەوەی توركيا لە ٢٠٠٢ و هەوڵدانی بۆ دروستكردنی توركيايەكی زياتر بە جيهانی بوو لەڕووی ئابووری و سياسی و كۆمەڵايەتی و كەلتووری و گشت ڕووەكانی ترەوە، ئەمەش بێگومان پێويستی بە ئامادەباشيە و لەڕاستيدا ئامانجی ٢٠٢٣ی توركياش بريتييە لەوە. كەسانێكيش لە ناوەوەی AKP يەكێتی ئەوروپا وەك بەربەستێك لەبەردەم توركيا دەبينن، دڵنيا نيم كەوا لەناوەوەی AKP گفتوگۆی ئەمە دەكرێ يان نا، بەڵام لەوە دەچێ ئيرادەيەك لە ناوەوەی AKP يەكێتی ئەوروپا بەو جۆرە لێكدەداتەوە، لەم ڕووەوەش يەكێتی ئەوروپا لە ماوەی موزەكەرەيە و لەو ماوەيە كۆمەڵێك شت تاوتوێ لەسەر دەكرێ و دادەخرێ و بۆ ئەمەش پێويستە كۆمەڵێك هەنگاوی ڕاديكاڵ هەڵبگيرێ و بێگومان ئەمانەش تێچوونێكی تايبەتی هەيە و هەندێك لەمانە لە ماوەيەكی كورتدا كاريگەری لەسەر چينەكانی كۆمەڵ هەيە و ئەم كاريگەرييە لەوانەيە مەترسييەك دروست بكات بۆ پارتی دەسەڵات لەكاتی نزيك بوونەوەی هەڵبژاردنەكان، ئەمەش لەوانەيە هۆكارێكی تر بێت، هەر بۆيە AKP لەم ڕووەوە خێرايی كەم كردۆتەوە و پێمواية ئەو بڕيارەی دادگای يەكێتی ئەوروپا سەبارەت بەكێشەی سەرپۆش و لەيلا شاهين، كاريگەرييەكی نێگەتيڤی بەسەر AKP هەبوو، چونكە ئەوان هيواخوازی ئەوە بوون كە دەتوانن كۆمەڵێ كێشە لە يەكێتی ئەوروپا چارەسەر بكەن، بەڵام بەلايەنی كەمەوە بۆيان دەركەوت كەوا ناتوانن كێشەی سەرپۆش لە ڕێگەی يەكێتی ئەوروپاوە چارەسەر بكەن و لەم ڕووەوە يەكێتی ئەوروپا بووە هۆی نەهێشتنی ئومێدی چينی كۆنسێرڤەتيڤەكانی توركيا، لەلايەكی ترەوش ناوە ناوە تەحەدداكردنی توركيا لەلايەن ئەڵمانيا و فەرەنسا و بەرزبوونەوەو بڵاوبوونەوەی نەتەوەپەرستی بەدژايەتی كردنی لە ئەوروپا. ئەمانەش بوونە هۆی كەمكردنەوەی ئارەزووی توركيا لە ئاستی كۆمەڵگە و لە ئاستی حكومەت ڕووە يەكێتی ئەوروپا. ئەمەش

بەشێوەیەکی دیار لە حکومەت دەبینین لەم رووەوە ئەم هەڵبژاردنانە دەسپێکێك نین بۆ ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و دەتوانم بڵێم مەحاڵە لە ئێستاوە بتوانین شتێکی زۆر ورد و دیار سەبارەت بە یەکێتی ئەوروپا بڵێین.

بلند کینێش سەرەرای ئەوەی پێیوایە ئەم هەڵبژاردنە بەڵێنی دەستورێکی نوێ دەدات کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام گومانی لەو دەستوورە هەیە کە ئەگەر بە زۆرینەی هەندێ پارتی وەك MHP دایبمەزرێنێت و زۆر بە روونی پێیوایە کۆمەڵێ شت رەچاو دەکرێت و هەستەوەری دیموکراتی نییە لەمبارەیەوە وتی: گومانم لەوە هەیە کە ئەم دەستوورە بتوانێ داواکارییەکانی خەڵکی پڕ بکاتەوەو گەشە بە دیموکراسی بدات، هەروەها پارتی کۆماری خەڵکی کە خزمەتی ئەرگەنەکۆنی کردووە و پاڵپشتی لایەنگرانی دەکات، ناتوانێ دەستورێك دابمەزرێنێ بۆ گشت لایەنەکان کە تیایدا سودمەند بن. هیوادارم لەدوای هەڵبژاردنەکان پارتە سیاسییەکان بە CHP و MHP و لە رێگەی زۆرینەی دەنگەوە بتوانن دەستورێك دروست بکەن کە خزمەتی وڵات بکات و ببێتە هۆی پەرەسەندنی سەربەخۆیی و ئاشتی و ئازادی و بتوانێ پێداویستی تاکەکان پڕبکاتەوەو ببێتە چارەسەر بۆ کێشەکانی ناو کۆمەڵگە و پێموایە هیوای هەموو لایەن و کەسێکیش هەر ئەوەیە.

هەڵبژاردنەکان بێ کێشەو گرفت نییە و نیشانەی پرسیاریش لەسەر دیموکراسی تورکیا دادەنێت بەتایبەتی دوای رەتکردنەوەی چەند کاندیدێکی BDPەوە، سەبارەت بەم بڕیارەی رەتکردنەوەی کاندیدەکان کە لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە رەتکرانەوە، عومەر چاها وتی: بێگومان تورکیا دەخاتە ژێر تۆمەتەوە، زیاتر لە بوونی وەك بڕیارێکی یاسایی ئەمە بڕیارێکی سیاسیە و هەستێکی گشتی لەم رووەوە دروست بوو، واتە هەم لەلایەن پارێزەران و هەمیش لەلایەن کۆمەڵگە و سیاسەتمەدارانەوە ئەو هەستە دروست بوو کە ئەمە بڕیارێکی سیاسییە، بۆچوونی منیش بە هەمان شێوەیە و ئەمە بڕیارێکی سادەی یاسایی نەبوو، چونکە تورکیا سەبارەت بە BDP و کێشەی کورد زۆر هەستیارە و لە پڕێکدا ٧ کاندید کە خاوەنی بەهای سیمبۆلی هەم بۆ BDP و هەمیش بۆ کوردەکان لە هەڵبژاردنەکان دوور خرایەوە، من نازانم لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بە کام مەبەست ئەم بڕیارەی دەرکرد کە ئایا بۆ ئەوەبوو تا AKP بخاتە ژێر تۆمەتەوە یاخود بەراستی هەروەکو روونکردنەوەکەی سەرۆك وەزیران بەهۆی نادروستی پێوەندیەکانەوە بوو، من نازانم، بەڵام ئەم رووداوە دوو سێ شتمان پێدەڵێ، یەکەمین ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا بیرۆکراسی تورکیا هێشتا ئامادە نییە بۆ دیموکراسی و هێشتا نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ دیموکراسی بگونجێنێ و هێشتا کۆمەڵێك کەموکوڕی بیرۆکراتیکی هەیە، چونکە بەپێی لۆژیکی دیموکراتی، سەربەخۆیی

**ئێمە نازانین کوردەکانی ئیستانبوڵ چەندیان دەنگ بە BDP و چەندیشیان دەنگ بە AKP دەدەن، بەڵام ئێمە دەخەمڵێنین و بەپێی خەمڵاندنەکانمان لە ٢ ملیۆن زیاتر کورد لە ئیستانبوڵ دەژین، ئەمەش رێژەیەکی زۆر جددیە و دەکاتە نزیکەی ٤٪ی دەنگ**

سەرەکییە و سنووردارکردن و کەمکردنەوە ئیستیسنائیە، واتە لەکاتی هەر رەفتارێك سەربەخۆیی بە ئەساس و سەرەکی لەقەڵەم دەدەی، بەڵام لە بیرۆکراسی دادگایی تورکیا زۆر بەداخەوە ئەمە بەپێچەوانەوەیە سنووردارکردن و کەمکردنەوەکان سەرەکین و سەربەخۆیی ئیستیسنائیە و ئەمەمان بە شێوەیەکی زۆر روون و دیار بۆ دەرکەوت کە دەستەی بیرۆکراتی بۆ دیموکراتی ئامادە نین، دووەمیش سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان وتی: کە ئەمە لە ئەنجامی بێ ئاگایی لیژنەی باڵا و دامەزراوەکانی هەڵبژاردنە ناوچەییەکانەوە هاتۆتە کایەوە، ئەمەش هەر خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە و لەهەمان کاتدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا دەستەی بیرۆکراسی چەند لەخۆباییین کە پێوەندیەکی تەلەفۆنی ناکات و کێشەکە چارەسەربکات، ئەمانە بە تەواوەتی لە مرۆڤایەتی دەرچوون و تەنیا بەپێی یاساکان لە چوارچێوەیەکی فەرمی کار دەکەن، ئەم جۆرە فەرمیە هێز بە بیرۆکراتەکان دەبەخشێ و وایان لێدەکات لەخۆبایی بن، هەر بۆیە پێموایە لەدوای هەڵبژاردنەکان پێویستی چاکسازی لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانیش وەك دەستورێکی نوێ لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشبینی دەکرێ، چونکە تورکیا لەگەڵ ریفراندۆمی ١٦ی ئەیلوول تورکیا کۆمەڵێ چاکسازی گرنگی لە دادگای دەستوور و دامەزراوەی دادوەران و پارێزەران کرد، واتە چاکسازییێکی ئەوتۆ کە بتوانێ ئەو پێکهاتە ئۆلیگارشییەی ئەو شوێنانە نەهێڵێت، ئەوەی ئێستاش دەبینین لەوە دەچێ کەوا لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبری دادگای دەستوور و دامەزراوی دادوەران و پارێزەران رۆڵ دەگێڕێ. بێگومان ئەمەش بووە ئاستەمێك لەبەردەم تورکیا لەو ماوەیەی کە هەوڵی زیاتر بە دیموکراتتر بوون دەدات و هەوڵ دەدات دامەزراوە دیموکراتییەکان زیاتر لەخۆ بگرێت، بێگومان پێموایە ئەمە پێویستە بە زووترین کات چاکسازی تێدابکرێ.

بەڵام بلند کینێش راوبۆچوونی وابوو کە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە تورکیا بەشێکی دادگای باڵایە، هەرچەندە بەرپرس و خاوەن دەسەڵاتیش بێ سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی سەر بە دادگای باڵایە. تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێت لەدوای کودەتای سەربازی ئێمە بەهێزترین و چەترەفیلترین نمایشەکانی هێزمان لەلایەن دادگای باڵاوە بینی، ئەمەش دادگای باڵا و دادگای باڵای دەستوور و دادگای باڵای دادوەران و دادگای تەمیز دەگرێتەخۆ. ئەم لیژنەیەش لە ئاستی دادگای باڵایە و دامەزراوێکی دادگای باڵایە، ئەمەش هەرگیز مانای ئەوە ناگەینێ کەوا بوونی بە دامەزراوێکی دادگای باڵا واتە بڕیاری دادپەروەرانە دەدات. هەرچۆن دادگای باڵا لە ناخۆشترین و تەنگانەترین کاتەکانی ئەم وڵاتە کۆمەڵێ بڕیار و هەڵسوکەوتی نابەجێی دەنواند، لێرەدا مەبەستم لە دادگای باڵای کۆنە، هەرچۆن ئەم دادگایە لە پێشوودا بڕیاری وای دەردەکرد کەوا دادوەران و پارێزەران بەدەستیەوە دەیانناڵاند، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانیش بەهەمان شێوەیە و بەردەوامی ئەم دامەزراوە کۆنەیە. هەربۆیەش پێموایە ئەرگەنەکۆن و دامەزراوەکانی تری هاوشێوەی کاریگەریان بەسەر ئەم لیژنەیەوە هەیە، پێموایە ئەم بڕیارەی بە تەواوەتی بڕیارێکی دژە دیموکراتیە و سوپاس بۆ خوا کەوا هەستی دیموکراتی کۆمەڵگەی تورکی بە شێوەیەکی ئەوتۆ پێگەیشتووە کە دەتوانم بڵێم سەرتاسەری کۆمەڵگەی تورکی هەڵوێستیان هەبوو لەبەرامبەر ئەم بڕیارە و بووە هۆی ئەوەی کە بڕیارەکە بکێشرێتەوە. بێگومان من وەك هاووڵاتییەك و وەك دیموکراتێك زۆر بەتوندی ناڕەزایی خۆم بەرامبەر ئەم بڕیارەی لیژنەی باڵا دەردەبڕم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆم دەردەبڕم لەبەرامبەر بە هەل زانینی ئەم بڕیارە و بەکارهێنانی لە وروژاندنی خەڵکی لەلایەن BDP و P.K.K و پێموایە ئەمانە یەکتری تەواو دەکەن ئەو دامەزراوانەی کە توندی بەشێوەیەکی سەرەکی دەگرنەبەر و هەڵوێستی پرۆڤەکەتیڤی توندڕەوانەیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە رێخۆشکەری توندوتیژین، ئەوانە پێموایە یەکتری تەواو دەکەن و زۆر بە توندی نەفرەت لە هەردووکیان دەکەم. زەرەر و زیانی ئەم شتانەش تەنیا بۆ هاووڵاتیانە وەك ئەگەنجەی ناوچەی بیسمیل.

مووراد گوكهان سەرۆكی جەمعیەكانی دیاربەكر و ئامێدی ئەو بڕیارەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكانی بە بڕیارێكی نابەجێ و نا دیموكراتی وەسف كرد و زیاتریش لەم ڕووەوە وتی: هەر خۆی لەخۆیدا ئێمە لە ڕوونكردنەوە و بڵاوكراوەكانماندا ئەم بڕیارەمان ڕەت كردەوە و نارەزایی خۆمان لەم ڕووەوە دەربڕی و پێویستیشە لیژنەی باڵا خاوەنی ئەو مافە نەبێ كە بتوانێ نوێنەری خەڵكانێك بخاتە دەرەوەی هەڵبژاردن، كە ئەمە بڕیارێكی زۆر هەڵە بوو و ئەم بڕیارە وا لەخەڵكی دەكات بڕژێنە سەر شەقامەكان و بچنە چیا، ئێمە هەوڵماندا بۆ ڕەتكردنەوەی ئەو بڕیارە بەو هۆو پێناوە یاساییانەی كە پێویست بوو وەربگیرێ و لە كۆتاییدا بڕیارەكەیان كێشایەوە و ئەمە بووە دەرسێك بۆ دیموكراسی توركیا.

**كوردەكان لەهاوكێشەی پارتە سیاسییەكانی توركیادا**

وەكو لەدەسپێكی ڕاپۆرتەكەماندا ئاماژەمان پێدا دەنگی كوردەكان لەم هەڵبژاردنەدا گرنگە بەتایبەت گەر بێتوو دەنگ نەدەن بە ئاك پارتی، ئەوا تاچەند ئەمە كار لە ئاك پارتی دەكات، پرۆفیسۆر عومەر چاها پێیوایە دەنگی كوردەكان زۆر گرنگن سەبارەت بەدەنگی كوردەكان و دەنگدانیان بە BDPو AKP بەڕێزیان وتی: دەنگی كوردەكان زۆر گرنگە هەروەك چینەكانی تر، بەداخەوە ئێمە ناتوانین دەنگی كوردەكانی دەرەوەی ناوچەكە تاقی بكەینەوە، تەنیا لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمانەكانی BDP دەتوانین ئەم دەنگانە تاقیبكەینەوە و ئەمەش خوێندنەوەیەكی ڕاستەقینەمان پێنادات. واتە ئێمە نازانین كوردەكانی ئیستانبوڵ چەندیان دەنگ بە BDP و چەندیشیان دەنگ بە AKP دەدەن، بەڵام ئێمە دەخەملێنین و بەپێی خەملاندنەكانمان لە ٢ ملیۆن زیاتر كورد لە ئیستانبوڵ دەژین، ئەمەش ڕێژەیەكی زۆر جدیە و دەكاتە نزیكەی ٤٪ی دەنگ، ئەڵام ئێمە دەزانین كەوا ئەمە گشتی نییە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، BDP بۆ توانی لەم دەنگانە ١ ئەندام پەرلەمان دروست بكات، ئێمە تەنیا دەتوانین دەنگی پارێزگاكانی سەر بە ناوچەكە تاقی بكەینەوە، ئەویش لە گشت پارێزگاكان ناتوانین. بۆ نموونە ناتوانین دەنگەكانی ئورفە تاقیبكەینەوە و بۆ نموونە لە ئادییەمان لە ڕیفراندۆمی ڕابردوو نەمانتوانی، چونكە خەڵكی ئەو ناوچەیە بڕیاری بایكۆتی BDPی بە جددی وەرنەگرت و چوون بۆ بەشداریكردن. هەر لە دیاربەكرەوە تاوەكو ئاغری لەو ناوچەیەی كە لە شێوەی هیلالێكە و نزیكەی ١٠ پارێزگا دەگرێتەخۆ لەم هەڵبژاردنانە دەبینین چی دەبێت، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو AKP دەنگی زیاتری لە BDP لەو ناوچانە بەدەست هێنا. ئەم بڕیارەی لیژنەی باڵاش بووە هۆی وروژاندنی خەڵكی ئەو ناوچانە لەدژی حكومەت و لە دواتر كێشانەوەی ئەم بڕیارەی بووە جۆرە یارمەتیەك بۆ BDP لە ناوچەكە، من پێموایە هەروەك بڵێی پاڵپشتی BDPی كرد. لەوەش خراپتر بریتییە لە پێكدادانەكان ئێستا لەو ڕۆژەی كەوا ئێمە ئەم چاوپێكەوتنە دەكەین هەواڵی ٧ مردوو كەوتە میدیاكانەوە لە پێكدادانەكانی تونجەلی و ئەگەر ئەم پێكدادانانە بەمشێوەیە بەردەوام بێ، ئەوا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵكی ڕوو لە BDP بكەن، بەڵام پێویستە ئەوەش لەیاد نەكەین كەوا كاتێك پاڵپشتی خەڵكی ناوچەكە بۆ BDP هەڵدەسەنگێنین، ئەوا دەبینین كە لە ٪٣٠-٤٠ە و ٪ ٦٠ی خەڵكی ئەم ناوچانە پاڵپشتی BDP ناكەن. بێگومان BDP لە هەڵبژاردنەكانی ڕابردوو تەنیا بەقەد ئەوەی بتوانێ گروپێك دروست بكات ئەندام پەرلەمانی هەبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنانە پێشبینی ئەوە دەكرێ BDP ٣٠ ئەندام پەرلەمان بەدەست بێنێ، ئەمەش زۆر گرنگە بە نوێنەرایەتیەكی بەهێزەوە لە پەرلەمان دابنیشێ، چونكە دەستووری نوێ دادەمەزرێ و كێشەی كوردیش وەك یەكێك لە كێشە هەرە گرنگەكان سەیر دەكرێ لەم دەستوورە. بۆیە پێموایە زۆر پێویستە و زۆر گرنگە كەوا

> **لەم هەڵبژاردنانە پێشبینی ئەوە دەكرێ BDP سی ئەندام پەرلەمان بەدەست بێنێ، ئەمەش زۆر گرنگە بە نوێنەرایەتیەكی بەهێزەوە لە پەرلەمان دابنیشێ، چونكە دەستووری نوێ دادەمەزرێ و كێشەی كوردیش وەك یەكێك لە كێشە هەرە گرنگەكان سەیر دەكرێ**


BDP بە نوێنەرایەتیەكی بەهێزەوە لە پەرلەمان دابنیشێ.

لەمبارەیەوە بلّند كێنیش پێیوایە شتێك نییە بەناوی دەنگی كورد، دەنگی تورك، دەنگی چەركەز، دەنگی لاز. بۆ نموونە من هاووڵاتییەكی توركم و لە خێزانی مندا كوردیش هەیە و خێزانی براكەم كوردە و خێزانی خاڵم كوردە، مێردی پورم كوردە، خێزانی خۆم چەركەزە، لێرەدا شتێك نییە بەناوی هاووڵاتی كورد و هاووڵاتی تورك، ئێمە هەموومان هاووڵاتی توركیاین و دەنگی هەموومان بەبێ جیاوازی و بەقەد دەنگی یەكتر گرنگە، بەڵام لەڕووی دابەشبوونی ناوچەییەوە كوردەكان خاوەنی ٪١٠ی دەنگن و لەم ڕووەوە دەنگی كوردەكانیش زۆر گرنگە، هەروەها ئامادەبوونیشیان لە پەرلەمان وەك هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە زۆر گرنگە و لە ڕووی دیموكراسیشەوە زۆر گرنگە لەم ڕووەشەوە كاندیدە سەربەخۆكانی BDP بەلای منەوە زۆر گرنگە، چونكە هەڵبژاردنی كاندیدەكانی لیستی AKP یاخود لیستی BDP بۆمن هیچ مانایەك ناگەیەنێ بەڵكو ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بریتیە لە هەڵبژاردنی ئەو كاندیدانەی كە سەربەخۆن و بەراستی نوێنەرایەتی خەڵكی ناوچەكە دەكەن. ئەمە لە ڕووی دیموكراتیەوە زۆر گرنگە، چونكە كەسانی وا دەبنە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی ئاستی دیموكراتی و گرنگ نییە سەر بە كام پارت دەبن. بۆ نموونە لە ریفراندۆمەكەی ١٢ی ئەیلوول ئەو هەڵوێستەی BDP یارمەتیدەری پەرەسەندنی دیموكراسی نەبوو، ئەمەش جێی خەفەتی ئێمەیە، جگە لەوە كاندیدەكان چ سەر بە AKP بن یاخود سەر بە DTP هیچ جیاوازی نییە مادام دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی دیموكراسی و یارمەتی بەدیموكرات بوونی توركیا دەدات.

**كوردەكان لە توركیا دەنگیان بەكێ دابێ، ئەوا ئەوان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست**

بەڵام لەبەرامبەردا بۆچوونێك هەیە كە دەنگی كوردەكان بەیەكلاكەرەوە دادەنێت، موراد گۆكهان سەرۆكی جەمعیەكانی دیاربەكر و ئامەد سەبارەت بەدەنگی كوردەكان وتی: كوردەكان لە توركیا دەنگیان بەكێ دابێ، ئەوا ئەوان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. بۆ نموونە ئەگەر ئەم ڕێژەیە نەبوایە ئێستا ئەمڕۆ BDP بە ١٠٠ پەرلەمانتارەوە لە پەرلەمان بوو و AKP بێگومان دەبوایە لەگەڵ BDP هاوپەیمان بوایە. كەواتە بەبێ كوردەكان ناتوانن دەسەڵات وەربگرن، هەروەها كۆمەڵێكی باشی پەرلەمانتارانی AKPش لە كوردەكان پێكهاتووە. خەڵكانێك دەنگ بەم كاندیدانە دەدەن ئەمەش كار دەكاتە سەر BDP بەڵام كاركردنێكی ئەوتۆ نییە، بەڵكو كەمە.

لەكۆتاییدا موراد گۆكهان پێیوابوو: لە ڕاستیدا ئەگەر هۆو پێناوی دژی دیموكراتی و نا دروستی نەگیرێتە بەر لە هەڵبژاردنەكان، ئەوا AKP لە دەسەڵات بەردەوام دەبێ و گۆڕانكاریەكی ئەوتۆ لە هەڵبژاردنەكان نابیم تەنیا ئەوەی گرنگە لێرە بریتییە لەوەی ئایا MHP دەتوانێ لەو ڕێژەیە دەرباز ببێ ئەگەر دەرباز ببێ، ئەوا بۆ دیموكراتی زۆر باشە هەموومان بەیەكەوە دەستوورێكی نوێ دادەمەزرێنین بە خۆشی دەژین، بەڵام ئەگەر AKP بەتەنها دەستوور دابمەزرێنێ ئەوا دیسان پێویستە مافی كەمینەكان بپارێزێ، چونكە دیموكراسی بریتییە لە پاراستنی مافی كەمینەكان.






# گەشتوگوزارو شوێنەوارەکانی دەستــەی وەبــەرهێنــانیش یەک

پێنجوێن هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەوە یەکەیەکی ئیدارەی تایبەت بەخۆی هەبووە، لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانەوە بۆتە قەزا تەنانەت گەڕەکێکی جولەکەنشین لەم قەزایە بوونی هەبووە. ئەم قەزایە ناحیەکانی گەرمك و ناڵپارێز و ١٨٠ گوند لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکە بەگشتی ٤٢ هەزار کەسە و خەڵکی سنوورەکە بەگشتی و گوندەکان بەتایبەتی بەکاری کشتوکاڵی و بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات خەریکن و هەندێك لە دانیشـــتوانەکەی بەتایبەتی گوندەکانی نزیك ســـنوور کارو کاسبی لە خاڵە سنوورییەکان دەکەن، هەر بۆیە ئەم گوندانە باشـــتر ئاوەدانکراونەتەوە بەپێچەوانەی ئەو گوندانەوە کە کارو کاســـبی تێدا نییە. لەبەر نزیکی ئەم قەزایە بە ســـنووری ئێرانەوە هەر لە ســـەرەتای شـــەڕی عێراق – ئێران لە ســـاڵی ١٩٨١ لەلایەن حزبی بەعس ڕووخێنرا و ژێرخانیشی تێکدرا و خەڵکەکەشی راگوازرایەوە بۆ شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، لە دوای ساڵی ١٩٩١ دانیشتوانی سنوورەکە گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان و







# پێنجوێن پشتگوێ خراون و پرۆژەی لەو سنوورە ئەنجام نەداوە

له ڕێگای حکومەت و هاوکاری هەندێك ڕێکخراوی مرۆیی یارمەتی و پشتگیری کران و قەزاکە ئاوەدانکرایەوە، بەڵام لەبەر بەرفراوانی شارۆچکەکە کەموکوڕی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەرچاو دەکەوێت و پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە، ئێمە وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای (پێنجوێن)مان کرد و راوبۆچوونی چەند هاووڵاتییەکمان وەرگرت هەر هەموویان گلەیی و گازاندەیان لە بوارەکانی خزمەتگوزاریەکانی ناو شـــار و گەڕەکەکان هەبوو بەتایبەتی لە هەندێك گەڕەك لە بارەی خراپی و بێســـەروبەری شەقام و کۆڵانەکان وەکو گەڕەکی کانی مینا و پێنجوێنی کۆن و . . . و گلەیی لە نەبوونی هەلی کار و دانەمەزراندنیان لە کەرتی گشـــتی هەبوو. . . . دواتر گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی (رەزا محەمەد) قایمقامی قەزای پێنجوێن کرد، ئەویش ڕاوبۆچوونی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجورە دەربڕی.





ڕەزا محەمەد قایمقامی قەزای پێنجوێن بۆ (گوڵان):

# لە پێنجوێن کێشەی پزیشکی پسپۆڕیمان هەیە

**چیا و دۆڵەکانی سنووری قەزای پێنجوێن نەبۆتە تۆرا بۆرا**

لەساڵی ٢٠٠٧ سنووری قەزای پێنجون ڕووبەڕووی هێرشێکی تیرۆریستی بوونەوە لە گوندی سیاگویز و لە ئەنجامدا حەوت پۆلیس شەهید بوون، لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیایی قەزاکە بەبەردەوام پرسیاری بارودۆخی ئەمنی و ئارامی لەم ناچە سنوورییە دەکرێت، لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی: من ماوەی زیاتر لە ساڵێکە وەکو قایمقامی قەزای پێنجوێن دەستبەکارم، لە سنوورەکە هیچ هێرشێکی تیرۆریستی نەکراوەتە سەر و دەتوانم بڵێم حاڵەتی ئەمنی زۆر باشە، چیا و دۆڵەکانی سنووری قەزای پێنجوێن نەبۆتە تۆرا بۆرا بە تەئکید هەر هەموو سنوورەکە هێمن و پارێزراوە لە دەستی ناحەزان و تیرۆریستان، هەر ئەو گوندەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ هێرشی تیرۆریستی کرایە سەر ئێستاکە ئاوەدانەو زیاتر لە سەد ماڵی تێدا نیشتەجێیە و ڕۆژانە بەکار و کاسبی خۆیانەوە خەریکن، لە سەرجەم سنوورەکە خاڵی پاسەوانی سنوورمان هەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ ڕووبەڕووی هیچ حاڵەت و کارو هێرشێکی تیرۆریستی نەخوازراو نەبووینەوە، ئەو حاڵەتەی لە ٢٠٠٧ ڕوویدا ئەنجامدەرانی لە دەرەوەی سنوور هاتبوون، چونکە پێنجوێن ١٨٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە لەگەڵ قەزاکانی بانە و مەریوان هاوسنوورین، لەبەر ئەوە بۆی هەیە هەندێ جار خەڵکیش دزە بکات، بەڵام بە هاوکاری هێزە ئەمنیەکانی هەردوولا توانراوە پارێزگاری لەم حاڵەتانە بکرێت و هێمنی ئاسایش بۆ ناوچەکە دابینکراوە.

**هەموو قوتابی و مامۆستاکانی پێنجوێن لە فیستڤاڵی ساڵانەی پێشانگای قوتابخانەکان بەشداربوون**

ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/٢٧ کاتێك بەڕێکەوتین بۆ پێنجوێن ئەو شارە سەرقاڵی فیستڤاڵێکی قەشەنگ و جوان بوو کە تێیدا پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان سازیاندابوو، قوتابخانەکانی سنوورەکە جموجوڵ و چالاکییەکی زۆری پێوەدیاربوو لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی: بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ لە کەشوهەوایەکی هێمن و ئارامدا هەر وەکو هەموو ساڵانی تر پیشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان سازکرا و لە فیستیڤاڵێکی زۆر قەشەنگ و خۆش سەرجەم قوتابخانەکانی سنووری قەزاکە بەکارو چالاکی جۆراوجۆر بەشداربوون، بەشدارییەکی زۆر بەرفراوانکرا کە دەتوانم بڵێم لە ساڵانی ڕابردوو بەرفراوانتربوو هیچ قوتابخانە و مامۆستایەك نەبوو بەشدار نەبێت، هەروەها ڕۆژی دواتر لە ناحیەی گەرمك هەمان فیستیڤاڵ بۆ قوتابخانەکانی سنووری ناحیەکە ئەنجام دەدرێت.

**گەرچی ئەمساڵ بوومەلەرزە ڕووی نەداوە، بەڵام پێویستیمان بەبنکەیەکی پێوانەی هێزی بوومەلەرزە لەناوچەکە هەیە**

یەکێك لەو ڕووداوە سروشتیانەی پێنجوێن پێوەی ناسراوە ڕوودانی بوومەلەرزەیە کە خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا ناوچەکەی نەگرتۆتەوە، چونکە شێوەی دروستکردنی خانووەکان کە لە زۆر گوندەکان و لە ناو سەنتەری شارەکەش هێشتا بەخانووی قوڕو بەرد دروست دەکرێت، ڕەزا محەمەد لەمبارەیەوە دەڵێت: خۆشبەختانە لەم ساڵدا بوومەلەرزە ڕووی نەداوە و ئێستاکەش شێوازی دیزاینی خانووەکان گۆڕدراوە، ئەو حاڵەتەی بوومەلەرزە لەساڵی ١٩٤٧ ڕوویداوەو زیانێکی گەورەی بەدانیشتوان و خانووبەرەکان گەیاند، لەو ماوە دوورو درێژەدا بەو شێوەیە بوومەلەرزە ڕووی نەداوە کە بەهێزو کاریگەر بێت و زیانی مرۆیی و ماددی لێبکەوێتەوە، ئەوەی جێی داخە بۆ زانینی ئاستی هێزی بوومەلەرزە هیچ بنکەیەکی تایبەت بەم حاڵەتە نییە ئەوەی هەمانە تەنیا بنکەیەکە لە ناو فەرمانگەی کشتوکاڵە بۆ زانینی ڕێژەی باران بارین و بەفر.

**بەهۆی وەرزی بارانبارین کارکردن لە پرۆژەی سەرەکی ڕێگای نێوان سەیدسادق- پێنجوێن دواکەوت**

وەکو دەزانین ڕێگاوبان لەهەموو شار و شارۆچکە و سنوورێك زۆر گرنگە و هۆکاری سەرەکی ئاوەدانکردنە و بەرەوپێشەوەچوونی ناوچەکەیە، ئەو پرۆژەی ڕێگا سەرەکییەی کە دێت بۆ پێنجوێن زۆر بەهێواشی کاری لەسەر دەکرێت و تەواوبوونی پرۆژەکە لە ماوەی دیاریکراوی خۆی دواکەوتووە، زۆر لە ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوورەکەش قیرتاونەکراوەو لەبارودۆخێکی خراپدان، لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی: لە پایزی ساڵی ڕابردوو ئەم پرۆژەیە دەستی پێکردووە، هەڵبەتە ئەم پرۆژەیە نۆژەنکردنەوەی ڕێگای سەرەکی نێوان سەید سادق - پێنجوێنە کە قۆناغی یەکەم بڕی حەوت ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە ڕێگای نێوان سەید سادق – نالپارێز دەگرێتەوە، بەڵام بە هۆی وەرزی بارانبارین کاری تێدا وەستا بوو، چونکە ڕێژەی بارانبارینی ئەم سنووورە یەکجار زۆرە، ئەمساڵ تا ئێستاکە ٨٥٧ ملم باران لە سنووری قەزای پێنجوێن باریوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆژەی ڕێگاوبان هەیە و هەر ئەمەشە پرۆژەکەی دواخستووە دەنا هیچ هۆکارێکی تر نابینین و پێشبینی دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتووش باران ببارێت، بەڵام ئێستا کار لە پرۆژەکە دەستی پێکردۆتەوە، ئەو بەشەی کە ئێستا کاری تێدا دەکرێت لە سەرەتای مانگی تەمووزی ئەمساڵ کاریان تێدا تەواو دەبێت، ئەو بەشەی نالپاریز – پێنجوێن کە دەمێنێتەوە هەرچەندە ڕێگاکەی زۆر خراپ نییە، بەڵام ئەمساڵ بودجەی پێویستی بۆ تەرخانکراوە کە زیاتر لە دە ملیار دینارە، هاوکات ئەمساڵ دیزاینی جووت سایدی سەید سادق – پێنجوێن

لە بەرنامەدایە، بەرنامەی حکومەت ئاوایە کە تەواوی جووت سایدی سلێمانی– پێنجوێن ئەنجام بدات و ئێستا ڕێگای نێوان عەربەت – سەید سادق کاری تێدا دەکرێت تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە دەسکەوتێکی زۆر گرنگ دەبێت بۆ خەڵکی سنوورەکە بۆ حکومەتی کوردستانیش، چونکە مەرزێکی گرنگی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سنوورەکە ئەویش مەرزی باشماخە دەتوانم بڵێم بە تەواو بوونی پرۆژەی ڕێگاوبانەکان برەوێکی زۆر بە ئابووری و جوولەی بازرگانی سنوورەکە و کوردستان دەدات.

## بۆ زانینی ئاستی هێزی بوومەلەرزە هیچ بنکەیەکی تایبەت بەم حاڵەتە نییە ئەوەی هەمانە تەنیا بنکەیەکە لە ناو فەرمانگەی کشتوکاڵە بۆ زانینی ڕێژەی باران بارین و بەفر

هەروەها بۆناو سەنتەری شارۆچکەکە ژمارەیەکی زۆر شەقام و کۆڵانەکان قیرتاو و کۆنکریت کراوە و بۆ ئەوانەی ماوە بەرنامە و پلانمان داناوە، جووت سایدی سەنتەری شارەکەمان زۆر جوان و هاوچەرخانە بەرفراوان کردووە، بەڵام توڕی ڕێگاوبانی گوندەکان بەگشتی خراپە و قیرتاو نەکراوە، تەنیا هەندێکیان ڕێکخراون بەگرێدەر و شۆفڵ و هەندیکیش چەوڕێژ کراوە.

وەکو دەزانین ڕێژەی بەفرکەوتن و بارانبارین لەم سنووە زۆرە و بودجەیەکی واش لەبەر دەستی یەکە ئیداریەکە نییە، لە لایەکی تر ئەو دەسەڵاتە ئیداری و دارایەی بڕیار بوو بۆ یەکە ئیداریەکان دابەزێت بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە بە وتەی زۆربەی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی کە سەردانمان کردوون، ئایا لەکاتی لافاو یان هەر ڕووداوێکی تری سرووشتی چۆن بەرەنگاری دەبنەوە یان چۆن دەتوانن هاوکاری لێقەوماوەکان بکەن، لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی: بۆ ئەم ڕووداوانە بودجەی حاڵەتی نایاسایی هەیە کە لە لایەن پارێزگای سلێمانیەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە حاڵەتی کتوپڕ تەرخان دەکرێت، هەروەها لەکاتی بەفربارینی زۆر لەلایەن تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەوە شەقام و ڕێگاوبانەکان پاك دەکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵك و بازرگانان لە هاتوچۆکردن پەکیان نەکەوێت، بەڵام لەبارەی دابەزاندنی دەسەڵاتەکان ئەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو دەسەڵاتانەمان بۆدابەزیووە، گەرچی تا ئیستا بودجەی لەگەڵ نییە و بڕیارە کە ئەمساڵ بودجە پەسند بکرێت بەشی ئێمەش لە بودجە تەرخان بکرێت لە هەموو گرنگتر لەگەڵ دابەزاندنی دەسەڵاتی دارایی دەبێ یەکەیەکی ژمێریاریمان بۆ دابمەزرێت، چونکە یەکەی ژمێریاری کاریگەری و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم کێشەیەش لەسنووری هەموو پارێزگاکانی کوردستان هەیە، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە بە مسۆگەری کاریگەری خراپی لەسەر ئیش و کار و پرۆژەکان دەبێت و پرۆژەکان دوا دەکەون، ئەمەش کاریگەری لەسەر شارۆچکەکە و سنوورەکە بەتایبەتی لەسەر پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دەبێت.

### تەنیا لە ١٥٪ ی کێڵگەکانی مین لە دەڤەرەکە پاك کراوەتەوە

لەسەردەمی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی لە سەردەمی بەعس و شەڕی نێوان عێراق و ئێران ژمارەیەکی زۆر مین لە سنوورەکانی کوردستان چێنرا و یەکێك لەو شوێنانەی کە زۆرترین ڕێژەی مینی لێ چاندراوە سنووری قەزای پێنجوێنە، ئایا ژمارەی کێڵگە مینەکان دەزانن چەندە و تا چ ئاستێك ناوچەکە لە مین پاك کراوەتەوە، ئایا ژمارەی قوربانیانی مین زۆرە؟ لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی:

بەدڵنیاییەوە یەکێك لە گرفتەکانی سنوورەکە بوونی ژمارەیەکی زۆری کێڵگەی مینە، چونکە ئەم سنوورە ناوجەرگەی ڕووبەڕووبوونە و شەڕی نێوان ئێران و عێراق بووە لە ماوەی هەشت ساڵدا، لە دوای ڕاپەڕین و ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە ناحکومی و نێونەتەوەیی و ناوخۆ تا ئیستا بەردەوامن لە پرۆسەی پاك کردنەوەی سنوورەکە لە مین لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ تا ئیستا حکومەتی هەرێم کاری باشی لەم بوارە ئەنجامداوە، ئەم پرۆسەیەش زۆر لەسەرخۆیە لەبەر ئەوەی سروشتی کارەکە بەم جۆرەیە، تا ئیستا دەتوانین بڵێین تەنیا لە ١٥٪ ی کێڵگەکانی مین لە دەڤەرەکە پاك کراوەتەوە و لە ٨٥٪ ماوە پاك بکرێتەوە، بێگومان ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێویستە تا دەتوانرێت هە ر هەموو ناوچەکە لە مین پاك بکرێتەوە، چونکە قەبارەی کارەکە و ئەم کارەساتە یەکجار گەورەیە. بێگومان قوربانیەکانی مین لە سنوورەکەمان زۆرە و بە بەردەوامیش قوربانی لێدەکەوێتەوە. کێڵگە مینەکان کاریگەریان لەسەر ئاوەدانکردنەوەی پێنجوێن هەیە،گوند هەیە ئاوەدان نەکراوەتەوە هەر لەبەر مین و ئەمساڵ نزیکەی حەوت ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی ترەوە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ناوچەی سنوورییە ماوە ماوە دەکەونە بەر تۆپبارانەوە و پێنجوێنیش سنوورەکی دوور و درێژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئایا ئەم تۆپبارانە سنووری قەزای پێنجوێن دەگرێتەوە؟ لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوێن وتی: لە هەموو ئەو ماوەی کە میدیاکان باسی تۆپبارانی سنوورەکان دەکەن و تا ئیستا سنووری پێنجوێنی نەگرتۆتەوە، بەڵکو تۆپبارانەکە زیاتر سنووری قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران و چۆمانی گرتۆتەوە.

### لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی هاوین مەترسی ئاگرکەوتنەوە لە پێنجوێن دەکرێت

لەبەر ئەوەی ناوچەی پێنجوێن کەوتۆتە ناوچەکی شاخاوی و دارستانەوە بۆیە ناوبەناو مەترسی ئاگرکەوتنەوەی لێدەکرێت بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، کە لە چەند ساڵی ڕابردوو ئاگرێکی زۆر لەو دیو سنووری ئێرانەوە بەرەو هەرێمی کوردستان هات، لەمبارەیەوە قایمقامی پێنجوێن دەڵێت: ساڵی ڕابردوو بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر پێنجوێن ئاگرکەوتنەوەی کەمتری تێدا بوو، بەشێك لە سەرچاوەی ئاگرکەوتنەوەکانی پێنجوێن لە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاتووە، کاتێك سەربازەکانی ئێران لە چواردەوری مۆڵگەکانیان ئاگریان کردۆتەوە یا بەهۆی تەقینەوەی مین بووە، ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە ئامێرەکانی ئاگرکوژانەوەمان نییە گەرچی دوو بنکەی ئاگرکوژانەوەمان هەیە لە سەنتەرو مەرزی باشماخ، بەڵام ئوتۆمبێلەکانمان کەمە، بۆ هەردوو ناحیەی کرمك و ناڵپارێز لە ساڵی ڕابردوو داواکاریمان بەرزکردۆتەوە تاوەکو بنکەی بەرگری شارستانییان بۆ بکرێتەوە.

### نەبوونی ماستەر پلان و تاپۆی خانووەکان بەیەکێك لەگرفت و کێشەکانی هاوڵاتیان دادەنرێت

نەبوونی ماستەرپلان گرفت و کێشەی سەرجەم قەزاو ناحیەکانی کوردستانە، پێنجوێنیش یەکێکە لەو قەزایانەی کە خەڵکی خۆی هاتۆتەوە خانووی دروستکردووە، هەر بۆیە گرفتی گەورە بوونی شار دروست دەبێت، لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای پێنجوین وتی: ماستەر پلانی قەزای پێنجوێن تەواو بووە و تەنیا پەسەندکردنی ماوە، ئێستا کارەکان بەپێی ئەو ماستەر پلانە دەکەین و کاریگەری باشی لەسەر فراوانبوونی قەزاکە دەبێت، کێشەی سەرەکی ئێمە لەم شارۆچکەیە ئەوەیە ماوەی دابڕانی خەڵکەکە لە شارەکە لەساڵانی ١٩٨١ ەوە بووە تاوەکو ١٩٩١، هیچ خانوویەکیش تاپۆی نییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی لەسەر خەرجی خۆیان هاتوون و لەسەر کەلاوە کۆنەکە خانوویان دروستکردۆتەوە و شێوەی خانووەکانیش خەسڵەتێکی تەلارسازی ساڵانی شەست و حەفتاکانە، ئەمەش بێسەرووبەری پێوە دیارە، تاکو ئێستاش گرفتی تاپۆمان هەیەو ئومێد دەخوازم لەماوەیەکی نزیکدا بە بڕیارێکی ڕەسمی سەرجەم ئەم خانووانە تاپۆ بکرێن.

## دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری لەسەر شارۆچکەکە و سنوورەکە بەتایبەتی لەسەر پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دەبێت

### دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان گرفتی سەرەکی ناوچەکەیە

دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان تەوەرێکی گفتوگۆکانمان بوو لەگەڵ قایمقامی قەزای پێنجوێن دا لەم ڕووەوە وتی: ئەمساڵ بۆ دامەزراندن بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە کە بەمیکانیزمێکی نوێ خەڵك دادەمەزرێت، ئەمەش لە ڕێگای کێبڕکێوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنە لەسەرجەم پارێزگاکان پێکهاتووەو بەپێی فۆرمێکی تایبەت و بەدیاریکردنی میلاکاتی فەرمانگاکان ڕێژەی

دامەزراندنەکان بەمەدەنی و سەربازییەوە دەگاتە ٢٥ هەزار کەس و هەر پارێزگاو شارو شارۆچکەیەك بەپێی ژمارەی دانیشتووانی ڕێژەی دامەزراندنی بۆ دیاری کراوە کە دوای پەسەندکردنی بودجەو میلاکات، دواتر فۆرمی دامەزراندنەکە دابەش دەکرێت. لەو کاتەی فۆرم پڕ دەکرێتەوەو خەڵکی ئازادانە کێبڕکێ بۆ دامەزراندن دەکەن. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دەڤەرەکەمان پشتیان بەدامەزراندن بەستووەو بەشەکەی تریش سەرقاڵی کارو کاسبی و کاری کشتوکاڵی و بازرگانییەوە سەرقاڵن. کار و کاسبیەکانی سەرسنوور قاچاخ و نایاسایی نییە، بەڵام نێودەوڵەتی نییە، لەناوچەکە چەندین خاڵی سنووریمان هەیە لەوانە خاڵی سنووری باشماخ و سەیران بەگ و بایەڵان و. دەروازە سنوورییەکانی پێنجوێن گەرچی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام بازرگانی بچوکیان لێوە دەکرێت و ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان تێیدا سەرقاڵی کارکردنن، بنکەی گومرگی لە باشماخ و سەیران بەگ و وشیاری هەمانەو لەداخڵ بوونی بازگەی پێنجوێنیش بنکەیەکی گومرگی دانراوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاری بازرگانی و هێنان و بردنی کەلوپەل و کاڵاکان، کێشەی ئێمە لەوەدایە ڕێگاکان نارێکوپێکی پێوەدیارە، لە زۆربەی خاڵە سنوورییەکان بنکەی پۆلیس و پاسەوانی سنووری لێیە، بۆیە پێموایە ئێستاکە کۆنترۆڵی باشی حاڵەتەکە کراوە.

### هەندێك لە قوتابیانی گوندەکانی قەزای پێنجوێن لەناو بینایەی پلاستیکی دان

پرۆسەی خوێندن پەیوەندی بە پێشکەوتن و پەرەپێدانی کۆمەڵگا هەیە، بەڵام ئێستاکە چەند لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن سەرقاڵی دەستێوەردانن لەناو ئەم پرۆسەیەدا لەم ڕووەوە قایمقامی پێنجوێن ووتی: لە قەزای پێنجوێن تەنیا گرفتی دوو دەوامی ماوە، بەڵام سێ دەوامیمان نییە، لەناو سەنتەری قەزاکە کێشەی بینایەی قوتابخانەمان نییە و لە بەرنامەدایە ٢ خوێندنگای ١٨ پۆلی و یەکێکی ١٢ پۆلی لەناو قەزاکە دروست بکرێت، ئێستا قوتابخانەیەکی هاوچەرخ دروست دەکرێت. بەمشێوەیە ڕەنگە کێشەی میلاکاتمان لەناو قەزاکە نەبێت، بەڵام کێشەی پسپۆرایەتیمان هەیە بەتایبەت لەناحیەو گوندەکان.

کێشەی میلاکاتیش زیاتر بۆ هۆکاری دووری قەزاکە دەگەڕێتەوە، لە هەندێك لە گوندەکان کێشەی نەبوونی بینایەی خوێندنگا هەیە و لەناو خانووی ئامادەکراوی پلاستیکی دان هەر بۆیە پێویستە بەرنامە بۆ دروستکردنی ئەو بینایانە دابنرێت.

### پێنجوێنیەکان ئەمساڵ سنوورێك بۆ هێنانی بەرووبوومی تەماتەی ئێرانی دادەنێن

پێنجوێن لەرووی دارستان و میوەجات و تەماتەو بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەوە دەوڵەمەندە، ئەمەش بۆ پێکهاتەو جوگرافیای ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە ناوچەیەکی شاخاوی و کشتوکاڵییە، کەچی لەبازاڕەکەدا زیاتر گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەری میوەو بەرووبوومی ئێرانی بەرچاو دەکەوێت، لەمبارەوە قایمقامی قەزای پێنجوین ئەم حاڵەتەیان بۆ شکستی کەرتی کشتوکاڵ گەڕاندەوەو پێی وابوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئاوڕێك لە کەرتی کشتوکاڵ بدەنەوە، ئاوڕدانەوەش پێویستی بەبەرنامەو پلان هەیە، هەروەها وتی: ساڵی رابردوو بۆ ئەوەی بەرووبوومی جوتیاران ساغ بکرێتەوە بەتایبەتی تەماتە پەنامان بردە بەر ڕێگا داخستن بەرووی هێنانی بەرووووبوومی تەماتەی ئێرانی و ئەمساڵیش بەهەمان شێوە وا دەکەین، تەنانەت کرێی گواستنەوەی بەرووبوومەکەش دەدەین. من تێناگەم بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای وەزارەتی پیشەسازییەوە کارگەیەکی دۆشاوی تەماتە دانانێت تەنانەت لە دەشتی شارەزووریش بێت پێویستمان پێیەتی لەگەڵ دانانی کارگەیەکی دۆشاوی تەماتە ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستی کار لەکارگەکەو دەرەوەی کارگەکەش دەکەوێتە کارو کەرتی کشتوکاڵ دەبوژێتەوە.

ئەگەر وەزارەتی پەیوەندار کەڵکی ئابووری و پلان و بەرنامەی گونجاو دانێت ئەوسا دەتوانن هەنگاو بەرەو دروستکردنی پیشەسازی کشتوکاڵی هەنگاو بنێین.

ساڵی رابردوو لە رووی دۆزینەوەی هەلی کارەوە هەوڵی کردنەوەی ناوچەیەکی پیشەسازی هاوبەشماندا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، تەنانەت دەستەی وەبەرهێنانیش پرۆژەو کاری لەم ناوچەیە ئەنجام نەداوە و ئێمەش لە هەوڵەکانمان بەردەوامین.

لە ساڵی رابردوو نوسراومان بەرز کردەوە بۆ وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان تاوەکو لەگوندی کانی مانگا بەنداوێك دروست بکرێت کە شوێنێکی زۆر گونجاو و لەباری هەیە تاوەکو بەنداوێکی

## کێڵگە مینەکان کاریگەریان لەسەر ئاوەدانکردنەوەی پێنجوێن هەیە، گوند هەیە ئاوەدان نەکراوەتەوە هەر لەبەر مین

مامناوەندی لێ دابمەزرێت و ناوچەکە ببوژێنێتەوەو ببێتە سەرچاوەیەکی ئاو و بۆ گەشتوگوزاری و بەخێوکردنی ماسی و بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێوەربگرین، ئومێدەوارم حکومەتی هەرێمی کوردستان مشورێکی دروستکردنی ئەو بەنداوە بخوات.

### بە سیستەمە کۆنەکەو بەئامێری زۆر ئاسایی و سەرەتایی ناو شارەکان پاك دەکرێتەوەو خۆرزگارکردنەکەش تەقلیدییە

کۆکردنەوەو خۆرزگارکردنی زبڵ و خاشاك بەیەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی هەیە، تاکو ئێستا کارێکی جددی نەکراوە بۆ ئەوەی لە قەزاو ناحیەکان کار بکرێت بۆ خۆرزگارکردن لە زبڵ و خاشاك سەبارەت بەزبڵ و خاشاك و چۆنیەتی خۆرزگارکردن لەم کێشەیە قایمقامی قەزای پێنجوێن گووتی: ئەمساڵ وەزارەتی شارەوانی بەرنامەو پلانی دانا بۆ شار و شارۆچکەکان تاوەکو پاکردنەوەی شارەکان و قەزاکان بدرێتە کۆمپانیای تایبەتمەند، هەروەها کارگەی ریسایکلینیش دابمەزرێت، بەڵام ئێستاکە بەسیستەمە کۆنەکەو بەئامێری زۆر ئاسایی و سەرەتایی ناو شارەکان پاك دەکرێتەوەو خۆرزگارکردنەکەش تەقلیدییە. بڕیارە هەڵەبجە و سەیدسادق و پێنجوێن یەك کارگەی ریسایکلینی بۆ دابنرێت و شوێنەکەش لە سنووری سەیدسادقەو هەموو کۆمپانیاکانی پاك کردنەوەو کارگەکەی ریسایکلین لەلایەن شارەوانی قەزاکان چاودێری وورد دەکرێن بۆ ئەوەی میکانیزمی کارەکان بە ڕێکوپێکی و زانستی پەیڕەو بچن.

ئەم پرۆژەیە تاکو ئێستا دەستی پێنەکردووەو، چونکە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوەو ئەمەش بەستراوەتەوە بەپەسەندکردنی بودجە.

### ئاوی ژێرزەوی پێنجوێن زۆر نزیکە لە ئاوی سەرزەوی

گرفتی خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە بەیەکێك لەو گرفتە سەرەکی و راستەوخۆیانە دادەنرێت کەسەرجەم قەزاو ناحیەکان گیرۆدەی بوون، سەبارەت بەپرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لەسنووری قەزای پێنجوێن رەزا محەمەد قایمقامی قەزاکە رەتی کردەوە کە قەزاکەیان ئەم گرفتەی هەبێت، چونکە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەبیری ئاوخواردنەوە هەیە، تەنیا یەك گەڕەگ کە گەڕەکی نوێیەو تازە دابەشکراوە بەتەواوەتی خانووی تێدا دروست نەکراوە تۆڕی ئاوی خواردنەوەیان نییەو پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ ئەو گەڕەکەش ئەنجام دەدەین، ساڵی رابردوو تا ئێستا ٨ بیری قوڵی ئاوی خواردنەوە لێدراو بەسترایەوە بەتۆڕی سەرەکی ئاوخواردنەوەی ناو سەنتەری شارەکەوە، ئاوی ژێرزەوی پێنجوێن زۆر نزیکە لە سەرزەوی بۆیە پێویست بە پرۆژەی ستراتیژی ناکات، چونکە بیرەکانمان بەدرێژایی ساڵ ئاوی لێنابڕێت و بیری ئاو هەیە ٩٥ مەترمان لێداوەو ٩٢ مەتری ئاوە، هەروەها لەبواری ئاوەڕۆدا ئێستا پرۆژەیەکمان لەژێر جێبەجێکردندایە بەتەواوبوونی ئەو پرۆژەیە گرفتی ئاوەڕۆمان لەهەموو سەنتەری قەزا و گەڕەکەکان نامێنێت، چونکە ئێستا ٨٠٪ی گەڕەکەکان ئاوەڕۆیان هەیە.

ئێمە بەدواداچوون بۆ هەموو پرۆژەکان دەکەین و ئەندازیاری تایبەتی بۆ دادەنێین و لەهەر پرۆژەیەك گرفت و کێشە هەبێت رووبەرووی دەبینەوەو چارەسەری بە پەلەی بۆ دەکەین، بەمەش ڕێژەی تێکچوون و کەموکوڕی پرۆژەکان زۆر کەم بوونەتەوە بەتایبەت دوای ئەوەی ئێمە وەکو قایمقامیەت ئەنداممان لە وەرگرتنی پرۆژەکان هەیە بە وەرگرتنی یەکەم و کۆتایی، بگرە ساڵێکیش بۆ چاك کردنەوە و چاودێری پرۆژەکە دادەنرێت. گەرچی لێپێچینەوە لە سەرپێچی کۆمپانیاکان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەڵام راپۆرت و گلەیی و رەخنەکانمان لەبەرچاو دەگیرێن و تا ئێستا لەسنووری قەزاکە چەندین کۆمپانیا خراونەتە لیستی رەشەوە.

### لە پێنجوێن تەنیا یەك پزیشکی نەشتەرگەری هەیە

لە کەرتی تەندروستی یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە پزیشکی پسپۆرو شارەزا بەتایبەت پزیشکی پسپۆری ئافرەت نییە، تەنانەت سیستەمی بنکەی تەندروستی گوندەکان کەموکوڕی تێدایە، سەبارەت بەم گرفتە قایمقامی پێنجوێن ووتی: بێگومان ئێمە کێشەی

پزیشکی پسپۆرمان هەیە بەتایبەتی ئێستا تەنیا یەك پزیشکی نەشتەرگەریمان هەیە، پزیشکی ئافرەتمان هەیە و نەخۆشخانەیەکی ٥٠ قەرەوێڵەیی و بنکەیەکی تەندروستیمان هەیە، هەروەها لە زۆربەی گوندەکانیش بنکەی تەندروستیمان هەیە، بەڵام گرفتی کارمەند و کۆنی سیستەمی بنکە تەندروستیەکانمان هەیە کە بۆ ئەمە سەردەمە شیاو نییە، تەنانەت هەندێك بنکەی تەندروستیمان هەیە لە گوندەکان داخراوە لەبەر نەبوونی کارمەندی تەندروستی.

ئەو بنکە تەندروستییانەی لە گوندەکان هەیە تەنیا بۆ هەندێك فریاگوزاری سەرەتایی سوودی لێوەردەگیرێت، بۆ زامداربوون،پێوەدانی مار یا دووپشك، کەوتنە خوارەوە، زۆر نەخۆشمان هەیە کە باری تەندروستی ئاڵۆزە پێویستە نەخۆشەکە بنێردرێتە شاری سلێمانی، چونکە گرفتی ئامێری پزیشکی و نەبوونی کارمەندی پسپۆر لەو بوارەدا گرفتێکی گەورەیە.

سەبارەت بەخزمەتگوزاری کارەباش قایمقامی پێنجوێن گوتی نەبوونی ئوتۆمبێلی سەلەی کارەبا یەکێکە لەو گرفتانەی کە داوامانکردووە بۆمانی دابین بکرێت، کێشەی کارەبامان لەناو سەنتەری پێنجوێن نییەو بڕە کارەبایەکی باش و بۆ ماوەیەکی باش کارەبامان هەیە، گەرچی بە موەلیدە کارەبامان بۆ زۆر لەو گوندانە راکێشاوە، بەڵام پێویستیمان بە وێستگەی تر گۆڕینی کارەبایە، داواکاریشم پێنجوێن بە تۆڕی نیشتمانی کارەبای کوردستان ببەسترێتەوە بۆ ئەوەی سوود لەو سەرچاوەو بڕە کارەبایە وەربگرین کە ئێستاکە هەیە.

## تا ئێستا دەستەی وەبەرهێنان تەنانەت یەك پرۆژەی لە پێنجوێن ئەنجام نەداوە

خراپی رێگاوبان و بوونی کێڵگەی مین و دووری ناوچەکە وایکردووە ژمارەیەکی زۆر کەم لەگەشتیاران روو لەو ناوچەیە بکەن هەر بۆیە لە گفتوگۆکەکماندا لەگەڵ رەزا محەمەد تەئکیدی لەسەر تەرخانکردنی بودجەیەکی زیاتر کردەوە بۆ چاك کرنی ڕێگاوبانەکان و دروستکردنی رێگای دوو سایت و هەڵگرتنەوەی مین هەروەها ئاماژەی بە ژمارەیەك شوێنی گەشتیاری گرنگ کرد کە تاکو ئێستا هیچ پرۆژەیەکی لێدروست نەکراوە لەم بارەیەشەوە وتی: بەلکیان و چەمی گوڵێ کە پێی دەڵێن قەیتەرانەکە و چەمی ناڵپارێز و شوێنەواری قەڵای کچێ ئەم شوێنە گەشتیاری و شوێنەوارانە گرنگی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا لە هەر شوێنێکی پێنجوێن لابدەی شوێنی گەشتوگوزارە، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەکی گشتی گەشتیاری و کەرتی گەشتوگوزار فەرامۆش کراوەو تا ئێستا دەستەی وەبەرهێنان تەنانەت یەك پرۆژەی لە پێنجوێن ئەنجام نەداوە، کەوا پێویست بوو رەچاوی وێرانکردن و بار و بژێوی و ژمارەی دانیشتوانەکەی بکرایەو چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون ئەنجام بدرایە، چونکە دروستکردنی پرۆژە لێرە زیاتری تێدەچێت و تۆپۆگرافیای ناوچەکەش خەرجیەکەی زیاتر دەگات و دووری پێنچوێنیش لە شوێنی هێنانی کەرەستەی بیناسازییەوە خەرجی زیاتری لە سەر پرۆژەکان لێ دەکەوێتەوە.







